کوردایەتی واتا حزبایەتی

# حــزب ئاوا بێت
# تا حزبئاوا بێت

دەربارەی ڕێکخستنی دەروون حزبی

نووسینی:

**ستران عەبدوڵلا**

زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە / ٦ ی تەمووزی ٢٠٢٦

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

کوردایەتی واتا حزبایەتی

# حـزب ئاوا بێت
# تا حزبئاوا بێت

دەربارەی ڕێکخستنی دەروون حزبی

نووسینی:
**ستران عەبدوڵڵا**

-ناوی نامیلکە: کوردایەتی واتا حزبایەتی -**حزب ئاوا بێت تا حزبئاوا بێت** - دەربارەی ڕێکخستنی دەروون حزبی
- نووسینی: ستران عەبدوڵڵا
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2026

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کوردایەتی واتا حزبایەتی

# حــزب ئاوا بێت
# تا حزبئاوا بێت

دەربارەی ڕێکخستنی دەروون حزبی

كوردایەتی واتا حزبایەتی

# حزب ئاوا بێت

# تا حزبئاوا بێت

دەربارەی ڕێکخستنی دەروون حزبی

ستران عەبدوڵڵا

## پێشکەشە بە:

* پێناوانی وردەکاری حزبایەتی قەدیم

مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا، مامۆستا عولەما (زەبیحی)

***

* بە تێکۆشەرانی دوا کۆشش

- م. محسن عەلی ئەکبەر

- ئاسۆ شێخ نوری

- محەمەد مەنگوڕی

# ناوەڕۆک


| بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ................................................................................ | ١١ |
| فەسڵی یەکەم: دەربارەی مەرجەکانی ئەندامییەتی و خەسڵەتەکانی ئەندام ................................................................................ | ١٩ |
| فەسڵی دووەم: ململانێی نەوەکان ، ململانێی تایبەت و گشتی ... | ٣٨ |
| فەسڵی سێیەم: داکۆکی لە حزب ........................................... | ٤٧ |
| فەسڵی: چوارەم :ئۆرگانی یەکەم، یان کۆمیتەی نموونەیی ............ | ٥٦ |
| فەسڵی پێنجەم: خەبات یان سیاسەت .................................... | ٦٨ |
| فەسڵی شەشەم: هۆشیاری و ڕۆشنبیریی حزبی ......................... | ٧٣ |
| فەسڵی حەوتەم: خەباتی هەمەلایەنە بژاردەی ستاتیژی نەگۆڕ و تا سەر ................................................................................ | ٨٣ |
| فەسڵی هەشتەم: حزبایەتی گواستنەوەیەکی جەوهەرییە لە کوردەواریدا ................................................................................ | ٩١ |
| فەسڵی نۆیەم: ڕەخنەی حزبی و ڕەهەندەکانی ......................... | ١٠١ |
| فەسڵی دەیەم: بەشداری ژنان لە کایەی حزبدا ........................... | ١٠٥ |
| فەسڵی یازدەیەم: ئەندامی تازەو ئەندامی دێرین ........................ | ١٠٩ |
| فەسڵی دوانزەیەم: سێ بیرۆکەی ڕێکخراوەیی ............................ | ١١٦ |
| فەسڵی سیانزەیەم: پەراوێز بۆ تێگەیشتن لە سەرەتای گرفتی ڕێکخراوەیی ................................................................................ | ١٢٣ |

## پێشەکی

ڕێکخستنی دەروون حزبی بنەمای سەرەکییە بۆ بەهێزبوونی حزب و هاتنەکایەی باسکێکی تۆکمە و پتەوی خەباتی سیاسی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. ناچینە سەر بایەخی حزبی سیاسی وەک یەکەیەکی سەرەکی بزووتنەوەکە. بگرە بزووتنەوەکەمان خۆی هەر دەبێ بریتیی بێت لە حزبەکە. کە جووڵایەوە وەک ئەوەیە بزووتنەوەکە بە هێز و پتەو دەبێت و قۆناغێک کوردایەتی و سیاسەت ئەچێتە پێشەوە.

ئەوە ڕاستە ئەسڵ لە حزبایەتی، ئەسڵ لە بزووتنەوەکە و کوردایەتی ڕووی لە دەرەوەیە، ڕووی لە کۆمەڵگەی کوردەواری و لە ئەویتری حکومەتەکان و دەسەڵاتە مافخۆرەکانی بێگانەیە، بەڵام هەر تەنها حزبی پتەو، باسکی بەهێزی ڕێکخستنی سیاسی دەتوانێت ڕوو لە دەرەوە ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات و کوردایەتی پایەدارتر بکات تا دەگاتە دوا مەنزڵی مافی چارەنووس.

### کەواتا سەرەتاکەی وایە:

ڕێکخستنی پتەو بنەمای ژیانی ڕێکخراویی و دەروون حزبییە. هەر ئەرکێکی ڕێکخراوەیی بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی حزب و بەهێزکردنی باسکی ڕێکخستنی سیاسی دەکرێت، ڕێک یەکسانە بە کوردایەتی کردن و لە قاودانی نەیارانی بزووتنەوەکەمان.

لەبەر ئەوەیە ئەو گوتەزایە ڕاستە و هیچ موبالەغەیەکی تیا نییە کە وەختێک هەڤاڵێک، تێکۆشەرێک، خەریکی کاری حزبییە و کۆششی لەسەر یەک دەکات بۆ کۆبوونەوە و کۆمۆن و ئابوونە و ڕاپۆرتی حزبی، دەڵێ: خەریکی کوردایەتی و سیاسەت و تێکۆشانم. وردەکاری حزبی خۆی لە خۆیدا تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانییە و سەرەنجام ئەجری کوردایەتی لەسەرە.

ئەم زنجیرە نووسینە لە سەر کاروباری حزبی و ڕێکخراوەیی، لەسەر ئۆرگان و کۆمیتە و لیژنەی هتد ... ئەگەرچی وەک نووسینی حزبی ڕووت و موجەڕەد دەردەکەوێت، بەڵام ئیدعا دەکات کە مەبەستی خەمێکی کوردایەتی و خولیایەکی سیاسی ناو هەناوی بزووتنەوە سیاسییەکەمانە. هەر کوردایەتی کوردستان ڕزگار دەکات و کوردستانییەکان دەکاتە خاوەنی نیشتمانی خۆیان و سەروەر لەناویدا. کوردایەتی هەر بە ڕێکخراو و هەیکەل و دەزگایەکی پتەوی بیروکراتی، بەڵێ بیروکراتی، دەکرێت.

باسکی بەهێزی کوردایەتی، کە حزبایەتییە، بە تەندروستی باش و لەشساغییەوە دەکرێت.

لەم زنجیرە نووسینەدا، مەبەستم نییە قاڵبووەکانی حزبایەتی و ڕێکخستن و قوربانیدەرانی خوێن و فرمێسک بکەمە خوێندکاری گوێڕایەڵ و ئەوەیان پێ بڵێم کە عادەتەن مامۆستاکان بە شاگردەکانی دەڵێن. بەڵکو مەبەست ئەوەیە بە چاوی دەرەوەی ڕێکخستن و ڕێکخراوەییەوە دیاردەکان و دەردەکان هەڵبسەنگێنێت و لەگەڵیشیدا ئەو مژدە و ئەو

داخوازییە دەربېڕێت کە:

هەڤاڵان! فەرموون وەکو جاران ئیدارەی کوردایەتی بەدەستەوە بگرن و گاپە گەورەکەی نێوان حزبایەتی و کۆمەڵ، کوردایەتی و کوردەواری پڕبکەنەوە و ئەم خەباتە سیاسییەی خوێنتان بۆ داوە، شەهیدتان پێ بەخشیوە و بە هەر هۆکارێکەوە بێت لێی داېڕاون و لێی نامۆکراون، ئەبدەیتی بکەنەوە، چونکە لە دەرەوەی حزبایەتی هەرچی سیاسەت هەیە ماڵە باجێنەیە و کۆشکی لمە.

ئەمێستا کە جووڵەی چۆنایەتی کەوتۆتەوە ناو ئۆرگان و دامەزراوەکان، ئەم نووسینانە چاوێکی ترە بۆ بینین.[1]

١- بۆ ئەوەی زنجیرە نووسینەکە بە دەقی خۆیانەوە، کە لە کوردستانی نوێ بڵاوبوونەتەوە، بگوازرێتەوە بۆ کتێب، هەرچی خستنەسەر یان تێبینی هەبوون کە دواتر لە ئەنجامی گفتوگۆی نووسینەکە لەگەڵ هەڤاڵان و خوێنەران هاتنە کایەوە، خرانە پەراوێزەوە.

# فەسڵی یەکەم

## دەربارەی مەرجەکانی ئەندامێتی و خەسڵەتەکانی ئەندام

**(١)**

مەرجەکانی ئەندامێتی لە هەر حزبێک و ئۆرگانێکی سیاسیدا ستوونێکی پتەوی ئەرکی حزبایەتییە. ئەندامی کارا و چـالاک و بە توانای حزب دەتوانێ زۆر کـەموکـوڕی حزبی بشارێتەوە و سواقی بدات، ببێتە ئیلهام بەخش بۆ هەڤاڵەکانیشی، کارێک بکات بەرپرسی ئۆرگان و دیدەوانی ئەدای حزبایەتی (چاودێران و ئۆفیسەکانی چاودێری) توانا و لێوەشاوەیی حزبی وەک نموونەی بەرجەستە، بیخاتە بەردەم هەڤاڵەکانی، وەک ماپێکی مرۆیی خاڵە باش و بەهێزەکانی و دیارە خاڵە لاوازەکانی کەوای کردووە لەو باشە باشتر نەبێ کە تێیدایەتی، نیشان بدات، دەکرێ بەم جۆرە کادیرە هەڵکەوتووە بگوترێ سوپەر هەڤاڵ. وەک سوپەرمان و سوپەرهومان، کە دەتوانێ کەموکوڕی ئۆرگان و دیاریشە لەگەڵیا کەموکوڕی هەڤاڵانی تر کە شەهید شازاد صائب ناوی (گوڵئەندام)ی لێ نابوون، بشارێتەوە، لەجێی ئەوان لە گەمەی لیاقەی حزبیدا

پاس بدا، گۆڵ پێکبێنێ و گۆڵ بکات، وابێ کە لە باخچەی ئۆرگاندا گوڵئەندام زۆر بێت و ئەندامی کارا و گۆڵکار سوپەر و قەڵغان بن لە یارییەکەدا.

بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت ئەسڵ لە حزبایەتی هەڤاڵێتی و کاری جەماعییە. ئۆرگان وەک تیپی یاری کاری جەماعییە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاری حەریفی کڕین و فرۆشتنی یاریزان نییە، تیپی حەریفی فوتباڵ نییە کە بە پارە و دەوڵەمەندی سەرمایەگوزار یاریزان و گۆڵکەری تر بکڕێت کە بردنەوەی ئەمجارە و بردنەوەکانی داهاتووی بۆ پێک بێنێت و مسۆگەر بکات، حزبایەتی وەکو کاری تیم و پێکەوەییە، بڕێکی زۆری پرەنسیب و بیروباوەڕیشی تێدایە کە تێیدا تەنها پارە و توانا یەکلاکەرەوە نین، کاری جەماعی حزبی پێکەوەییەکی ئارەزوومەندانەیە نەک کاری کڕین و فرۆشتن و بازاڕسازی.

**(٢)**

بەڵام ئەندامی بەتوانا و باش و چالاک و ئەوی دەشێ پێی بگوترێ کادیری تەواو (سوپەر هەڤاڵ) کە وتمان دەتوانێ کەموکوڕی سواق بدات، لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی خەمساردی و پشتێن خاوکردنەوە و پشتلێکردنەوەی هەڤاڵ و ئۆرگانی نموونە. ئەمە بنەمایەکی سۆسیۆلۆژییە کە هەر دیاردەیەک دوو دیوی هەیە، دیوی خراپی کادیری نموونەیی باش و چالاکیش کە کەموکوڕی ئۆرگان دادەپۆشێ، ئەم

گرفتە دێنێ کە سەرکەوتنێکی خەڵەتێنەرە ڕێگە لە چارەسەری بنەڕەتی کەموکوڕی دەگرێ، توانستی دەستە جەمعی هەڤاڵانە بەنج دەکات، دیاردەی خراپ لەگەڵ خۆی دەهێنێ کە جگە لە پەکخستنی ئۆرگان کارێك دەکات:

**یەکەم**: گوڵئەندامەکان تەمبەڵ و تەوەزەل ببن و پاڵی لێ بدەنەوە، هەر خەریکی زەم و زەمکاریی بن، یان ئیرەیی خراپ بە هەڤاڵی نموونەیی ببەن و بیر لە شکاندن و پاشقول لێگرتنی بکەنەوە، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر دەرەقەتی نەیەن و پێیان نەشکێ و نەبەزێ بیر لە ئیستیغلال کردن و چەوساندنەوەی بکەنەوە، وەک فەرمانبەری ڕەنجکێشی چیرۆکی نیکۆلای گۆگۆڵ (پاڵتۆکەم) ماندوو بێت و باری بکەن بە هەموو ئەرکەکانی خۆیان. ئەمەش لە حاڵێکدا ئەگەر هەڤاڵە نموونەیەکە وا هەڵکەوتبێ ناونیشانە حزبییەکەی لەگەڵ بەرزیی تواناکانی نەگونجێ و ئەوان بە ناونیشانی بەرزتر سزای بدەن، گەمارۆی بدەن، ئەرکی خۆشیانی پێ بار بکەن و هیلاکی بکەن.

**دووەم**: یان پێچەوانەشی هەر ڕاستە: تواناکانی هەڤاڵی نموونەیی هانی بوغرایی و باغری و لووتبەرزی بدات، بوغرا بێت بەرامبەر هەڤاڵەکانی، بەهۆی توانا و ژیری زاتی خۆیەوە بە هیچیان نەزانێ و تەمبەڵی ئەوان بکاتە ئامێر و دەسکەلای کۆکردنەوەی لایەنگیر و گروپ گروپێنە لەناو ئۆرگاندا. ئەمە وەک جۆرێک لە توانای شەڕەنگێزی و ژیری خراپ بەکارهێنانی لێ دێت، واتا هەڤاڵی زیرەک دەبێتە بەڵا و هەڤاڵانی تەمبەڵیش

لە دوو حاڵدا دەبنە بەڵا: حاڵەتی خراپ بەکارهێنان و خراپی بەکارهێنراوی کە ئەمە ئۆرگان و دامەزراوە دەشەمزێنێ و لەبەریەک هەڵیدەوەشێنێتەوە.

**(٣)**

## چارەی ئەم دەردە چییە؟

دیارە چارەی ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ هەڤاڵێتی و پێکەوەیی و تەواوکاریی لە ئۆرگاندا. بازدانە لە قۆناغی (هەڤاڵی نموونەییەوە) بۆ (ئۆرگانی نموونەیی) لە حزبی مۆدێرندا. چونکە ئۆرگانی نموونەیی حزبی ئۆرگانێکی هاوچەرخە و هەموو پێکەوە تەواوکاری یەکتری دەبن، بە شێوەیەک شانە و بەش لێک جیا نین، پێچەوانەی زەمانی دەرەبەگایەتی کە هەر دەڤەرێک دەرەبەگی لە ئاستی جیاجیای توانا و گەشەکردن دەبێت، ئۆرگانی نموونەیی وەک دامەزراوەی هاوچەرخی نێتۆرکی پێکەوە گرێدراو، بە پێکەوەیی و تەواوکاری کادیری نموونەیی ڕایی دەبێت.

دەشێ لێرەدا خەسڵەتەکانی هەڤاڵ، یان کادیری نموونەیی بکەین بە دوو بەشەوە:

- خەسڵەتە داواکراوەکان (بە گوێرەی پەیڕەو و سیستمی ناوخۆیی حزبەکە)
- خەسڵەتە سەربار و خۆڕسکەکان

خەسڵەتە داواکراوەکان: ئەوانەن کە یاسای حزبایەتی، پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەکان، یان هەندێک جاریش نەریتی باو و چەسپاوی کەلتوری حزبی دیاریکراو، بەتایبەتی ئەمە بۆ حزبە خاوەن مێژووی دوور و درێژەکان کە لە ڕەوتی خۆیاندا دەبنە خاوەنی کەلتوری حزبی و نموونەی ئەزموونی باسکراو و مایەی کەڵک لێوەرگرتن.

(٤)

**یەکەم**: ئەندامی ئابوونەبەخش کە ئابوونەدان بابەتێکی گرنگە لە ئاستی ڕەمزییەوە تا ئاستی هاوکاری فیعلی و پارەدارکردنی کار و پڕۆژەکانی ئۆرگان. ئابوونەی ئەندامێتی بابەتێکی مۆراڵی پابەندێتی حزبییە کە بەداخەوە هەندێک حزب لە قۆناغی بەشداری لە حوکمڕانی، یان پەیداکردنی توانا لە پڕۆژەی هەمەجۆر، ئەم باسە بە گرنگ وەرناگرێ کە ئەم باسە لەسەر نووسینی تایبەتی دەوێ و لێرە لە باسەکە دوورمان دەخاتەوە ... دەشێ لێرە هەر ئەوەندە بڵێین هیچ حزبێک تا سەر لە حوکم نابێ و بۆ هاتنەوە سەرکار و تێهەڵچوونەوە و بردنەوەی جارێکی تری حوکمڕانی پێویستی بە پرەنسیبی ئابوونە وەرگرتنەوە، دەبێتەوە.

**دووەم**: نهێنی پارێز بێت و هیچ لە حزبەکەش نەشارێتەوە. زۆرجار ئەم نهێنی پارێزییە تەنها وەک پرسێکی ئەمنی و تەناهی سەیر دەکرێت. وەک بڵێی حزب شتی خراپی هەبێت و دەبێت

ئەندام بیپارێزێت و بۆ کەسی نەدرکێنێت. لە ڕاستیدا نهێنی پارێزی زیاتر مەبەست لێی ئاشکرا نەکردنی کۆدی کارکردنی حزبی و بڵاونەکردنەوەی خاڵی بەهێز و لاوازی ئەدای حزبی یان نەریتە بەهێزەکانی ئەو حزبەیە، بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردن و ململانێی حزبیدا نابێ ئەندامی حزب و هەڤاڵە دەربەستەکانی پلان و بەرنامەی هەڵبژاردن، یاخود کات و شوێنی، یان دروشم و لۆگۆ و بەرنامە لە ناکاوەکانی ئاشکرا بکەن. هەندێکجار کەسانێک خۆیان بە میعلان و زیرەک دەزانن کەچی پێش وەخت پێشبینی ئامار و ژمارەی کورسی حزبەکەیان بڵاودەکەنەوە. بەمەش بەناوی ڕاستی و وردەکاری و هەڵسەنگاندنەوە ئاڕاستەی مۆڕاڵی کاری حزبەکە لە هەستیارترین کاتدا ئاشکرا دەکەن و خزمەتێکی بەلاش و حەلاش پێشکەشی ڕکابەرەکانی دەکەن.

یان دەبینی هەڤاڵ هەن بۆ نیشاندانی ژیری و توانای خۆیان لە هەڵسەنگاندن و گوایە ڕاستگۆیی لە گوزارشتدا راپۆرت و هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی حزب ئاشکرا دەکەن و بە بیانووی شەفافیەت و ڕاستگۆیی و چی و چییەوە کێشە دەنێنەوە. وەک پاڵەوانی خۆپەرست بە خۆیان نازانن یان هەندێک جاریش بە ئەنقەست زیان بە حزب دەگەیەنن بۆ چەپڵەی کاتیی جەماوەری دەرەوەی حزب و نەیارانی حزب و ڕکابەرەکانی دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەن. لە کاتێکدا ململانێی هەڵبژاردن وەک هەر شەڕێک گەرەکە فێڵ و هێرشی لە ناکاو

و تاکتیکی نوێباوی تیا بێت. بەو ئیعتیبارەی (شەڕ واتا فرت و فێڵ).

سەبارەت بە شاردنەوەی زانیاری و نهێنی لە حزبیش، دیسانەوە گەرەکە ئەندامی حزب بەو پێدراوانەی لایەتی یان دەستی دەکەوێت یارمەتی حزب بدات باشترین بڕیار و هەڵسەنگاندن بکات و دەربەستی هوشیارانەی خۆی لەم بارەیەوە بنوێنێ.

**سێیەم:** ئەندامی یەکێک لە ئۆرگانەکانی حزب بێت، ئۆرگانێتی لە حزب زۆر مانا هەڵدەگرێت. بۆ نموونە:

١- ئەندامی دامەزراوەیەکی ڕاستەوخۆی ئۆرگانە حەریفەکانی حزبەکە بێت. کەرت و کۆمیتە، مەڵبەند و هتد...

٢- ئەندامی ئۆرگانێکی پیشەیی یان دیموکراتیی حزبەکە بێت، بە مەرجێک ئەو ئۆرگانە پیشەییە ڕاستەوخۆ بە حزبی بناسرێت و خۆشیان بە ئەندامی حزب و ئۆرگانی حزب بناسێنن. ئەم ئۆرگانە ساف حزبییە جیاوازە لە ئەندامێتی ڕێکخراوە پیشەییە بەرەییەکان.

٣- ئەندامی فراکسیۆنی حزبەکە بێت لە پەرلەمان، لە شارەوانییەکان، یان ئەندام بێت لە حکومەتە لۆکاڵی و نیشتمانییەکان. بە پلە و ناونیشانی دیاریکراو، بە مەرجێ حزبەکە خۆی ئۆرگانێکی تایبەتی بۆ فراکسیۆنەکە دیاری کردبێت و لە ڕووی حزبییەوە ڕێکیخستبن.

**چوارەم:** لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، هەر هەڵبژاردنێک بۆ پەرلەمان، بۆ شارەوانییەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و

جەماوەرییەکان، بەشدار بێت لە کامپینی حزبەکەی، پێیەوە هیلاک بێت، دەنگی پێ بدا و دەنگی بۆ کۆبکاتەوە.

**پێنجەم**: لە کۆڕ و کۆمەڵی گشتی و تایبەتدا داکۆکی لە سیاسەتی ڕەسمی حزب و نوێنەرە جیاجیاکانی بکات، بەرپەرچی پڕوپاگەندە و بوختانەکانی دژی حزبەکە بداتەوە و سیاسەتی گفتوگۆ و پێسەلماندن لەگەڵ ڕەخنە ئیجابییەکاندا پەیڕەو بکات.

**شەشەم**: لە کاتی شێنەیشدا دیسان داکۆکی لە سیاسەتی گشتی حزبەکە بکات و بە چالاکییەکانیشی بەشدار بێت لە داڕشتنی ئەو سیاسەتە. بە جۆرێک هەست بکات ڕۆڵی هەیە لە ڕەسمی سیاسەتەکە و لە ڕووی نەفسی و لێوەشاوەیی حزبیشەوە باشتر و چاکتر بۆ جەماوەری ڕوون بکاتەوە.

**حەوتەم**: لە خەباتی حزبی و چالاکی ڕێکخراوەیی خۆیدا ئەندام و لایەنگیر و دۆست بۆ حزبەکە پەیدا بکات. بە گوێرەی نەریت و بنەماکانی حزب لە وەرگرتن و ڕێکخستنی ئەندامدا ڕێکیان بخات و پێوەر و ڕێوشوێنی حزبی ئەوتۆ بناسێ کە چالاکی ئەندام پەیداکردنی ڕوون بێت، خۆی و بازنەی سنووری ئۆرگانەکەی ئەم چالاکی ئەندام وەرگرتن و پەیداکردنە بکەنە بەشێک لە چالاکی بەردەوامی حزبایەتی پێی بگەشێنەوە، لە کاتی سەرکەوتن و بە گوێرەی (سزا و پاداشت) خاڵ و نوختەیان بۆ حیساب و لەسەر حیساب بکرێت.

**هەشتەم:** یەکێتی ریزەکانی حزب بپارێزێت و پتەوی بکات. ڕەخنە و سەرنج و گلەییەکانی لە ناو ئۆرگانەکانی خۆیدا دەربڕێ و ئازایانە و بە جورئەتەوە داکۆکی لە ڕوانگەی خۆی بکات. دوای پێسەلماندن یان رمێن پەیداکردن بۆ بیروبۆچوونەکانی و کردنی بە بەشێک لە ڕوانگەی حزب، داکۆکی لێ بکات. هەروەها ڕوانگەی دروستی هەڤاڵەکانی یان زۆرینەی حزب پەسەند بکات و وەک بیروباوەڕی خۆی داکۆکی لێ بکات.

**نۆیەم:** بە گوێرەی نەریت و ڕێوشوێنەکانی حزب لە پێگەیاندنی هۆشیاریی کادر و تێکۆشەری ڕیزەکانی خۆی، ئەندام ئاستی هۆشیاری، سیاسی، نیشتمانی و نەتەوەیی بەرز بکاتەوە و ئەوی فێری دەبێ و پێی دەگات وەک زەکات پێشکەشی هەڤاڵەکانی بکاتەوە، لە خولەکانی پێگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوە هۆشیارییەکانی ئۆرگانی حزبدا ئەم هۆشیارییە بخاتە کار. بۆ خۆی و بۆ هەڤاڵەکانی و حزبەکەشی بەکاری بێنێتەوە.

## (٥)
## خەسڵەتە سەربار و خۆڕسکەکان:

دەکرێ لێرەدا باسی خەسڵەتە تایبەتییەکانی هەر هەڤاڵێک بکەین و لە قۆناغی مەرجەکانی ئەندامێتییەوە بۆ خەسڵەتەکانی تایبەتمەند بچین.

بێگومان خەسڵەتەکانی کادیری هەر حزبێک، دەبێ وا جیاواز بێت، کە لە دوورەوە پێی بناسرێتەوە و لە حزبەکانی تر جیا بکرێتەوە. مەگەر لە ئامانج و خەم و خولیا گشتییەکاندا نەبێت. وەک حەسەن زیرەک لە گۆرانی میللیدا دەڵێت: (ئاشقان لە دووڕا دیارن، ڕەنگیان زەردە و لێو بە بارن). دەبێ ئەندامی چالاکی حزب گەش و ڕووناک و لە دوورەوە بدرەوشێنەوە.

بێگومان لە مێژووی حزبایەتی و ڕەوتی ئەدەبیاتەکانیدا، چ هی کوردستانی و چ هی سەرتاسەری، خەسڵەتەکانی ئەندام لە قۆناغی خەباتی نهێنی و ژێرزەمینی، یاخود قۆناغی خەباتی چەکداری جیاواز دەبێت لە خەسڵەتەکانی خەباتی شار و خەباتی ناو پرۆسەی دیموکراسی و تەنانەت نیمچە دیموکراسی و کرانەوەی قۆناغ بە قۆناغدا.

ئەمانە چەند خاڵێکن:

**یەکەم**: هەموو کات و ڕەنجی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی و هەموو دنیابینی خۆی بۆ سەرخستنی بەرنامەی حزب تەرخان بکات و باوەڕی بە بەرنامەی دڵخواز و بڕیارلێدراوی خۆی هەبێت بە حزبەکە و بە کردار جێبەجێ بکات.

**دووەم:** ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە ئاڕاستەکردن و هاندانی حزب بۆ گرتنەبەری سیاسەتی سەرکەوتوو لە پێناو سەرکەوتنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە دونیابینی حزبەکەیەوە.

**سێیەم:** گیانی هەڤاڵێتی و برایەتی لە ناوخۆی حزب و گیانی نیشتمانپەروەری و دیموکراتی لەناو کۆمەڵ و وڵات ڕەچاو بکات و پەرەی پێبدات.

**چوارەم:** ڕێبازی فیکری حزب سەربخات و پەرەی پێبدات.. نەریتی نەگۆڕی وەفاداری بە پرەنسیبەکانی حزب پێشبخات و ئەو ڕێبازە دەوڵەمەند بکات و بە گوێرەی توانا و جووڵەی حزبی و خەباتی ڕێکخراوەیی بەشی خۆی بخاتە سەر خەرمانی ئەو ڕێبازەوە.[٢]

**پێنجەم:** ڕۆڵی ئیجابی لە بڵاوکردنەوەی بەها و نەریتە ناسراوە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی حزب بگێڕێ و لە ڕێی

---

٢ - هەڤاڵ و کادیری چالاک و ڕەسەن دەتوانێت خەسڵەتی تایبەتی خۆی بخاتە ناو کەلتووری حزبەکەوە.

ڕووداوی حزبی مێژوویی گەورە و خاوەن دیسپلین کە نەریت و بەهای ڕەسەن و ڕەگداکوتاوی خۆی هەیە کە لەم ڕووەوە لە هیچی کەم نییە، بەڵام هەڤاڵ و کادیری چالاک دەتوانێت ئیزافەی خۆی بخاتە سەر خەرمانی کەلتوری حزبەکەی. تاقیکردنەوەی حزبایەتی لە کوردستان ئەمەی نیشانداوە، بۆ نموونە مام جەلال ڕەگ و ڕەنگی خۆی خستەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و دوایش باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیش. هەروەها شەهید ئارام، نەوشیروان مستەفا و هتد.. ڕەگ و ڕەنگی خۆیان خستەسەر ڕەوتی ئیشکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئیتر بەم شێوەیە.

لە گەرمەی دەسەڵات و هەیمەنەی مەلا مستەفای بارزانی لەناو پارتی و بزووتنەوەی کورددا مەرحوم ساڵح حەیدەری لە بیرەوەرییەکانیدا کە نووسەری ئەم باسە دەستنووسە ئەسڵییەکەی لە ماڵی مامۆستا حەیدەری بینیوە، باسی ئەوە دەکات ئەو کاتانەی مام جەلال لەناو وڵات و چالاکی حزبیدا بووە، پارتی دەبووە ئاگرێک لە چالاکی و چوستی نواندن.

ئۆرگانەکەیەوە بەشدار بێت لە کردنی ئەو بەهایانە بە بەهای گشتی (نیشتمانی و نەتەوەیی) دانپیانراو و سەرخراو، بۆ ئەوەی شێوازی نوێ و پەسەندکراو و سەرنجراکێش بۆ ئەو ناساندن و خستنەڕوویە پەیدا بکات، لە پێشدا لەناو حزب و دواییش لەناو کۆمەڵ و وڵاتدا.

**شەشەم**: ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە ناساندن و خستنەڕووی ڕەوتی تێکۆشانی حزب، مێژووی قوربانیدانی سەرکردە و هەڤاڵەکانی لە درێژایی بزووتنەوەی کوردایەتیدا.

**حەوتەم**: لە بازنە و سنووری چالاکی خۆی کار لەگەڵ هەڤاڵەکانی، لە ئۆرگان و (بە گوێرەی سیاسەتی گشتی حزبیش، لەگەڵ ئەندامانی حزبە دۆست و هاوپەیمانەکان)، بکات. لەو بابەتانەی خزمەتی گشتین. بە پاراستنی مۆرک و تایبەتمەندی ئەندامی حزبەوە.

گرنگە هەمیشە بە ژیری و نەرمە سیاسەتەوە لەو چالاکییە هاوبەشانەشدا مۆرکی حزب بپارێزێت. بە جۆرێک، بێ بێزارکردنی هاوپەیمانەکانی، تاڵەدەزووی ئەو سیاسەتە بدۆزێتەوە.

بە ژیری و سەلیقە و ئەزموونەوە نەیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بنەمای نەیارێتی بەرامبەرەکەی تێبگات و بیناسێ و بە سیاسەتی نەرم و بە ئاگاییەوە بەرپەرچیان بداتەوە.

**هەشتەم**: لە مینبەرەکانی ڕاگەیاندن و سەکۆکانی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مینبەرە گشتییەکانی کۆڕ و کۆمەڵی دیموکراتی وڵات بەشدار بێت و بە جوانترین و ڕەوانترین شێوە گوزارشت لە بیروڕای حزبەکە و هی خۆشی بکات، کە ئیلتزامی حزبی ڕاستەقینە و کارای هەر ئەندامێک

زۆر کەم جیاوازی دەکات لەنێوان گشتی و زاتی. بیروڕای گشتی حزب و بیروڕای تایبەتی هەر هەڤاڵێك وایە کە زۆر نزیک بێت لە یەکەوە.

**نۆیەم**: خەسڵەتە ئاکاری و ڕەوشتییەکانی بۆ پرەنسیبی ژیانی گشتی و ژیانی سیاسی و هەروەها بۆ ناوبانگ و خۆشناوی هەڤاڵ و حزبەکەی پێویستن لە خۆیدا بەرجەستە بکات. ئەوەی کە هەڤاڵ مام جەلال بەم سێ دالە کوردانوویەتی (دەم و دەست و داوێن پاک بێت). ئەم خەسڵەتە ئاکارییانە جگە لەوەی بۆ تێکۆشەری کوردایەتی و دیموکراتی پێویستن، دەبێ هەر هەڤاڵێک لە زاتی خۆشیدا پەرەی پێ بدا و پەروەردەی بکات. تا خۆی و حزبەکەی لەناو کۆمەڵ و وڵاتدا وەک خاوەن پرەنسیب و دەروێش ڕەفتار و بە ئەدەب و ئەخلاق بناسرێن. لە دوورەوە بۆنی عەتری سیاسی خۆی و حزبەکەی خۆش و پەخش و پەرێشان بێت.[٣]

٣ - ئەگەرچی وەک تەفگەری نەتەوەیی و حزبی کوردستانی ئێمە زۆرجار ڕەخنە لە حزبی شیوعی عیراق و حزبی تودەی ئیرانی و حزبە سەرتاسەرییەکانی تورکیا و سوریا دەگرین، لەبەر فەرامۆشی و نەیارێتیان لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەیی و کوردایەتیدا، بەڵام لە بواری خوێندنگەی پێگەیاندنی کادیر و ئاکاری پەروەردەی حزبیدا زۆر نموونەی جوان و ناوازە لە ئەزموونی واندا هەیە. بە تایبەتی لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەزموونی حزبایەتی چەپ لە وڵاتێکی وەکو عیراق کادیر و هاوڕێی شیوعی لە باشووری عیراق و دەڤەری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیدا، بە نهێنی و بە ئاشکرا، ئەوەندە تێکەڵی کۆمەڵگە و چینی خوارەوەی وەرزێر و کرێکاران و نەدار دەبوون کە ئاکار و ناوبانگیان لەناو کۆمەڵدا نموونەیی بوو. بۆیە حکومەتی پادشایی نوری سەعید و دامەزراوەکانی پڕوپاگەندەی ئینگلیز بە بەرنامە ئیشیان لەسەر ناوزڕاندنی کادیرانی وان دەکرد. مەبەست لێرە داکۆکی لە شیوعییەکان نییە کە خۆیان دەتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن، بەڵکو باسکردنی ئەزموونەکەیانە کە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە هێندە سەرکەوتوو بوو ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ناچاری شەڕی تایبەت دەبوون لە دژیان. ئەم نموونەیە لە هی حزبی تودەی ئیرانیشدا هەبوو بەجۆرێک دەزگای ساواک بەرنامەی تایبەتی بۆ پڕوپاگەندە و لێدانی ناوبانگی چەپەکان هەبوو. بۆ وەبیرهێنانەوەش ئەوکات دۆسێی حزبایەتی حزبە

**دەیەم:** لە وێستگەی نوێنەرایەتی حزب لە دامەزراوە فەرمییەکانی وەکو حکومەت، شارەوانییەکان و پەرلەمانەکان ناوبانگ و ڕۆڵی حزب پایەدار و بەهێز بکات. وێڕای جێبەجێکردنی ئەرکی ڕەسمی سەر شانی و لە بیری بێت کە ئەو وەکو ئەندامێکی حـزب دوای ماوەی نوێنەراتییەکـەی ئەگـەر بێتەوە بۆ ناو ئەرکی حزبایەتی، پێویستە و دەبێت بەشی ئەوەی خەزین و پاشکەوت و دەرامەتی مەعنەوی هەبێت، کە پێی سەربەرز بێت و مایەی مەعنەوی داهاتووی خزمەت بێت.[4]

---

کوردییەکانیـش بەشـێک بـوو لـە دۆسـێی چەپـەکان لـە بەرەنگاربوونـەوە و ناوزڕاندنـدا، واتـا ئەمـە هەڵمەتێکـی دێرینەیـە لـە جوگرافیـای ڕۆژهەڵاتـدا لـە سـوکایەتی کـردن بـە حزبایەتی و تێکۆشەری حزبیدا.

٤- -ئەدەبیاتـی حزبـە چـەپ و شۆڕشـگێڕەکان، جگـە لـە پەیـڕەوی ناوخـۆ، جۆرێـک لـە پەیـمان و ئاکاریـان بـە نووسـین دەنووسـی بـۆ ئـەوەی کادیـرەکان، بـە تایبەتـی لـە قۆناغـی شـۆڕش و خەباتـی چەکداریـدا، پێـوەی پابەنـد بـن. کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان نامیلکەی(ڕەوشـتی هاوڕێـی کۆمەڵـە)ی پەسـەند کردبـوو بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە و ئەندامـی کۆمەڵـە، کـە دیـارە ئەندامـی یەکێتیشـە، لەگـەڵ خۆیـان هەڵیبگرن و کاری پـێ بکـەن. سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو حزبـی شـیوعی عیراقیـش کۆمەڵێـک ڕێنمایـی دەرکردبـوو بـۆ ئەنـدام و پیشـمەرگەکانی بـە ناونیشـانی (ڕاسـپاردەی حـزب بـۆ ئەندامەکانـی) کـە ئەویـش کۆمەڵێـک بڕیـاری مۆڕالـی بـوو. عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان سـەرۆکی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیش لـە کتێبـی پرسـی کەسـایەتی لـە کوردسـتان کۆمەڵێـک بنەمـای بـۆ ڕەوشـت و خەسـڵەتی ئەندامـی حـزب نووسـیبوو کـە بـۆ ڕەوشـی زەبروزەنگـی شۆڕشـگێڕی و دژە شۆڕشـی ئـەو کاتـەی باکـووی کوردسـتان ڕۆڵـی هەبـوو.

هـەر بـۆ نموونـەی بەراوردکاریـش ئەدەبیاتـی چەنـد حزبێکـی دێریـن و بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکانی دونیـا گـەڕام، ئەوانیـش ڕاسـپاردە و پەیامـی خۆیـان بـۆ ڕەفتـاری کادیـران نووسـیوە. بـە داخـەوە حزبـە هاوچەرخـەکان بـە بیانـووی مۆدێـرن و تـازەوە کەمترین شتیان لەم بارەیەوە نووسیووە، بۆیە نموونەی چەپەکانم ئاماژە پێدا.

## خەسڵەتی شەخسی (خودی)

١ - ڕەفتار جوان و نەرم و نیان، ڕێڕەو ئاوەدان واتا شێوازی ئیشکردنی وا بووژاوە و ئاوەدان بێت، هەڤاڵی تر لێوەی فێر بێت و بزانێت ڕێگاکە کوێر نەکاتەوە، بە جۆرێک کەس لە دوای ئەو هیچ نەزانێ و فێر نەبێت

٢ - بە زمانی گوڵ و (بالتي هي احسن) گفتوگۆ و دیالۆگ بکات. پشت بەخۆبەستوو و حەریف بێت، لە ناساندنی کۆمەڵەکەی، گیانی نوکتە و قسەی خۆشی تیا بێت. وەک مام جەلال خۆشمەشرەب و ئاوەدان بێت. بیری هاوچەرخی حزبایەتی تێکەڵ بە پەند و ئیدیۆمی کوردەواری بکات. کادێری سیاسی هاوچەرخ دەبێ وەک مەلای گوند خوێندەوار و ڕێنوێن. لەپەنا پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی حزب نوسخەیەکی هەشت بەرگەکەی (ڕشتەی مرواری) مامۆستا عەلاددین سوجادی لابێت، ئیشی پێ دەبێت و دەبێ پەراوێز و حاشیەی نوێی لەسەر بنووسێت.

٣ - ئازا و ئازاد بێت، ژیر و زیرەک، ڕاستگۆ و ئەمین و دەستپاک بێت، بەغیرەت بێت و خۆپەرست نەبێ. برایەتی و هاوبەشێتی و جددی بوون و یەکسانیخواز بێت. حورمەتی ژنی لابێت و هەڤاڵی ژن لە حزبەکەی بە هاوڕێ و هاوخەباتی هاوشان بناسێت.

٤ - باوەڕی خەڵک بەگشتی و خەڵکی سنووری چالاکی خۆی بەدەست بێنێت و خۆشەویست بێت لە لایان، پشتی پێ ببەستن

و متمانەیان بەدەست بێنێت. هەڤاڵێتی لەگەڵ هەڤاڵەکانی بکات و بایەخیان پێبدات، وەفادار بێت بە هەڤاڵەکانی و بە حزبەکەی[5]

5- هەندێک خەسڵەتی تر بە گوێرەی تێبینی هەڤالان .[6]

٥- لەسـەر مۆدێلـی قەناعـەت پێکـردن و پێشـکەش کردنـی بیرۆکـە تایبەتـەکان، بـە بیرۆکـەی گشـتی و هـی هەموانـەوە، نموونەیەکـی سـەرنج ڕاکێشـی شـاعیر و تێکۆشـەری نـاودار نـازم حیکمـەت هەیـە کـە لێـرە دەیگێڕمـەوە، چونکـە خزمەتـی نموونـەی کردنـی بیرۆکـەی شەخسـی بـە بیرۆکـەی گشـتی دەکات:

عابدیـن دینـۆ هونەرمەنـد و تابلۆکێشـێکی نـاوداری تورکیـا بـوو کـە سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە زینـدان ڕەفیقـی شـاعیر و خەباتگێـڕ نـازم حیکمـەت بوو..تێکۆشـەر و هونەرمەنـد دینـۆ دەڵـێ: کـە لـە زینـدان گفتوگـۆی بەردەوامـمان دەکـرد لەگـەڵ نازمـدا زۆرجـار بـە ناسـکی و هێمنـی خـۆی شـتی زۆر فێـر دەکردیـن، ئەوەنـدە بیرۆکـە و ئەندێشـەی جـوان و پێشـکەوتنخوازی پـێ دەدایـن کـە زوو باوەڕمـان پێـی دەکـرد و جێبەجێـمان دەکـرد. چونکـە نـازم خـۆ بەزلـزان و لوتبـەرز نەبـوو، وەکـو هـاوڕێ و بـرادەر، نـەک وەکـو مامۆسـتا و پایەبـەرز، دیالۆگـی لەگـەڵ دەکردیـن. زۆرجـار دوای شرۆڤـەی بیرۆکەکـەی بـۆ هاندانـی زیاترمـان دەیگـوت: هـاوڕێ ئـەم بیرۆکانەمـان چۆنـە؟ یـان ئـەم بیرۆکـەی کـە پێکـەوە بیرمـان لـێ کردۆتـەوە بۆچـی جێگیـری نەکەیـن و ئیشـی پـێ نەکەیـن؟ دینـۆ دەڵـێ بیرۆکـەکان هـی خـۆی بـوون، بـەڵام بـۆ هانـدان و تەشـویق لـە بابـی مافی خۆیـەوە دەیهێنایـە بابـی خاوەندارێتـی گشـتییەوە بـۆ ئـەوەی بـە تەوازوعـەوە بیرۆکەکانـی بـکات بـە موڵکـی گشـتی، نـەک شەخسـی، بـەوەش ئێمـەش بـە سـینگ فراوانییـەوە پەسـەندمان دەکرد.(بڕوانـە کتێبـی نـازم حیکمـەت، الشـعر، المـراة الحيـاة... حنامینـا).

٦- هەندێـک خەسـڵەتی تـر بـە گوێـرەی تێبینـی و گفتوگـۆ لەگـەڵ هەڤـاڵان وا بـە جیـا وەکو پاشکۆ دایان دەنێم.

# پاشکۆ

## هەندێک خەسڵەتی تری کادیر

- ڕەخنەی بە ئەدەب و بە ئەخلاق بێت. ڕەخنەکانی بە ڕاشکاوی بێت، بەڵام بریندارکەر نەبێت، بیروڕای کراوە بێت.

- لە کاتی تەنگژەدا داکۆکی لە کەسایەتی و کەرامەتی خۆی و هاوڕێکانی بکات بۆ ئەوەی ببێتە نموونەی تاقیکردنەوەی کاری دەستە جەمعی لەناوخۆی حزب و لەناو کۆمەڵ و لە کاتی بەریەککەوتنی لەگەڵ دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەکانی دژی کورددا.

- کادیر مافی دەنگدان و بەشداری هەیە لە هەموو دەستەکانی حزبدا لە کۆنفرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردنە ناوخۆیی و گشتییەکاندا.

- مافی سکاڵا و ڕەخنەی هەیە، بەڵام ئەم ڕەخنانە بە زنجیرەی لێپرسراوێتیدا تێپەڕ دەبێت.

- بە بەرنامە کار بکات نەک هەڕەمەکی.

- لێکۆڵینەوە دەکات و ورد دەبێتەوە.

- ناسنامەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی و حزبەکەی لەبیر ناکات، بۆ ئەوەی هەر لە دوورەوە لەوانی تر جیا بێت، بە نەرمی جیابێتەوە لە حزبەکانی تر کە لە هەندێک ئامانجدا هاوخەباتن.

- دوانەی (ترسنۆک نەبێ و هەڵەشەیی ڕەتبکاتەوە) لە خۆیدا بەرجەستە بکات. واتا نە خۆی بدزێتەوە لە ئەرک و نە هەڵەشە و توند بێت کە زیان بگەیەنێ بە حزبەکە لەناو کۆمەڵدا.

- فەرامۆشکار و لوتبەرز و فشەکەر و خۆدەرخەر نەبێت.واتا ئیهمال و لە هەمان کاتدا خۆسەپێن نەبێت.

- دەست پاک و ڕەفتار جددی بێت و بە بێدەنگی و ورد و شێنەیی کار بکات تا پرۆژەکانی گەلاڵە دەبێت.

- نموونەی ئەخلاق و ناوبانگی کۆمەڵایەتی بێت کە ڕێگا بۆ کاریگەری لەسەر جەماوەر خۆش دەکات.

- ئەم خەسڵەتە حزبیانە خۆڕسک و خوداکرد نین، بەڵکو هەڤالان بە پەروەردە فێری دەبن. پەروەردەی دوور مەودا و ستراتیجی.

- قبووڵکردنی ڕەخنە و بۆچوونی جیاواز بۆ وەرزشی فیکری و سیاسیی، لەهەمان کاتدا گەورە نەکردنی ڕەخنەکان و کۆنترۆڵ کردنی لەچوارچێوەی حزبەکەدا.

- دژی لێکترازان و جیابوونەوە بێت لە حزب و بۆ پێکەوە کارکردن هەوڵ بدات.

- دوورکەوتنەوە لەسەر حوکمی پێشوەختە لەسەر هەر هەڤاڵ و کێشەیەک بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکەی بابەتی بێت.

- پەرەپێدانی توانای شیکردنەوە و شرۆڤەی ڕووداوەکان بە پێی زانیاری و داتا و لەبەر ڕۆشنایی بەهاکانی حزب بێت، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە بڕیاری دروستی حزب بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە.

- تێکەڵبوون لەگەڵ جەماوەر و فێرکردن و لێوە فێربوونی بە پێی تیۆری (ماسی و ئاوەکە).
- ڕێزگرتن لە بەهای کۆمەڵایەتی و عورفی میللی وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕینی ئەو عورف و بەها کۆمەڵایەتیانە.
- ئاکاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و حزبی ئەوەندە گرنگە ئەمڕۆ بۆتە کێشەیەکی گەورە .. کە دەبێ چارەسەر بکرێت تاوەکو ماستاوکردن و ملکەچی و خۆگونجاندنی بێ بنەماو بێ باوەڕ لە ئۆرگانی حزبدا جێی نەبێتەوە. نابێ وەلائی تاکە کەسی و ئاینی و ناوچەیی زاڵ بێت لە ئاکاری کادیردا.
- مەیلی سەر شۆڕی و خۆ شرینکردن بۆ سەرەوە و لوتبەرزی و خۆبەزلزانین لەگەڵ ئۆرگانی خوارەوە، نەبێتە باو و کادیری بە ئوسوڵی حزبی دژی ئەم دیاردانە بێت.

# فەسڵی دووەم

## ململانێی نەوەکان
## ململانێی تایبەت و گشتی

### (١)
### ململانێی نەوەکان لە حزبدا

ئەم باسە پەیوەستە بە جەدەلی حزبییەوە، کە چارەسەرەکەی هەر ئەوەیە لە جەدەلی واقیعدا بۆی بگەڕێین و دابینی بکەین.

هەر حزبێکی سیاسی مت و مات و مەنگ کە تووشی ئەم دیاردەیە دەبێت، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکات، لە جێی ئەوەی چارەسەرێکی زووبەزووی بۆ بدۆزێتەوە، گەرەکە ڕەگی ئەم مات و مت و مەنگییە دەستنیشان بکرێت.

پێش هەموو شتێک دەبێ بزانرێت ململانێی نێوان نەوەکان جیاوازە لە ململانێی نێوان دێرین و نوێیەکان. حزب لە دەستپێکەوە نەوەی جیاجیای تیایە، هەتا وەکو ئەگەر (سفر پێشبڕکێ) بێت و ڕۆژی دامەزراندنی بێت، چونکە هەموو ئەندامەکان وانابن کە لە یەک ئاستی تەمەن و ئەزموونی ژیاندا بن، تەنانەت ئەگەر هەموو نەوەکان

پێکەوە فریای ئەندامێتی کەوتبن، بەڵام ململانێی دێرین و نوێ کەمێک جیاوازە، دێرین ئەو نەوەیە، یان ئەو چەندە نەوەیەیە، کە ڕەنجێکی قووڵی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی (بەنیسبەت کوردستانیشەوە و پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکداری) هەیە، ئەزموون و قاڵبوونێکە لەناو حزب، نەک هەر ژیان و پێشینەی تێکۆشانی نیشتمانی فراوان، ئەزموونێکە بۆ شێوازەکانی کاری ڕێکخراوەیی و نەریتی حزبایەتی بۆ حزبێکی دیاری کراو، ئەزموونێکە وەک یادەوەری حزب و خەزینی مۆزەخانەیی حزبەکە، کە تازەکان پێویستیان پێیەتی و دەبێ تازەیی خۆیانی پێ مۆتۆربە بکەن، بۆ ئەوەی کاروانەکە بێ پچڕان و کەرت کردن و لادانی کاتی و دوورمەودا بەردەوامی هەبێت.

دێرینەکان جگە لەوەی ئەزموونن بۆ کاری حزبایەتی ڕاست و دروست و جگە لەوەی بۆ نەریتی بێ پچڕانی پێویستن، دەبێ هەوێنی نوێبوونەوەش بن.

دیارە هەموو دێرینەکان ئەو بەشانە لە خەسڵەتەکانی خۆیان دەپارێزن و درێژەی پێدەدەن کە ئەزموونن، یادەوەری و بەردەوامێتی حزبن، بەڵام کێشمەکێش لە بژاردەی هەوێنی داهاتوودایە، ڕوودەدات هەموو دێرینێک ئیرادەی ئەوەی نەبێ، یان کۆدی ئەو نوێبوونەوەیە نەدۆزێتەوە، یان ڕێوشوێنەکانی دۆزینەوەی نوێبوونەوەی ڕەسەنایەتی حزب بێ کەموکوڕی نەبن و دڵنیا کەرەوە نەبن، دەستەیەک، با زۆر کەمیش بن، لە دێرینەکان لەم ئاستەدا گرفتار دەبن وەک چۆن دەستەیەک لە نوێخوازەکان هەڵپەیانە یاخود پەتی پەیوەندی بە دێرینەکان شارەزا نین، کە

ئەوەش یەکەم تاقیکردنەوەیانە لەگەڵ شیاوی و لیاقەتی هەڤاڵێتی و لێهاتوویی نوێبوونەوە. ساتەوەختی بەرکەوتن لە نێوان دێرین و نوێ، کە زبر و گرژ دەبێت، ساتەوەختی دینامیکییەتی ئازایەتی و لێهاتوویی ئۆرگانی حزب نییە.

دێرینەکان قوربانی زۆر و زەوەندیان بۆ خەباتی حزب و کوردایەتی حزب و پێشکەوتنی مەسەلەی نەتەوایەتی، بە گوێرەی ڕوانگە و ڕێبازی حزب، داوە و بەشی ئەوەش لێبوردەیی و قوربانیدانی ئەوەیان تێدایە، ڕێگە بۆ نوێکان تەخت و خۆش بکەن و ئەمەش بخەنە ناو تۆماری دوورودرێژی خەباتیان، بەڵام بێگومان هەقیشیانە بزانن ئەم سەرمایە مەعنەوییەی ڕابردوو و بگرە ئەو سبەینێ و داهاتووەی هێشتا نەهاتووە، تەسلیمی کێی دەکەن؟

نیشانەکانی مژدەبەریی نوێکان لەم ساتەوەختەدا چۆنە، تا ئەوان (واتا هەڤاڵە دێرینەکان) بێن و کلیلی ڕەنجی داهاتوو تەسلیمی دەستە پاکەکانی هەڤاڵە نوێیەکان بکەن؟

بەڵێ ڕاستە گۆڕانی بابەتی کە فاکتەری دەرەوەی حزبن و سوننەتی ژیان ئەم ئاڵوگۆڕە فەرز دەکات و حزبیش، وەک دیاردەیەکی ناو کۆمەڵ، بۆ مانەوە و گەشەی خۆی و داهاتووی بزووتنەوەکەش دەبێ بەرخوردی ئەرێنی لەگەڵدا هەبێت، بەڵام ئەمە سوننەتی ژیانە بۆ ئەوەی بە تەندروستییەکی باشەوە بێتە ناو جەستەی حزبەوە، دەبێ سوننەتی حزبایەتییەکی زیندوو، میکانیزمێکی کارا و نەرم و نیانی تێدا جێبەجێ بکرێت، لێرەوەیە ڕەسەنایەتی و میکانیزمی حزب

دەوری کارامە دەگێڕێت.

حزب لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا چەند جار گۆڕانکاریی کردووە و جوابی پرسیارەکانی سەردەمە جیاجیاکانی داوەتەوە؟ لە کوێوە و بەپێی چی ئەم پرۆسەیە دەبات بەڕێوە؟

ئەگەرچی ڕێوشوێنەکانی ئەمە لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر و وەکو باسمان کرد، بە گوێرەی یادەوەرەی و نەریتی حزب، دەگۆڕێت، بەڵام ڕێوشوێنی زێڕین تەنانەت بۆ حزبی دێرینیش سەرلەنوێ سەنگەربەندی و دابەشبوونەوەی ئەرک و فەرمانەکانە، بە گوێرەی خەریتەی حزب و دامەزراوەکانی، یاخود وەک چەمکە سەربازییەکە دەڵێ (أعادة التموضع و أعادة الانتشار) سەرلەنوێ سەنگەربەندی و سەرلەنوێ دابەشبوون و دابەشکردن. دامەزراوەکانی حزبی زیتەڵ و زیندوو، هێز دەداتە ئۆرگانەکانی جێبەجێکردن لەڕێی پێسپاردنی ئەرک بە هەڤاڵە چالاک و چوست و نوێ و گەنجەکان، ئۆرگانەکانی چاودێری و بیرکردنەوە و پاراستنی یادەوەری و پرەنسیبە سەرەکییەکانی حزبیش بە تێکۆشەرانی دێرین دەسپێرێت.

ئەمە لە سەرنجی یەکەمەوە ئاسانە و لە زەمینی واقیع ئاڵۆز و بە گرفتە، چونکە ئۆرگانەکان وەک مرۆڤەکان وان و وەک چیرۆکەکانی ژیان وان، واتا ناوبانگ و پرەنسیبیان پەیوەستە بە ناوەڕۆک و کارایی و کارپێکردن و سەنگی فیعلییەوە، ناونیشانە حزبییەکان و ناوی ئۆرگانە جیاجیاکان پەیوەستن بە کردار و کارپێکردنەوە، ئەمە بە هەمان شێوە بۆ دامەزراوەکانی جێبەجێکردن و ڕۆڵ و سەنگیان لەناو حزب لەلایەک و

دامەزراوەکانی ڕاوێژ و بیرکردنەوە و بڕیار و سیاسەت دارشتنەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەزموونی حزب خۆی تاریفی خۆی دەکات کە داخۆ دامەزراوەکانی پێکەوە و وەکو گشت کاران، یان هەندێکیان ئیفلیجن، یان ئیفلیج کراون، یاخود چۆن هەڵسوڕاون؟

لەبەر ئەوەیە بۆ هەر حزبێک کە دامەزراوە، یان ئۆرگانی نوێ پێکدێنێت، ئەبێ لە چەند قۆناغێکی سەرەتاییدا باشترینەکانی خۆی بۆ ئەوانە تەرخان بکات، تا ناوەڕۆکیان پڕ بێت و ناو و ناوبانگیان یارمەتیدەری گەشە و مانەوەیان بێت.

پرەنسیبی سەرلەنوێ سەنگەربەندی و سەرلەنوێ دابەشکردن و دابەشبوونەوە بۆ حزبی چالاک و چۆنایەتی بە کردەوە، زۆر ئاسانکاری بۆ چارەسەری (ململانێی نەوەکان) و (ململانێی دێرین و نوێ) دەکات، جا لە رێی کۆنگرە بێت یان لە ڕێی کۆبوونەوەی فراوان و بڕیاری تەخویلکراو و پێسپێردراوی حزبەوە بێت.

سەرلەنوێ بڵاوەپێکردن و ئاڵوگۆڕی شوێن زۆر گرنگە و زۆر یارمەتیدەری نوێبوونەوەی حزب دەدات، دەبێتە دەرفەتێک بۆ پاراستنی تەواوی توانا و وزەکانی حزب و پاراستنی جێگە و پێگە و ئایندەی هەڤاڵەکان لە هەموو ئاستەکانی تەمەن و ناونیشانی کارکردندا.

## (٢)
## تایبەتمەندی و گشتگیری

حزبی سیاسی بە گوێرەی دۆخی گەشەکردن، یان پاشەکشەکردنی، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەگوێرەی هەلومەرجەکانی خەبات بازنەی دەوروبەری لە شار و هەرێمەکان و سەرتاسەری وڵات کاری تێدەکرێت و بیرۆکە و نەریت و ڕوانگەی تازە لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێت، وەکو خۆشی کە چۆن کاریگەری دادەنێت؟ حزبی سیاسی چەند بەهێز و پتەو و تۆکمە بێت، تەنانەت ئاسنین و ناوەندێتی بێت و تەنانەت هەموو خەسڵەتەکانی حزبی شێوە بەلشەفی تێدابێت هێشتا کۆمەڵگە و دەوروبەری کاری لێدەکات و ناچاری دەکات شتی تر قبوڵ بکات، چونکە هەر کۆمەڵگە لە حزب گەورەترە و (پارت) ناوەکەی بە خۆیەوەیەتی، بەشێکی کەم و زۆرە لە گشتێکی گەورەتر.

بێگومان لەم ئاستەدا حزب پێویست ناکات عینادی بکات و بکەوێتە ململانێی ئەوتۆ لەگەڵ کۆمەڵ، کە خۆی بەجارێ دابڕێ و تەرکی دیار بکات و خەڵوەتی لە دەرەوەی شار هەڵبژێرێ، حزب بۆ خزمەتی گشتی هاتووە و قەزیەی مانع الجمع ـی نەتەوە و وڵاتە، بەڵام حزب دەبێ پێشەنگ بێت و دەستەبژێرەکەی، بە قەولی مامۆستا کامەران موکری، لە ڕوونکردنەوەی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا دەیگوت (ڕێنوێنی دەکات نەک ڕێنوێنی بکرێت). لەبەرئەوە دەبێت ڕێ نەدات هەر شتێک هاتە ژوورەوە بەبێ

هەڵسەنگاندن پەسەندی بکات. لەم ئاستەدا حزب لەناو جوگرافیای نیشتمان و شار و دێ و دەڤەرەکانی خەبات دەکات و گرنگە خەسڵەت و تایبەتمەندی هەموو ڕەچاو بکات و بەگوێرەی گەشەی ناوچە و دەڤەرەکان و بەهێزی و لاوازی خۆی لەهەر یەکێکیان خەبات بکات، لە دەڤەری بەهێز خۆی بەهێزتر بکات و لە دەڤەری لاواز بەرنامەی خۆبەهێزکردن دابنێت و لەمەشدا تەکنیکی حزبی جیاواز بگرێتەبەر، بەڵام حزب سەرئەنجام حزبی نیشتمانی و نەتەوەیی گشتی و سەرتاسەرە، هیچ نەبێ لە ڕووی پرەنسیب و خیتابی ڕەسمییەوە، نابێ هەرگیز بکەوێتە ژێر هەژموون و گوشاری شارچێتی و هۆزگەری و هتد.. ڕاستە ماپی دابەشبوونی ئۆرگانی و ڕێکخراوەیی حزب وایە کە ناوچەکان ڕەچاو بکات، لە هەیکەلدا ئۆرگانەکان دابەش بکات و لە نوێنەرایەتی و هەڤاڵێتیدا دادپەروەری ڕەچاو بکات و هەندێکجار جیاکاری ئیجابی لە نێوان شارەکان، پێکهاتەکان و ڕەگەزەکان بگرێتەبەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کەموکوڕی لە بەشداریی دادپەروەرانەی سیاسیدا، بەڵام ئەمە دەبێ بۆ ماوەی راگوزەر بێت و زۆر مەترسیدارە ببێتە پشک پشکێنە، چونکە ئەمە وادەکات بەهرەمەندەکان و چالاک و ماندووەکان بەشیان بوخرێت و بە پێچەوانەشەوە گەندە و هیچ لەبارا نەبوو، بێنە پێشەوە و حزب لە ناوەوە لاواز و داغان بکەن.

پێویستی ڕەچاوکردنی هەمووی لە هەیکەل و لە بەشداری، قەت نابێ سەربکێشێ بۆ پشک پشکێنەی ناجۆر،

ئەندامی حزب و هەڤاڵی تێکۆشەر وەکو نوێنەرایەتی شارەوانی و دەڤەرەکان نین، لە بازنەی تەسکی لۆکاڵیدا هەبن و گەرا دابنێن و دەڤەری دەرەبەگ ئامێز دابنێت.

ماکی تەکەتولی نەشیاوی شارچێتی و دەڤەرخوازی لەم پرسەدا لە تەکەتولی حزبی شێوە فیکری، یان ڕێبازی جیاوازی بیرکردنەوە، مەترسیدارترە، چونکە هیچ نەبێ ئەمەیان دیاردەیەکی حزبیانەیە و دەکرێ بەدەوا و دەرمانی حزبیانە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوی تر ڕێگا بۆ نفوزی ناڕەوا، کێشمەکێش و کەڵەگایی و هاتنەپێشەوەی بێبەهرەکان خۆش دەکات.

زۆر گرنگە دامەزراوەی بیرکردنەوەی حزبی سیاسی و دەستەبژێری ڕێکخستن لە کەسانی حەریف و لێوەشاوە و خاوەن ئەزموون پێکبێت کە لە دەرەوەی ململانێ ڕۆژانەییەکان و نیەت و نیازی شەخسی هەمیشە ئەم جەدەلە لەناو حزب چاودێری بکا و بە گوێرەی پێوەرێکی زانستی دیاردەکانی هاوشانی ئەم جەدەلە (گشتییە و تایبەتمەندییە) بپێورێ و گەرمی و ساردی تاو پەتای تەندروستی حزب بکێشێ.

لە کوێ بە ناوی تایبەتمەندییەوە مۆری نفوزی شارچێتی و لە سیاسەتی گشتی حزب دەدرێ و لە کوێش بەناوی سیاسەتی نیشتمانی و نەتەوەییەوە ناوەندێتی ناچالاکی حزبی لە دەزگایەکی بیروکراتی سەنترالدا، هەقی تێکۆشەری دەڤەرەکان دەخوا؟

هیچ ڕەچەتە و وەسفێکی سەد دەرسەد نییە بۆ چارەسەری دیاردە حزبییەکانی وەک نیشتمانی و شارچێتی، ڕەچاوکردنی

تایبەتمەندی و ڕێگەدان بە هۆزچێتی و هەموو دیاردەکانی چەرخی جەهالەت، چونکە حزب خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، قاچ و دەست و سەری لەناو کۆمەڵگە و کێشەکاندایە، ناتوانێ بەیەکجاری خۆی لە گرفتەکان ببورێ و پاکیزەیی ڕێکخراوەیی خۆی بپارێزێ، بە تایبەتی حزبی چالاکی ناو کۆمەڵگە بەرژەوەندیی بە کۆمەڵگە و چینەکان و گروپەکانەوە دەیبەستێتەوە، بەڵام ئەندێشەی هەمیشە زیتەڵ و زیندووی دامەزراوەیی دەستەبژێر و بێلایەنیی حزبی (فوق المیول و الاتجاهات) دەتوانێ چاودێرێکی بەردەوام بێت، پشت ئەستوور بە پەیڕەوی حزب و نەریتە ڕەسەنەکانی ئەزموونی حزب لە مامەڵە و چارەسەری کێشەی هاوشێوەشدا، دیسانەوە دەتوانێ هەبێ و کارا و کاریگەر بێت.[7]

٧- پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەهۆی حاڵەتی لاسەنگی و شێوانی ئەم جۆرە چارەسەرانە بۆ ڕاگرتنی بالانسی نێوان پرەنسیپەکانی حزبی (وەکو نیشتمانی و شارێتی)، لادان لە پرەنسیپەکان، نامۆیی و تەوەلابوونی کادیر دروست دەبێت. ئەمانە هەموویان ماکی نامۆیی کادیر و هەڤاڵی حزبن. هەڤاڵی حزبی کە تەنها ناز و ناونیشانی ئەندامێتی حزب و لێوەشاوەیی و خەباتی خۆی شک دەبات لە ژینگەی وا ناهاوسەنگدا تووشی نامۆیی حزبی دەبێت. واتا لە کاتێکدا هەست دەکات ئەرکی حزبی خۆی جێبەجێ دەکات، بەڵام سەنگ و دەنگ و قورسایی لەبەرچاو ناگیرێت و دزێوی حزبی سەر دەکێشێت بۆ زاڵبوونی مەیلی کەڵەگایی و نفوزداری و سیاسی ناجۆری وا کە بێگومان خەسڵەتگەلێکی پێش حزبایەتین و لێرە، لە بەشێکی سەربەخۆدا وەک دیاردەی جاهیلیەت و جەهالەت، لەسەری دواوین.

# فەسڵی سێیەم

## داکۆکی لە حزب

یەکێک لە مەرجە چۆنایەتییەکانی ئەندامێتی حزب کە لە پەیڕەو و لە کۆڕ و کۆبوونەوە حزبییەکان و لە بۆنەکانی هەڵسەنگاندنی هەڤاڵبەند و کادردا، زۆر تەئکیدی لێدەکرێتەوە، مەرجی داکۆکییە لە سیاسەت و ڕوانگەکانی حزب و دیارە لەوێشەوە داکۆکییە لە کارەکتەر و تێکۆشەرەکانی، بەهۆی ئازایەتی داکۆکییان لە حزب پەلامار دەدرێن و سووکایەتی جیاجیایان پێ دەکرێت، یان هەڕەشەی فیزیکی و مەعنەوی ناو زڕاندنیان لێدەکرێت، کە ئەم پرسە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١- داکۆکی لە سیاسەت و ڕوانگەکانی حزب و نیشاندانی ئەو ڕوانگانە، وەکو سیاسەتی ڕاست و ڕەوا لە قازانجی میللەت و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٢- داکۆکیکردن لەو هەڤاڵ و تێکۆشەرانەی بەهۆی پشتیوانی و پشتگیری و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕوانگە ڕاست و دروستانەی حزب، پەلامار دەدرێن و دەکرێنە تیری ئامانجی نەیارانی حزب و نەیارانی نەتەوە و نیشتمان و پرۆسەی دیموکراسی لە وڵات، یان تەنانەت هەندێک جاریش بە بیانووی پڕوپوچەوە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویان

لێدەدرێت و دەبنە نیشانەی تیری ئەوی پێی دەگوترێت ئاگری دۆستانە کە بەئەسڵ ئاگری دوژمنانێکە خۆیان لە پێستی دۆستدا شاردۆتەوە.

دیارە سیاسەتەکانی حزب، هەر حزبێک، دەبێت بە میکانیزمی گفتوگۆ و پیک سەلماندن و لێهاتوویی چەند جار دووبارەی سەرکردە و سەرکردایەتییەکەیەوە، گەڵاڵە بکرێت و ئینجا دەبێتە سیاسەتی گشتی و ڕەسمی کە ڕەزامەندی گشتی حزبی لەسەر دەدرێت.

دیسان دیار نییە هەر حزبێک کە سیاسەتەکانی خۆی بە ڕاست دەزانێ و بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی چەند جارە و چەند بارە ڕاستی و دروستی تاقیکردۆتەوە لە شێنەیی و لە تەنگانەدا، پێویستی بەوەیە ئەندامەکانی لەهەر ئاستێکدابن داکۆکی لێبکەن و ڕەوایی و ڕەوانی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و رمێنی بۆ پەیدا بکەن. کادری تەواو، کادر و هەڤاڵی لێوەشاوە و دڵسۆزی حزب، ئەرکی سەرشانێتی داکۆکی لەم سیاسەتە گشتییانە بکات کە بەڕێوشوێنی ڕاست و دروستی گەڵاڵەکراوی حزبی تێپەڕیوە و بڕیاری لەسەر دراوە. ئەرکی هەڤاڵ و ئەندامی بەتەنگەوەهاتوو ئەوەیە، لەسەنگەرەکانی گشتی، لە سەکۆ جەماوەری و دەستەبژێرییەکان، لە مزگەوت و شوێنە ڕەسمی و کەمپینە جیاجیاکاندا داکۆکی لێ بکات و ڕوونی بکاتەوە، کە بۆچی ئەم بڕیار و ئەم ڕێگەیە ڕاستە و بۆچی ڕوانگەکانی تر، هی حزبەکانی تر هەڵەن، یان شاش چوون و ئەوەی حزبەکەی ئەم ڕاست و دروستە؟

کادری حزبی حەریف ئەرکی سەرشانی ئەوەیە، لە هەموو شوێنێکی کاریگەر و لە هەموو مینبەرەکاندا سیاسەتی حزبەکەی نیشان بدات و وەک باشترین چارەسەرەکان دەریبخات و پارێزەری بێت. خۆی لە ئەسڵدا حزبایەتی دروست وایە، کە لەبەر نیشتمان و نەتەوە و بەرژەوەندیی گشتی وڵات، داکۆکی لە سیاسەتە ڕاست و دروستەکانی حزب بکرێت و پێداگری لەسەر بکرێت. داکۆکی لەسەر سیاسەتی ڕاست و دروست هەرگیز دزێو و خراپ نییە و بەڵگەی پەرت بوون و ناکۆکی و براکوژیی نییە، بەڵکو بەڵگەی گەرموگوڕی دیموکراسی و ڕاست و ڕەوایی ئاڕاستە سیاسییەکانە، کە دەبێ داکۆکی لێ بکرێت و بەسەر بەرزی و لێ بڕاوەییەوە بناسێنرێ و برەوی پێبدرێت.

حزبی سیاسی ڕوانگەی ڕاست و دروستی خۆی، کە پێش خەڵک خۆی باوەڕی پێیەتی، دەخاتە ڕوو و ئینجا بە سێ ئاڕاستە کاری لەسەر دەکات:

١- شۆڕی دەکاتەوە بۆ خوارەوە و ئۆرگانەکانی خۆی پێدەناسێنێ و میتینگ و مینبەری شەرح و شرۆڤەی بۆ دابین دەکات و دەیکاتە سیاسەتی گشتی قایلپێکراوی حزب.

٢- مینبەرە گشتییەکانی کۆمەڵ و وڵاتی بۆ دەخاتە کار، هەڤاڵ و کادرەکانی خۆی بۆ تەیار دەکات، کە بە زانیاری و زانست و مەنتیقی دروست و پێک سەلماندن لەو مینبەرانەوە شەرحی بکات و بیناسێنێ و بیکاتە ڕای گشتی کۆمەڵ، مادام دروست و مادام ڕەوا و جوان و شایانە.

٣- لەگەڵ حزبەکانی ڕکابەر و جیاواز لە خۆی و

دەستەبژێری ڕا جیاواز، بکەوێتە گفتوگۆی پشوو درێژ و بە پێک سەلماندن و دیتنەوەی خاڵی هاوبەش لەگەڵیان بدوێ و لەچوارچێوەی مافی دیموکراتی و ئامرازی دیموکراتی و ئازادیدا پێداگر بێت لەسەر ڕوانگە دروستەکانی و وابکات ئەوانی تریش قەناعەت بکەن، کە ئەم سیاسەتە ڕاست و دروست و پێویستە و خوا و خەڵک و خاکی نیشتمان ئەوانیش پشتگیری بکەن و بیسەلمێنن و ئەوی کەموکوڕییە لەگەڵی چارەسەری بکەن و بیکەنە سیاسەتی گشتی وڵات.

خۆ دیاریشە حزبی پەرۆش و کارا و خاوەن پرەنسیب حزبی دینامیکی و نەرم و نیان و سەلمێنەرە، نەک ئینکار و کەللە رەق، بەڵام لەهەمان کاتیشدا حزبی پتەو و پێداگر و خاوەن ئەزموونە، کە دەتوانێ بە مێژوو و بە بەڵگە و تاقیکردنەوە بیسەلمێنێت ئەمە باشترە بۆ وڵات و گرنگە ئەمە سەر بگرێت.

بێگومان حزبێک کەوا نەبێ و پتەو نەبێ و خودلاواز بێ هەر لە ڕێوە سیاسەتی ڕاست و دروست نییە و سەرکردایەتی و سەرکردەکانیشی لاواز و ناڕاستن و ورە و وزەی سەلماندنی سیاسەتە دروستەکانیان نییە، حزبی کەمەندکێش حزبی ئەزموون و وەفادار بە ڕوانگە و پرینسیبەکانی.

## هەڤاڵەکانی سەنگەری پێشەوە

لێرە لە دیوی هەڤاڵەکان و مەرجی هەڤاڵی دڵسۆز و شایستەوە لە داکۆکیکردن لەو سیاسەتە ڕاستانەی حزب دەدوێین.

هەڤاڵەکانی حزب چۆن دەتوانن مەرجێکی سەرەکی ئەندامێتی کە داکۆکییە جێبەجێ بکەن؟

ڕەنگە هەبن بڵێن زمان پاراو و ڕەوانی قسەکردن و ئازایەتی دەرکەوتن لە مینبەرەکانی گشتییەوە، هونەرێکە هەموو هەڤاڵێک نایزانێ و لە چوارچێوەی دابەشبوونی ئەرکدا هەڤاڵ هەیە ئازایە لە ڕێکخستن و نهێنیپارێزی و لە داڕشتنی بەرنامە و تاکتیک و مەرج نییە واهەڵکەوێ کە جەسوور و ئازای مینبەرەکان بێت، ڕاستییەکەی ئەمە هەنجەتێکی لاواز و کورتهێنە، چونکە هەڤاڵی بوارەکانی نهێنیپارێزی و ڕێکخستن و نەخشەدارێژ دیار و بە ناونیشانن و هەموو کەسێک دەزانێ لە کوێن و چەند کەسی دەگمەنن، داخۆ چۆن لە ڕەدوبەدەلی مەرجی داکۆکی ئاشکرادا ئەم هەموو خەڵکە بوونە حەریفی بوارەکانی تر؟

ئەسڵەن لە بنچینەدا هەڤاڵی دەگمەن دەگمەنن و هەڤاڵانی زۆرینە هەڤاڵانی داکۆکی و ڕەوانبێژانی ڕوونکردنەوە و چوونە ناو جەماوەر و چوونە مینبەرە گشتییەکانن.

هەندێک هەڤاڵ بۆ داپۆشینی ئەم کێماسییە لە ئەرکی حزبایەتی دیسانەوە دەڵێن هەموو کەسێک و هەموو کەیسێک ناچێت و نابرێتە مینبەری گشتی ڕاگەیاندنەوە، یان هەموو

هەڤاڵێکی جوامێر و هەموو هەڤاڵێکی خانم خاس ئەدگار و بچمی جوانی دەرکەوتنی ناو کایەی میدیای نییە، ئەمە ئەوکاتە ڕاستە کە مینبەری گشتی داکۆکی لە حزب تەنها کورت بکرێتەوە لە مینبەری میدیا و سەکۆکانی میدیای کلاسیکی و میدیای نوێوە، لە ئەسڵدا مینبەری گشتی بۆ داکۆکی لە سیاسەتەکانی حزب لە ئۆرگانی خودی حزبەکەوە دەست پێدەکات تا کۆڕ و کۆڵان و بازاڕی گشتی، تا مزگەوت و مۆڵ و مەودای تری گەیاندنی ڕا و ڕوانگەکانی حزب، پەرلەمان مینبەرە و زانکۆ و سمینار و دامودەزگای حزب مینبەری جیاجیان بۆ داکۆکی و بۆ دروستکردنەوەی ڕوانگەکانی حزب و داکۆکیکردن لێی.

بەداخەوە بە مەبەست و بۆ خۆدزینەوە لە ئەرکی پیرۆزی داکۆکیکردن لە سیاسەتی گشتی حزب، هەڤاڵ هەیە بیانووی جۆربەجۆر دەهێنێتەوە:

## دەرکەوتە خراپەکانی ئەم دیاردەیە

١ - جارێک بە بیانووی ناڕوونی سیاسەتەکە، یان تێنەگەیشتن لێی، یان تەنانەت ڕێگەگرتن لە ئیجماعی حزبی بۆ ئەوەی نوقسان دەربکەوێت و ببێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە پیادەکردن و لە داکۆکیکردن لێی.

٢ - جارێک بە بیانووی ئەرک و ڕوانگە گشتییەکانی نیشتمان و گوایە داکۆکی لە تەبایی و پێکەوەیی و خۆنیشاندان وەک فیگەری نیشتمانی و نەتەوەیی، سەرووی حزبەوە. ئەمەش بێگومان زۆرجار لەسەر حیسابی

حزب و پێگەی حزب بێ ئەوەی ئەوە مسۆگەر بکرێت دەتوانرێت ڕوانگە نیشتمانییەکان لە دەرەوەی بەشداری کارای حزبەکە سەربخرێت.

٣ - جارێکی تریش بەبیانووی ئەوەی گوایە داکۆکی ئەرکی میدیایە، نەک هەموو هەڤاڵێکی حزب.

ئەمانە هەمووی بیانووی نابەجێن و خۆدزینەوەیە لەو ئەرکە، جگە لەوەی کێماسییە لە ئەرکی حزبایەتی، لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێک دیاردەی نابەجێی حزبی دروست دەکات، کە سەرەنجام لاوازی دەکات و گیانی بەرپرسیارێتی و هەڤاڵبەندی ناوخۆی حزب و نێو هەڤاڵەکانیش لاواز دەکات، بەم شێوەیە:

١ - گیانی بەرپرسیارێتی و هەڤاڵێتی بە ئاشکرا لاواز دەکات و بە تەنگەوەهاتن و داکۆکی لە ڕاست و دروستی سیاسەتەکانی حزب وەک دروشمی بەتاڵ و بۆش نیشان دەدات، کە دیمەنی حزب و خاوەندارێتی لێی لەبەردەم ڕای گشتی کاڵ و ڕەنگ زەرد نیشان دەدات، دەرفەت بۆ نەیاران دابین دەکات پەلاماری بدەن و زەفەری پێ ببەن، وا دەکات سیاسەتە ڕاست و دروستەکان بە تەنیا و لاتەریب بکەون.

٢ - ڕێبوارانی ڕێی داکۆکی لە حزب و سیاسەتەکانی دڵسارد دەکاتەوە، بەجۆرێک هەست بکەن لە جوامێری هەڵمەت و هیمەتی داکۆکی لە حزب و سیاسەتە گشتییەکانی تەنها و بێکەسن و ئەمەش پرەنسیبی حزبی دەشێوێنێ و ئەنگێزەی حزبایەتی خاودەکاتەوە .. کارێک دەکات جۆرێک لە نادادپەروەری و پێشبڕکێی سلبی لە خزمەتکرنی حزب دروست

ببێت، یان بەلانی کەمەوە جۆرێک لە غرور و لووتبەرزی حزبی لای ئەندامەکانی کە داکۆکی لێدەکەن دروست ببێت، وەک جۆرێک لە پاڵەوانسازی و نێرگسیەتی داکۆکی تاک و تەنهایی.

٣ - جۆرێک لە بێمنەتی و بە کەم سەیرکردنی نەریتی داکۆکیکردن لە حزب و سیاسەتەکانی و بێپەروایی و بێمنەتی لە داکۆکیکردن دێنێتەکایەوە.

٤ - داکۆکیکردن لە حزب و سیاسەتەکانی دڵنیایی زیاتر دەدات بە دروستی هەنگاوەکانی و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. واتا:

٥ - داکۆکینەکردن لە حزب بەبیانووی خۆنواندنی درۆزنانە بەناوی هاوسەنگی و سەنگینی و میانڕەوییەوە، کارێک دەکات خۆجیاکردنەوەیەکی سلبی دروست ببێت:

أ- لە نێوان ئەوانەی داکۆکی دەکەن و تەنهایی داکۆکیان وەک توندڕەوی و حزبایەتی تەسک دەربکەوێت لە لایەکەوە،

ب- ئەوانەشی کە لەم ئەرکە خۆیان دەدزنەوە وەک پیاو باش و هاوسەنگ و نیشتمانپەروەری ڕووکەشانە دەربکەون، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی ژینگەیەکی ناتەندروست لەناو حزب و لەناو بزووتنەوەی سیاسیشدا جۆرێک لە دووفاقی پەرەپێدەدات.

هەروەک دەبێتە مایەی پەرتەوازیی و چەند خیتابی لە سیاسەتی حزب و نەدرەوشانەوەی سیاسەتە دروستەکانی کە نرخی لەسەر دەدرێت، کۆششی بۆ دەکرێت و کاردانەوە

دەخولْقێنێ.

بەتەنها جێهێشتنی تێکۆشەرانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاست و دروستی حزب، ژینگە و دەرفەتی تۆڵەسەندنەوە بە هەموو جۆرەکانی تۆڵەسەندنەوە بۆ نەیارانی حزب و دوژمنانی گەلیش دەڕەخسێنێ و وادەکات زەفەریان پێ ببەن، ئەمەش وانەی سلبی و ناپەسەند دەبێت و ناجۆرێک دەبێت کە خەڵک چیتر سڵ بکەنەوە لەو داکۆکیکردنە و نەریت و دابی ترسنۆکی و بێ کەڵکی لەناو ریزەکانی حزب دروست دەکات و سەرەنجام سیاسەتە دروستەکانی حزب، بەرەو پوکانەوە دەبەن و ترس و بیم لە ڕیزەکانی دروست دەکەن، سەرئەنجام ژینگەی ترسنۆک لەناو سیاسەتی گشتی و ناو کۆمەڵیش دروست دەکەن، چونکە حزبی ترسنۆک فەرهەنگی ترسنۆکی و بێ خاوەنی و بێ پەروایی تەشەنە پێدەدات.

# فەسڵی چوارەم

## ئۆرگانی یەکەم، یان کۆمیتەی نموونەیی

کۆمیتەی نموونەیی یان ئۆرگانێکی نموونەیی لە هەیکەلی خوارەوە، لە حزبدا، نموونەیەکە بۆ بەریەککەوتنی حزب لەگەڵ جەماوەر، لەگەڵ شار و دامەزراوەکانی، جا ئەگەر ئۆرگان لە شارۆچکە بێت و یەک دانە بێت، وەک ئەوە وایە حزب لەو دامەزراوەیە کورت کرابێتەوە و ئەرکی نوێنەرایەتی حزب و پاراستنی هەیبەت و جێگەی حزبی لەو جوگرافیایەدا سەرەکی و زۆر گرنگ دەبێت.

بیرۆکەی گۆڕانکاریی لە ئۆرگان، بچوککردنی، یان گەورەکردنی، یاخود گۆڕینی جۆر و ناوەکەی بیرۆکەیەکی ڕەسەن و ڕەوای حزبایەتییە، بە مەرجێ ڕێوشوێنی حزبی وەک لیژنەی پێسپێردراو، یاخود بە زۆرینە و کەمینەی دەنگدان لە سنووری دەسەڵاتی ئۆرگانەکە پێک بێت.

چونکە ئەسڵ لە دامەزراوە و ئۆرگانەکان بیرۆکەی ئەوەیە خزمەت بە ئامانجەکانی حزب بکات،ئەوە ڕاستە لە ڕەوتی ژیانی حزبایەتیدا ڕوودەدات ئۆرگانێک وا کۆن بێت و لەگەڵی ڕابێن کە دەستکاریکردنی وەک خەوش و کەموکوڕی دەربکەوێت و نەیاری تەقلیدی بۆ پەیدا دەبێت، بەڵام هەمیشە دەبێ بیانوو و هەنجەتەکە ئەوەبێت ئۆرگان بۆ ئەوەپێکدێت ئەرک ڕاپەڕێنێ

نەک پەرستگایەکی پیرۆز بێت کە دەستکاری هەڵنەگرێت.

لێرە ئێمە وا باسی دەستەواژەی (کۆمیتەی نموونەیی) ناکەین کە باشترینەکانە و بێین بیناسێنین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە، وەک نموونە نەخشی (کۆمیتەیەک) بکێشین و بیکەینە نەخشەیەکی حزبی و لەبەردەست خۆمان دایبنێین و کاری لەسەر بکەین.

**نموونەی بەشەکان لەو نموونەیەیە و مەرج نییە دەستکاریی قبووڵ نەکات**

١ - کۆمیتەی نموونەیی یەکەیەکی ئۆرگانییە، لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا قەڵەمڕەو و بەشداری حزبی و کاریگەریی حزبی دیاریکراو دەردەخات.

٢ - هەیکەلی هەڤاڵێتی لە کۆمیتە چۆن دەبێت؟ بەشێوەیەکی نەریتی وایە: لێپرسراوی کۆمیتە، جێگر و ستافی ئەندامانی کۆمیتە، لە خوار کۆمیتەوە، بەشەکان دێن، ئۆرگانی خوارتر وەکو کەرت، یان بە پێی پێوەرە تازەکان، بەشی هەڵبژاردن (بنکە و وێستگە و هتد...).

بەشەکان بریتین لە: هەموو بەشەکانی کە لە ئۆرگانە باڵاکانی سەرو هەیە، دەشێ بە بچووکتر دووبارە ببنەوە. واتە:

- بەشی ڕێکخستن: کاری ڕێکخستن دەکات بە هەیکەلی هەنگ و شانە و بازنە یان هەر ناونیشانێکی پەسەندکراو ئەندام ئیدارە دەدا کە گیانباز و سەربازی خەباتی حزبایەتییە، کۆبوونەوەی حزب ڕێکدەخات و شێوازەکانی کاری ڕێکخراوەیی ڕەنگڕێژ دەکات،

ئەندام بۆ حزب زیاد دەکات و لەناو ئۆرگانەکانی حزبدا ڕێکیان دەخات و ئەرکیان پێ دەسپێرێت.

- بەشی میدیای نوێ: ئەم بەشە جێی بەشی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، بەو ئیعتیبارەی میدیای کلاسیکی، وەکو تیڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە، بەشێک دەبن لە میدیایی ڕەسمی حزبەکە و ڕاستەوخۆ کاری حزبی و ڕێکخستن ناکەن. بەشی میدیای نوێ واتا خستنەگەڕی هەموو سەکۆکانی سۆشیال میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ چالاکی حزبی، چالاکی کۆمیتە و سەکۆ و بازنەکان .... هتد.

- بەشی تێکۆشەران: تێکۆشەران و پێشمەرگە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی کە لەو بەشە ئۆرگانییە خۆیان ڕێک دەخەن، واتا بەشی ڕێکخستنی دێرین، زیندانی سیاسی، پێشمەرگەی دێرین دەبن و دەبنە ئەندام لەو بەشە و بۆ هەموو هەڵسوڕانێکی حزبی لە سنووری جوگرافیای کۆمیتەدا ئامادە دەبن.

- بەشی ئیدارە: بەشی (ئیدارەی فەرمانبەران) یان باشترە بڵێین، ئەو هەڤاڵانەی کۆمیتە کە ئیشی ئیدارە دەکەن، لە چوارچێوەی سەرچاوە داراییەکانی (بۆهاتوو) و (پەیداکراو) ئیدارەی دارایی حزبیش دەکەن.

- بەشی شەهیدان: بەشی خزمەتکردن بە کەسوکاری شەهیدان لە سنووری جوگرافیای دیاریکراوی کۆمیتە، دیارە ئەمە لەو چوارچێوەی لە توانایدایە و پاشان لە سەرووی خۆشیان خاوەندارێتی لە کێشەکانیان دەکەن.

- بەشی هەڵبژاردن: سەرەکیترین کاری کۆمیتە دەکات لە هەموو خولێکی هەڵبژاردندا، ئەم بەشە لە شێنەییدا سەرپەرشتی دۆسێی هەڵبژاردن و سەرپەرشتی وێستگە و ناوەندەکانی هەڵبژاردن لە سنووری جوگرافی خۆی دەکات، سەرپەرشتی داتا و گرفتەکانی دەنگدەرانی حزب دەکات و ئەرکەکانی فریاکەوتن و دەنگدان و کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردن بەسەر دەکاتەوە.

بۆ حزبێکی دیموکراتی و مەدەنی بەشی هەڵبژاردن زۆر گرنگە و ماکی مانەوە و گەشەی ڕەوایەتی حزبەکەشە.

## ئەندێشەی ڕێکخراوەیی

ئەندێشەی ڕێکخراوەیی دەتوانێت زوومێک بێت بۆ بیرکردنەوەی ئۆرگان لە سنووری خۆیدا، کۆمیتە بێت یان سەکۆ و بازنە بێت، لێرە کۆمیتە وەک نموونەی بچوککراوەی ئۆرگانی ڕووبەڕووی جەماوەر وەرگیراوە.

واتا هەر کۆمیتەیەک پرسیاری چی بکات و چی وەڵام بداتەوە؟ ئەمانەی خوارەوە نموونەی پرسیارن و لە دوای ئەمانە هەر هەڤاڵێک دەتوانێت پرسیاری تری بخاتە سەر و ئەرکی تر دابنێت.

- مەزەندەی دارایی و توانای ماددی و توانای مرۆیی چۆن دەبێت؟ بۆ نموونە هەر کۆمیتەیەک چەند هەزار ئەندام دەبن؟ چەند توانای دارایی بۆ تەرخان دەکرێت، لەلایەن ئۆفیسی دارایی حزب، یان ئابوونە و پڕۆژە لۆکاڵییەکانی خودی کۆمیتە؟

بۆ نموونە هەر کۆمیتەیەک چەند ئەندام کۆمیتەی ژن

(لێپرسراوی کۆمیتە، جێگر و ئەندام کۆمیتە)ی دەبێت.

- لە ژمارەی هەڤالانی کۆمیتە، لە سەدا چەندی خانمان دەبن؟

- ڕێژەی ژن لە کۆمیتەیەک بنەمای بنتەماڵییە بۆ گەشەکردنی هەموو دامەزراوەکانی حزب

- لە سەدا چەندی گەنج دەبن؟

- پێوەرەکان کە بۆ نموونەی لێهاتوویی دانراون چۆنن؟

- پلەی خوێندن؟

- چەند ساڵ ئەندامێتی لە ڕێکخستن؟

- پێوەرەکانی دانان: دیاریکردن، یان هەڵبژاردنیان، یان تێکەڵەیەک لە هەردووکی دەبێت؟

- بەشەکانی کۆمیتەیەک: چەند بەشی تێدایە و ئەرکەکانیان چییە؟

١ - ئەگەر بەراورد بکرێت لەنێوان شێوە ئیشی کۆمیتەیەک لە ڕابردوو و ئەوی ئێستا چۆنە؟

٢ - جیاوازیی نموونەی کۆمیتەیەک لە سنووری قەزایەک و جیاوازی نموونەیەکی تر لە سنووری پارێزگایەک، دەسەڵاتی کامیان زیاتر و کامیان سەربەخۆتر دەبن؟

٣ - نموونەی توانای پێویستی دارایی بۆ کۆمیتەیەکی نموونەیی.

٤ - ئەرکی هەر کۆمیتەیەک وەکو کارنامە و خشتەی کارکردن چۆنە و چییە؟

- نموونەی کۆمیتە لە ژوور و دیزاین و چۆنێتی پارێزگاری

لێکردنی؟ کۆمیتەکان یەک دیزاین بن کە لە سنووری چالاکی خۆیدا بناسرێنەوە، یان بەگوێرەی ژینگە و کەلتوری ناوچەکە بێت؟

- نموونەی کاری چالاکی و کۆمیتە لە هەفتەیەکدا.

- کۆبوونەوەی فراوان و تێکەڵ، بەشەکان بەجیا و بەشەکان پێکەوە.

- بەسەرکردنەوەی نەخۆش، بەسەرکردنەوەی پرسە و سەرقەبران و بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییە خۆشەکان.

-کاری ڕێکخراوەیی چۆن دەپێورێت؟

-کاری هەڵمەتی هەڵبژاردن و کەمپینی حزبی: کەی و چۆن دەست پێدەکات؟ ئەم ئەرکە گشتییە کەی دەبێتە گشتی، کە هەموو کۆمیتە بچنە خزمەتییەوە، بە گوێرەی خشتەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و کەی لە ڕۆژە ئاساییەکان دەبێتە ئیشی بەشی هەڵبژاردن؟؟

واتا ئەمە ئەرکی بەش و بنکە و وێستگەی هەڵبژاردنە، یان ئەرکێکی گشتی هەمووانە؟

- دەنگی حزب لە سنووری جوگرافی ئەو کۆمیتەیە چەندە و چۆن زیاد دەکات؟

٥ - هەڵسەنگاندنی کاری مانگێک: چەند کەس کراون بە ئەندامی نوێی حزب و چەند وازیان هێناوە و بۆچی وازی هێناوە؟

٦ - هەڵسەنگاندن بۆ دوو ساڵی هەر کۆمیتەیەک، وەک نموونەی هەڵسەنگاندن.

٧ - کێ ئەدای کۆمیتە هەڵدەسەنگێنێ و چۆن؟

٨ - چەند کەس لە خولی پێگەیاندنی کادیران بوون؟

٩ - چەند خول کراوە بۆ کادیرانی کۆمیتە؟ چەند کۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد .. کراوە و هاوسەنگی لە بابەتەکانی کۆڕەکان چۆن دەکرێت؟

١٠ - کتێبخانەی کۆمیتە چۆن دەبێت؟ پێویستە نموونەی هەموو ئەدەبیاتی حزبەکەی تیا بێت

١١ - چەند بەشداری لە چەند چالاکی جەماوەری کراوە؟

١٢ - ئەرشیفی حزب: تێکۆشەرەکانی، شەهیدەکانی، بریندارەکانی لە سنووری جوگرافی هەر کۆمیتەیەک چەندە و چۆن پۆلێنکراون؟ چۆن بکرێنە بەشێک لە تۆماری ئیداریی کۆمیتەکە.

١٣ - پەیوەندی حزبایەتی لەگەڵ حزبەکان لە سنووری کۆمیتەی ناوبراو چۆنە و چۆن دەچێتە ڕووباری پەیوەندییە گشتییەکانی حزبەکەوە؟

١٤ - ئەندامی نموونەیی هەر کۆمیتەیەک چۆن دەبێت؟ چۆن نموونەکانی ئەندامی نموونەیی لە حزب و لە ناویشیاندا لە کۆمیتە دیاری بکەین؟ خەسڵەت و سیفەتەکانی چۆن بێت؟

١٥ - تێکەڵبوونی کۆمیتەیەک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە چۆن دەبێت؟ تەنێکی غەریب و ئافەرۆز کراوە، یان پشت و پەنا و قەلایەکی داکۆکی لە خەڵکە؟

١٦ - چەند ئەندامێکی کۆمیتە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ خێزان و بنەماڵەکانی سنوورەکە و لەگەڵ خەڵکەکە؟ ژنیان لێدەخوازێ و ژنیان دەداتێ.

١٧ - پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەکانی تر چۆنە؟

١٨ - پەیوەندی کۆمیتە لەگەڵ سەرکردایەتی حزب: پەیوەندی

ئۆرگانییە یان هەژمونییە؟ ئاسۆییە یان ستوونی؟

١٩ - بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ کاری حزبی.

- کۆبوونەوەی ئۆنلاین، بازنە و گروپی واتسئاپی و هی تر...

(باسێکی تایبەت لەم بوارە دەخەینە ڕوو)

٢٠ - شتە بێ کەڵک و زیادەکانی کۆمیتەیەک؟ چ جۆرە نەریتێک دەبێ لە کۆمیتە کۆتایی پێ بێت و تەواو بێت و چ جۆرە نەریتێک پێویست دەکات زیاد بکرێت؟

بەم شێوەیە دەتوانرێت دەیان پرسیار دروست بکرێت و کۆمیتە لای خۆی وەڵامی بداتەوە؟[٨١]

---

٨- لەم بوارەدا پێشنیارێکی دێرین دوپات دەکەمەوە کە ساڵی ٣١٠٢ لە سیمینارێکی حزبی پەیمانگای کادیراندا پێشکەشم کرد و ئارەزوومە لێرە یاداشتی بکەم:

هەر کۆمیتەیەک کە لە سنووری دیارکراوی جوگرافیدا کار دەکات، بە تایبەتی لێرە مەبەستم کۆمیتەی سنووری قەزا و ناحیەکانە، تیمێکی کادیری نووسەر راسپێرێت کتێبێک لەسەر مێژووی قەزا یان ناحیەکەیان بنووسێت: لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی، جوگرافیا و سەرچاوەی ئابوورییان، لەسەر مێژووی و شوێنەوارە دێرینەکانیان. لەسەر ڕێژەی ژن و منداڵ و پیر و گەورە. لەسەر نەریتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان. لەسەر مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لەو قەزا یان ناحیەدا. حزبەکانی کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لەوێ بوون، لەسەر شەهید و قوربانییەکانی..هتد. بەمجۆرە ئەو کتێبە ئامادەکراوە چاپ بکرێت کە دەبێتە دیاری کۆمیتە بۆ خەڵکی ناوچەکە، لە هەمان کاتدا بە شێنەیی و بە نەرمی مێژووی حزب و ناوی تێکۆشەر و شەهیدەکانی دەخرێتە چوارچێوەی گشتی و ڕەسمی مێژووی ئەو شارەوە. دەچێتە کتێبخانەی گشتی کوردییەوە. بۆ نموونە شاری هەڵەبجە یان رواندز یان پێنجوێن، خانەقین و کەلار، بەم شێوەیە دەتوانرێت بە دوو شێوە ئەم بیرۆکەیە پەرە پێبدرێت:

یەکەم: هانی تێکۆشەرانی ئەو سنوورە بدرێت ئەوانیش کتێبی خەباتی خۆیان بنووسن.

دووەم: کتێبی قەزا و ناحیە ببێتە سەرچاوەی فیلمی دیکۆمێنتاری و بابەتی کۆڕ و کۆبوونەوەی کۆمیتەکان.

## کۆبوونەوە و هەماهەنگی حزبی

### چالاکی ناوخۆیی حزبی چۆن ڕایی دەکرێت؟

زۆر گرنگە گفتوگۆیەکی جددی لەسەر ئەم پرسە بکرێت، چونکە ڕۆژانە و لە هەموو دەرفەتێکی باسی حزبایەتیدا گوێتان لێ دەبێت، گوایە ئەمڕۆ ئەم جۆرە حزبایەتییە باوی نەماوە و پێویستە حزب یان حزبەکان دەستبەرداری ئەم شێوە تەقلیدییەی کاری حزبی ببن. بەڵام ڕوون نییە ئەو شێوە تەقلیدییە چییە کە ئەبێ وازی لێ بهێنرێت؟ لە چیدا تەقلیدییە و ڕەخنەگرانی ئەم کایە حزبییە چیمان بۆ پێشنیاز دەکەن، یان چی ئامرازگەلێک ئەخەنە جێی، گوایە، شێوازە تەقلیدییەکانی چالاکی حزبی؟

لە جێی کۆبوونەوە چی بکەین؟ کۆبوونەوەی فراوان، یان کۆبوونەوەی ئۆنلاین، یاخود گروپی واتسئاپ یان چۆن؟

لە ڕاستیدا پرسی کۆبوونەوە هەر کەشێکی هەڤاڵانە و حزبیانە نییە، هەر چالاکییەکی ناچاری نییە، بەڵکو بەشێکە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پەیوەندی و بیرورڕا و زانیاری گۆڕینەوە. لە نێوان هەڤاڵان کە بێ ئەم هەماهەنگی و پێکەوەییە، هیچ شتێک نامێنێ بەناوی کاری حزبییەوە.

لەڕێی کۆبوونەوە و پەیوەندی حزبییەوە، تواناکان یەک دەخرێن و هەر هەڤاڵێک شان دەداتە شانی هەڤاڵەکەی تری، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە حزبییانەی کاری جەماعییە و بە تاک

جێبەجێ نابێت، بۆیە هەر کەسێک و هەر گروپێک بانگەواز بۆ وازهێنانی حزبایەتی کلاسیکی و ڕێکخستنی تەقلیدی دەکات دەبێ ئەلتەرناتیڤی هەبێ و جێگرەوەی کۆبوونەوەی نەریتی پێ بێت.

پێشنیازی ئێمە ئەوەیە شێوازی کۆبوونەوە و گردبوونەوەی حزبی پەرەی پێ بدرێت، بۆ نموونە کۆبوونەوە وەک کەرەستەی پەیوەندیی نەریتی تێکەڵ بکرێت لەگەڵ پەیوەندی بە ئامرازی نوێوە.

دەکرێ کۆبوونەوەی ئۆنلاین و زووم و وەتسئاپ بکرێت بە بەردەوامی و ئینجا کۆبوونەوەیەکی مانگانەی ڕووبەڕووی هەڤاڵانە بکرێت، کە ئیشەکانی بە ڕاسپاردەی ئۆنلاین و زووم و مەسنجەر و واتسئەپ کراون، لەو کۆبوونەوە گشتییە مانگانەیە، هەڵسەنگاندنی ئیشی کۆبوونەوە ئۆنلاینە ڕۆژانەییەکان بکرێت، پێداچوونەوەی جێبەجێکردنی بکرێت و بڕیارەکانی دراون بە ڕەسمی پەسەند بکرێن و لە تۆماری کۆبوونەوەدا وەک ڕاپۆرت و نووسراوی ڕەسمی بنووسرێت و ڕەوانەی ئۆرگانی سەروو بکرێت، کە ئەمە پەلەکردن و ڕووبەڕوویی دەدات، بە ئەرکە حزبییەکان و لە هەمان کاتیشدا دیداری کلاسیکی هەڤاڵانە وەک نەریتێکی دێرین دەپارێزێ.

## ئامرازەکانی پێگەیشتنی حزبی

١ - لە نێوان ژینگە و نەریتی حزبی دێرین و فراوانبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی، هاوسەنگی دروست بکرێت.

٢ - ڕێکخستنەوەی ئامرازەکان لە نێوان بازنەکان بە گوێرەی پێویستی و بە گوێرەی تواناکانی ئامرازەکە.

٣ - بەکارهێنانی ئامرازەکان وەکو پەیوەندیی حزب و هەندێکجاریش وەکو یەدەک لە فریاگوزاریدا.

٤ - دابەشکردنی ئامرازەکانی وەکو (زووم، مەسنجەر، ئۆنلاین و واتسئەپ) و دانانیان وەک بەشێکی ڕەسەن لە حزبایەتی و ئیعتراف پێکردنیان وەک کەرەستەی حزبی، کە ئەم ئیعترافە دەکرێت لە پەیڕەو یان تەنانەت بە بڕیاری حزبی پەسەند و پەخش بکرێت بۆ ئەوەی ئوسوڵی حزبی خۆی وەربگرێت.

شایانی باسە حزب دەتوانێت لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی ورد، کارێک بکات کە نەک بۆ کۆبوونەوەی حزبی، بەڵکو بۆ تێکڕای کاری حزبی پەرە بە شێوازەکانی کاری خۆی بدات.

١ - بە گوژمە بڕیار لەسەر هەموو ئامرازە تازەکانی پەیوەندی بدات و پەسەندیان بکات، کە ببنە کەرەستەی کاری حزبی بۆ نموونە:

- بڵاوکردنەوەی کتێبی دیجیتاڵی لەپاڵ کتێبی چاپکراوی ناو کتێبخانەی ئۆرگانەکان.

- خۆڕۆشنبیرکردن بە کتێبی دەنگی و دروستکردنی کتێبخانەی دەنگیی حزب.

- کتێبخانەی یوتوبی.

- کتێبخانەی دیجیتاڵی.

- بەکارهێنانی ئامرازە تازەکانی پەیوەندی، بۆ کەمکردنەوەی خەرجی بارەگا و دامەزراوەکان و ئۆرگانەکان بە گوێرەی بەرنامەیەکی شێنەیی.

٢ - نوێکردنەوەی دامەزراوە سەرەکییەکانی حزب بە هەموو ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ، بۆ مۆدێرنکردنی دەزگاکان و پەرەپێدانی هاوشانی دامەزراوەکان.

٣- دیاریکردنی ڕێوشوێنی دەوری، بۆ هێشتنەوەی بەشێک لە نەریتە کۆنەکانی حزبایەتی و کۆبوونەوە: وەکو شوێنە دێرینەکانی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکان، پاراستنی لۆگۆ و دروشم و کەرەستە کۆنەکانی حزبایەتی، بۆ بیرهێنانەوە و بۆ نەمرکردن و ئینجاش بۆ بەراوردکردنی شێوە دێرینەکانی حزبایەتی لەگەڵ تازەکان و دیاریکردنی ئاڕاستەی گۆڕانکاری و گەشەکردنیان.

## فەسڵی پێنجەم

# خەبات یان سیاسەت؟

حزبی سیاسی ناوەکەی ئاماژەیە کە سیاسەت دەکات و تێکۆشانەکەشی دەچێتە بابی تێکۆشان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەشداری و پێشخستنی کایەی سیاسی لەو وڵاتە، لەبەرئەوە هەموو تێکۆشانێکی حزبی، کارێکی سیاسییە و هەموو تێکۆشەرێکیش سیاسەتمەدارە و سیاسەت دەکات و خەباتەکەی بەشێکە لە کەینوبەینی سیاسی و ململانێ و بەزاندن.

لە فەرهەنگی سیاسی ناوچەکەی ئێمە و بەتایبەتیش لە وڵاتێکی پێشتر داخراو و دیکتاتۆری سایەی حوکمی بەعسدا، سیاسەت و بەشداریی سیاسی و حزبایەتی و ئەندامێتی لە حزبدا، وەک یاساغ و کاری قەدبڕ و قاچاخەڕێ ناخۆش و ناپەسەند بوو.

سیفەتی تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی حزبی ئەگەر بە شێنەیی سەردەمی کرانەوەی دیموکراسی جێی ڕێز و پێزانین بووبێ، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەستی پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێری و خەباتی ڕەوای نەتەوایەتی کرابێ، ئەوا لە تەنگژە و سەرکوت و ڕێگەگرتن لە هەموو ئاماژەیەکی سیاسی ئەو تێکۆشانە، وەک فەلاکەت و خۆتووشکردن و سەرئێشەی

ناپێویست ناسێنراوە. تێکۆشەر لە کۆمەڵگەی سەرکوتکراوی وەک سەردەمی بەعسدا، وەک کەسایەتی (حەمەدۆک) سەیر کراوە، کە خەڵک بە شێنەیی پیا هەڵدەدا و شانامەکانی دەگێڕنەوە، بەڵام کەس حەز ناکات کوڕ و کەسوکاری خۆیان (حەمە_دۆکی) دەشت و دەر و سەرگەردانی ئامانج نادیار بێت، کە شار و ئاوەدانی و ژیانی لێ قەدەغە بکرێت.

بە دیوی ڕژێم و لایەنگیری حکومەتدا کەسانی سیاسی و ئەندامی حزبی دەسەڵاتداری بەعس وەک دوژمن سەیرکراوە، کە ژیانی خەڵک دەشێوێنێ و جاسوس و بێ ناموسە، بەجۆرێک خەڵک لە دەسەڵاتەکەی دەترسێ و لە دڵەوە نەفرەتی لێدەکەن.

ئەم هەل و مەرجەیە، وایکردووە سیاسەت و حزبایەتی لە زەینی خەڵکدا بە هەردوو دیوی (تێکۆشان) و (تێگوشین) دا نەخوازراو و سەرئێشەی نا پێویست بووە، دیارە ماوەیەکی زۆری ویست و هێشتاش دەیەوێ کە سەرنجی خراپ و نا پەسەند، قەدەغە و قاچاخ لەسەر حزبایەتی و سیاسەت لابچێت، هێشتاش ئاسەواری ئەمە لە زەینی گشتیدا ماوە.

بە هەموو ئەم باکگراوندە نەرێنییەوە، هێشتاش سیاسەت و خەبات لە حزب و لە کایەی گشتیدا تێکەڵ دەکرێن و لێکیش جیا دەکرێنەوە.

ئەوەی لەم نووسینەدا دەخوازین زوومی بخەینەسەر، ئەوەیە ئایا تێکۆشەران لە ناوخۆی حزب و لەگەڵ یەکتریدا خەباتی هاوبەش و پێکەوە دەکەن، یان سیاسەت لەگەڵ یەکتری دەکەن بە هەموو مانا سلبییەکانی سیاسەت، وەکو ملشکاندن و ئێسک شکاندن و پاکتاوی سیاسیی یەکتری؟ ئایا

تێکۆشەرانی سیاسیی کە هاوئامانج و هاوڕێبازن لە حزبێک یان تەنانەت لە ڕیزبەندییەکی سیاسی پێکەوەدا سیاسەت لە دژی یەکتری دەکەن و دژی یەکن، یان پێکەوە تێکۆشان دەکەن بۆ ئامانجی هاوبەش؟

بەڵێ ڕاستە ئەم پرسیارە و ئەم باسە دیوێکی مۆڕالی و تەنانەت ڕۆمانسی شۆڕشگێڕیشی هەیە، بەڵام بەڕاستی پرسیارەکە ڕەوایە و هاندەرە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ئەرکی حزب و لە ئەرکی بزووتنەوەی سیاسیی و لە نموونەی ئێمەشدا ئەرکی کوردایەتی کە ناوێکی تری خەباتی حزبایەتییە، ئەسڵ لە کاری حزبی کە کوردایەتی و گیانبازی نیشتمانییە و ڕەهەندی هاوفیکری و هاوڕوانینی پێوەیە بۆ خەبات و تێکۆشان و خستنەسەر خەتی هەموو هەڤاڵێک و هەموو هەڤاڵانە بۆ بەرپاکردنی ئەرک و ئامانج.

لەم تێکۆشانە حزبییە، دەستە جەمعییە ئاساییەدا ڕوودەدا کە بەهۆی ململانێ و بەریەککەوتنی سیاسییەوە تێکۆشەران سیاسەت بکەن و دووچاری ئەوەش بن کە سیاسەت لەگەڵ یەکتریشدا بکەن، بەڵام ئەم سیاسەتکردنە دەبێ جورعەیەکی کەم و وەک دەرمان بە کەوچک بێت و لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانە بێت کە ناکۆکی لاوەکییە و لە چاو ناکۆکی سەرەکی کە لەگەڵ داگیرکەران و لەگەڵ نەیارانی سیاسییە، هی ئەوە نییە ئەجیندا و ڕۆژەڤێکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت و سیاسەتی بێ ڕەحمانەی پێوە بکرێت. ئەوکاتەی ململانێ و سیاسەتی هەڤاڵ لەگەڵ هەڤاڵ و هەڤاڵان لەگەڵ یەکتری جێی خەباتی هاوبەش دژی نەیارانی سیاسی و دوژمنانی دەرەکی گرتەوە،

ئیتر ئەوە ڕەچەتەیەکە بۆ پاشەکشێ کردن و لە جێگەمانەوەی حزب لە ململانێی سیاسیدا، وەسفەیەکی خۆکوژییە و پێدانی دەسکەوت و پێ قەدەمە بە نەیاران، بێ ئەوەی هیچ کۆشش و خەرجییەک بکەن لە ململانێی ڕووبەڕوودا، بگرە دیارییەکی بەنرخە، بەڵام بەنرخێکی هەرزان وەک ماشەڵڵای لێ بێت لە چەند نموونەی خۆماڵی دا بینیومانە و تائێستاش کوردایەتی و حزبایەتی و پرۆسەی دیموکراسی بە دەستییەوە دەناڵێنێ و گیری خواردووە.

لەبەر ئەوەیە زۆر گرنگە ئەم دۆخە دەستنیشان بکەین کە ڕکابەری ناوخۆیی و خۆبەخۆیی ناو حزب وەختێک دەکێشێ بۆ ملشکاندن و سیاسەت بە یەککردن و سیاسەتپێکردنی ناوخۆیی هەڵە و شاشییەکی حزبایەتی و کوردایەتی و سیاسی گەورەیە و لەجێ دانانی ناکۆکی دۆستانە و وەلاوەنانی ناکۆکی سەرەکییە.

دەستنیشانکردنەکە لەمەوە دەستپێدەکات، کە تێبگەین بزانین لە دیاردەی تەکەتول و بەوەسفی مام جەلال (کلک گرێدان) مەترسیدارتر دیاردەی (تەکەلوس)، واتا مەیین و مەنگبوونی ڕیزبەندی سیاسییە، کە ڕووی تیر و دەسڕێژ لە نەیارەوە بۆ یار و هاوڕاز و هاوخەبات دەگۆڕێت و سەنگەرەکان دەشەمزێنێ و کاغەزە سیاسییەکانیش لە فایلی هەڵە و پەلەدا تێکەڵ و پێکەڵ دەکات.

ئیتر باسوخواسەکە لەوە دەردەچێ خەبات بێت بۆ ئامانجی سیاسی هاوبەش لە کوردایەتی و دیموکراتی و هەموو ویستە نیشتمانییە هاوبەشەکان، بەڵکو دەبێتە (خەبات) بۆ قوڕگیرانەوە و قوڕگرتنەوە بۆ یەکتری، لەوە دەردەچێت (تێکۆشان) بێت بۆ

یەک ئامانجی هاوبەش و دەبێتە (تێگوشین) و داو نانەوە بۆ یەکتری.

بەڵێ وایە، لەم جۆرە سیاسەتە لەگەڵ هاوخەبات و هەڤاڵی حزبی زیرەک و لێهاتوو و براوەی لە بابەتی پەندە عیراقییەکە کە دەڵێ (عوافي اللي يجيب نقش)، بەڵام ڕاستێکەی ئەمە زیرەکییەکی شەڕەنگێز و ژیرییەکی بەڵا ئامێزە، کەڵکی حزب و بزووتنەوەکەی پێوە نییە و کەڵکی بەرژەوەندی تەسکی هەڤاڵێک یان چەند هەڤاڵێکی پێوەیە، کە درەنگتر دەزانن ڕاستە بردوویانەتەوە، بەڵام دوایی دەبینن و دەزانن حزبەکەیان دۆڕاوە و ئەوی ئەوانیش بەدەستیان هێناوە هیچی لێ شین نابێ، مەگەر ئەوەی لە زەینی خەڵکی تر و شوێنی تر بچێت و ناشزانرێ بەرهەمی چۆن دەبێ؟

لەبەر ئەو خەسارەت و تەلەفەیە، کە هەر ئەوەی پێوەیە بڵێین ئەزموونە و شایانی دەرس لێوەرگرتنە بۆ ئەوەی دووبارە نەکرێتەوە و نەبینە پەن و مایەی گاڵتەجاری.

سەرەنجام دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای وتار و سەرەتاکانی پرەنسیبی دروست: حزبایەتی خەباتە لەگەڵ هەڤاڵانی حزب و سیاسەتیش لەگەڵ نەیاری دەرەوە. هەر ئەمەیە ڕێگای ئاوریشمینی سەرکەوتنی حزب و بزووتنەوەکەشی.

# فەسڵی شەشەم

## هۆشیاری و ڕۆشنبیریی حزبی بنچینەیە

بە داخەوە ئێستا سەرنجیکی هەڵە و چەوت و ناڕەوا لە نێوەندی سیاسی بە گشتی و نێوەندی حزبایەتی بە تایبەتی بڵاوبۆتەوە کە ڕۆشنبیری و هۆشیاری لە کایەی سیاسی و فیکری، وەک کاری دەستەبژێر و کەسانی گۆشەگیر و خەیاڵپلاو دەناسێنن، گوایا کەسانی دەستوپێ سپی و هیچ لەبارا نەبوون لە بواری پراکتیک و کاری مەیدانیدا.

ئەو ئاڕاستە نا ڕاست و تەشەنەسەندوو و خراپە، هۆشیاری سیاسی و فیکری ئەندامانی حزب و هەڤاڵەکانی ئافرۆزە دەکات و وەک باسی ئەفسانە و شیعر و حیکایەتخوانی وێنای دەکات، لە کاتێکدا هەرگیز مەبەست لە هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری فیکری ئەوە نییە کایەی ئەدەب و کەلتوور و هونەرە جوانەکان بێت، کە ئەم کایانەش بۆ ژیار و بۆ کۆمەڵ و بۆ ژیان گرنگن و فەرهەنگی بەرزن و ئەوی دژیان دەبێت، هی ئەوەیە ڕەخنەباران بکرێن و بیرۆکە دواکەوتووەکانیان ڕەشبکرێتەوە.

بێگومان (ئەدیب)ەکان و زەحمەتکێشانی هونەرە جوانەکان خۆیان بە غیرەتن و دەتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن، بەڵام مەبەستی ئێمە بە تایبەتی هۆشیاری سیاسی، ڕۆشنبیریی حزبی و ڕێکخراوەیی و تێگەیشتنە لە ڕەوتی مێژووی نەتەوە و کۆمەڵگە

و ئەزموونی خۆیی و ئەزموونی گەلان، کە بێ ئەم هۆشیارییە چۆنایەتییە هەرگیز کادیری سیاسی و هەڤاڵی حزبی توانا و لێهاتووییان بەرز نابێتەوە و بەشی ئەرکە سیاسییەکانی حزب لەناو مەعمەعەی ململانێی سیاسی لەگەڵ نەیاران ناکات.

پێغەمبەری موسڵمانان، درودی خوای لەسەر بێ، بە (أقرأ) دەستی پێکرد، هەموو فیکر و بزووتنەوەیەکیش بە فیکر و ئەندێشە دەست پێدەکات و ئینجا وەکو ئەسپسواری ناو ڕۆمانەکان لەسەر زەمینی واقیع ڕمبازێن و ئەسپسواری دەکا و دەباتەوە، مام جەلال گەورەترین و بەتەمەنترین تێکۆشەری بواری حزب لە زمانی ئەدەبیاتی چەپەوە دەڵێ: نووسین و بیرکردنەوەش کار و کردارە. بۆیەش دەستەواژەی ڕەنجدەرانی بیروبازووی لە ئەدەبیاتی حزبیدا داهێنا.

ئەسڵەن لەپای نەبوونی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی حزبییە، دەبینین زۆر تێکۆشەری دڵسۆز و ئازا و خەباتگێڕ تووشی لەڕێ لادان و چوونە سەرجادەی خۆڵ و نەریتی بتپەرستی و خودپەرستی و پیاو پیاوێنە دەبێت.

بێ ئەم پاشخانە هۆشیاری و ڕۆشنبیرییە لە بواری فەرهەنگی حزبی و تێگەیشتنی سیاسی، هەرگیز کادیرێکی حەریفمان دەست ناکەوێت کە تەنها پشت بە ئەزموونی ڕۆژانە و بەرجەستە و تاقیکردنەوەی هەڵە و ڕاستکردنەوە ببەستێت، ڕۆشنبیریی سیاسی و حزبی وەک هەر ڕۆشنبیرییەکی تر ئەزموون و دەرفەت کورت دەکاتەوە و دەیکاتە شتێکی بەردەست و چڕبۆوە کە یارمەتی سەرکەوتن و بردنەوە دەدات.

ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری خەزینێکی بەدەست هاتووە، بەهرە و توانای زاتی گەشە پێدەدات. وادەکات بەهرە، ئەگەر هەبێ، بەو ڕۆشنبیرییە سەد قات گەشە بکات و، ئەگەر نەشبێ، بە هەر پلە و جۆرێک بێت دەتوانێ بە ئەزموون قەرەبووی بێ بەهرەیی بکاتەوە. بەهرە بۆ حزبایەتی و هەڤاڵ و کادری حزبی مەرجی یەکەم و سەرەکی نییە، چونکە حزب هەزاران ئەندامی هەیە کە مەرج نییە یەکسان بێت بە هەزاران بەهرە، بەڵام گرنگە یەکسان بێت بە هەزاران دڵسۆز و وەفادار و خەباتگێڕی بە هیممەت کە ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری ڕێگایان بۆ کورت دەکاتەوە، ئەزموونیان بۆ دێنێتە بەردەم ماڵ و مەقەڕ.

بابەتی ڕۆشنبیری لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئاساییدا، ژیانی کورتی مرۆڤەکان درێژ و فراوان دەکات و ئەزموونی سەربار دەبێت، بێگومان بۆ ڕۆشنبیریی حزبی و ڕۆشنبیریی هەڤاڵان هەروا دەبێت. ڕۆشنبیریی حزبی ئەزموون کورت دەکاتەوە و تەمەنی هەڤاڵ لە حزب و تەمەنی حزبیش لە کاریگەری ناو کۆمەڵ زیاتر و زیاتر دەکات، ڕێ لە هەڵە و پەڵەی چاوەڕوانکراو دەگرێت، چونکە ئەزموونی دووبارە ڕەت دەکاتەوە.

سەرەنجام ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری کە لە هەموو کایەکانی ژیانی حزبایەتیدا پێویستن، پەرۆشی خۆڕسکانە و نییەتی خزمەتکردنی دەوێت. بەڵام ئەم ڕۆشنبیرییە پێویست و گرنگە نابێ بۆ ڕێککەوت و لەناکاو و گوایە (هەرچۆنێک بێت) بەجێ بهێڵدرێت. دەبێ حزب بەرنامەی بۆ دابنێ و خۆی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە دروستکردن و پەرەپێدانیدا، هەرچەندە بوونی ئەم پەرۆشییە، یاخود نەبوونی، وەک پرسیارێکی ئەزەلی

ژیان دەمێنێتەوە، مام جەلال لە سیمیناری پێویستیی دانانی بەرنامەی ڕۆشنبیریی حزبیدا، دوای ئەوەی زنجیرەیەک ناونیشان و چۆنێتی خوێندەوەیان دیاری دەکات، لە کۆتاییدا بە زمان و هەناسەی هەڤاڵێکی پەرۆشی حزبی دەڵێت: (لە کۆتاییدا خۆ ڕۆشنبیرکردن بابەتێکی زاتییە کە دەبێ کادر خۆشی خەمی لێ بخوات و بە دڵنیاییەوە بەدوای چارەسەریدا بگەڕێت).

لە ئەزموونی کاری پێگەیاندنی حزبەوە لێرە سێ تەوەر بۆ پێگەیاندنی هەڤاڵ و پەیداکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی دیاری دەکەین:

١ - ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری وەک ماددەیەکی خام و خۆڕسکی هەر ئەندامێکی حزبی، واتا پشتخانی ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری خۆی لە دەرەوەی حزب و لەناو ژیاندا.

٢ - پەیمانگەی کادران و پلەبەندکردنی قۆناغەکانی خوێندن.

٣ - دروستکردنی کتێبخانەی حزب و پۆلبەندکردنی کتێبەکانی کە بۆ ڕۆشنبیری حزبی پێویستن.

کەلتوری حزبی و نەریتی فیکری هەر حزبێک، لە هەموو ڕەوتی خەباتدا، ڕەچەتەی جیاجیای بۆ خۆپێگەیاندنی کادر و تێکۆشەر هەیە، بۆ ئەمەش لیستی کتێبە جەوهەرییەکان بۆ خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی هەڤالان، لە سەرەتای دەستپیکردنی خەباتی حزبدا، پێویستن. بێگومان بەتێپەڕینی زەمان و ئەزموون بەشێکی لیستی کتێبەکانی کە لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان پێویست بوون، لەوانەیە کۆن بن و بۆ ئەمڕۆ

دەست نەدەن، بەڵام شێوازی دانانی لیستەکە و بیرۆکەی پێویستی خۆڕۆشنبیرکردن هەر ماون و ڕەسەنن و دەبێ ببێتە نەریتێکی بەردەوام و بە گوێرەی گەشەی سیاسەت و حزبایەتی و کۆمەڵ بژار بکرێت و پەرەی پێ بدرێت.

بەم گێڕانەوەیە دەتوانین بڵێین لیستی خۆپێگەیاندن تەنانەت پێش ڕێوشوێنەکانی بەرنامەی پێگەیاندن و خولی بەردەوام و دانانی پەیمانگا و ئەکادیمیای حزب کەوتووە و بۆتە دەستپێکی خەباتی ڕۆشنبیری و فیکری، تەنانەت بۆتە دەستپێکی دانانی بەرنامەی ئایدیۆلۆجی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و جیهانبینی حزبەکەش.

وەکو لە شرۆڤەی کۆڕ و کۆبوونەوەی حزبی باسمانکرد کە تەکنۆلۆژیای نوێ و ستایل و تەرزە تازەکانی پێکگەیشتن بەکاربێت گرنگە لە ڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندن هەموو تەکنۆلۆجیای نوێ بەکار بێت وەکو: پۆدکاست، بەرنامەی یوتوب و سمیناری دەنگی و هتد ...

**لیستی خۆ پێگەیاندن**

هەندێک پرەنسیبی سەرەکی بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن

١ - دیاریکردنی ژمارەیەک کتێب و سەرچاوە لەسەر مێژووی نەتەوە و تێکۆشانەکانی، شۆڕش و خەباتگێڕی و مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتی و ململانێکانی.

٢ - دیاریکردنی ژمارەیەک کتێب و سەرچاوە لەسەر مێژووی

حزبایەتی لە کوردستان و عیراق و جیهان، مێژووی ئەزموونی حزبایەتی لە جیهان، بەتایبەتی هی حزبە هاوڕێبازەکان، لە ڕەوتی دیموکراسی و سۆشیالست دیموکراتی و گەشەی کۆمەڵایەتیدا.

٣ - دیاریکردنی ژمارەیەک کتێب و سەرچاوە، وەکو ئەنسکلۆپیدیا و فەرهەنگ و کتێبە بنچینەیەکانی تایبەت بەبواری سیاسی گشتی، ئابووری، گەشەی کۆمەڵایەتی، ئاینەکان و مەزهەبە دینییەکان کە مەبەست لێرە تەنها مۆدێلی ئیسلامی سیاسیی نییە.

٤ - دیاریکردنی ژمارەیەک کتێب و سەرچاوە، تایبەت بە تەکنۆلۆژیای میدیا و پەیوەندییەکان. کە زۆر پێویست و سەرەکین بۆ دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی پێویست بۆ دامەزراوەکانی حزب.

٥ - کتێب و سەرچاوەی گشتی تایبەت بە هەڵبژاردن و جۆرەکانی، دیموکراسی هەڵبژاردن و خوێندنگەکانی.

٦ - فێربوونی زمان، بەتایبەتی زمانی کوردی بەهەموو زاراوەکان و زمانی عەرەبیش کە بۆ سیاسەت لە وڵاتی عیراق پێویستن.

**ئەم سەرچاوە و کتێبانە دەکرێ لە:**

-کتێبخانەی ئۆرگانە سەرەکییەکانی حزب هەبن: مەکتەبی سیاسی، مەکتەبەکان و ئۆرگانەکانی تر و بە تۆڕێکی

ناساندن و فەرهەنگ بەندی پێکەوە گرێ بدرێن. لەگەڵ کتێبخانە سەرەکی و ناوەندی و لاوەکییەکانی حزب، کتێبخانەکان مەرج نییە هەر کاغەزی بن. ڤیدیۆ و دیکۆمێنتاری و کتێبی دەنگی و دیجیتاڵی هەر زۆر گرنگن و دەبنە بەشێک لە گەشەپێدانی شێوەی ئیشکردنی حزبیش.

٧ - پەرەپێدانی فەرهەنگی خەڵاتی کتێب و خەڵاتی خوێندنەوە و پێدانی ناونیشان و پلەی حزبی بۆ هاندان.

٨ - هاندانی کتێبخانەی شەخسی لەلایەن هەڤاڵانەوە و کردنی بە نەریت و کەلتورێکی حزبیانەی پەسەندکراو و دۆزینەوەی زیاد لە شێوازێک بۆ ئەم هاندانە.

ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە حزب دەتوانن ژمارەیەک ناونیشان لە هەریەک لەو بوارانە دیاری بکەن، بەتایبەتی ئەوی پەیوەندی بە مێژووی ڕەسمی حزب، یان بنەما سەرەکییەکانی ئەندێشەی حزب و دونیابینییەکانییەوە هەیە و وابێت کە بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی فیکری پشتی پێ ببەسترێت و یارمەتیدەربێت بۆ یەکخستنی جیهانبینی حزبەکە و هاوڕوانین لە مێژوو و ڕەوتی تێکۆشانی حزبەکە.

### پەیمانگە و مەدرەسەی حزب

حزب دەتوانێت لە چوارچێوەی چەتری مەدرەسەی حزبدا پتر لە پەیمانگەیەکی کادیران بۆ پێگەیاندن و دروستکردنی کادیر دابنێت کە ببێتە بەشێک لە چەتری ناوەندی و پێکەوە

گرێدراو. ئەوەش بە گوێرەی توانا و پێداویستی حزبەکە، بۆ ئەوەی خوێندنگەی پێگەیاندنی حزبی گشتگیر و بەردەوام بێت، دەکرێ بە هەردوو ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستوونی پۆلین بکرێت.

- خوێندنگەی حزبی سەرەتایی بۆ قۆناغ و ناونیشانی حزبی دیاریکراو (تا پلەی ئەندام کەرت یان ئەندام کۆمیتە).

- خوێندنگەی حزبی تایبەتمەند بە گوێرەی توانا و لێهاتوویی کادیر کە لە قۆناغی سەرەتایی و گشتی پێگەیاندنەوە بچێتە تایبەتمەندی و پسپۆڕی (پسپۆڕی هەڵبژاردن، پسپۆڕی ئیدارە و حوکمڕانی و شارەوانی، پسپۆڕی میدیا و خەباتی دیموکراتی و ... هتد.

- خوێندنگەی حزبی باڵا بۆ ناونیشانە حزبیەکانی تا پلەی سەرکردایەتی.

زۆر گرنگە تۆڕێکی ورد و هەرەمی ئەم خوێندنگە حزبیانە پێکەوە گرێبدات، بەشێکی خاڵبەندی پێدانی ناونیشان و پلەی حزبی پەیوەست بکرێت بە هاندانی تەواوکردنی خوێندنی حزبی و تەنانەت بۆ هەندێک ناونیشانیش بکرێتە مەرج. ئەمەش بۆ پایەدارکردنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی.

- هەرەمی خوێندنگەی حزبی دەتوانێت ئەرکی ئەوەش بگرێتە ئەستۆ کە لیستی جیاجیای خۆپێگەیاندنی ڕۆشنبیریی سیاسی و فیکری گشتی کادیر و هەڤاڵان دیاری بکات. بۆ

ئەوەی هەردوو بوار (خۆ پێگەیاندنی گشتی و خۆ ڕۆشنبیرکردنی سیاسیی و فیکری) لەگەڵ بەرنامەی پێگەیاندنی کادیران یەک بگرێتەوە و هەنگاو بەرەو یەکێتی و یەکڕیزی فیکریی حزب بنرێت.

**سێ تێبینی گرنگ وەکو قفڵی ئەم باسە**

- باشتر وایە بژاردەی خوێندنگەی حزبی جێگیر و بەردەوام بێت و تەنانەت ڕاسپاردە و بڕیاری کۆنگرەکانیش، کە تایبەتن بەم بوارە، هەر لەو چوارچێوەیەدا بخولێتەوە.

بەرنامەکە پەرەپێبدرێت و فراوان بکرێت، نەک تووشی شڵەژان و دەستکاری بکرێت.

- پەیوەست بەو بوارەش: حزب هاندەری ئەم جێگیری و بەردەوام و ناوەندییە بێت لە کایەی خوێندنگەی حزبی و دەستبەرداری خولی لاکۆڵان و پەرتەوازە و بێ سەروبەر بێت، کە وەکو خولی پەلە و بە هەڵپەی پێگەیاندنی پۆلیس و حەس حەس وایە و هیچ ئەزموونێکی پێگەیاندنی لێ شین نابێت.

بێگومان ئەم باسە وردەکاری زۆر هەڵدەگرێت کە دەتوانرێت بە تایبەتی و بە نەخشەی ناوخۆیی حزبی ئیشی لەسەر بکرێت، وەکو لیستی کتێبەکان، نەخشەی خول و مەشق و پەیمانگەکان و ناونیشانی کتێبەکان.

قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی و فیکری بۆ خەبات، چوونە قوڵایی زیاتر هەڵدەگرێت گرنگترینیان ئەوەیە باشترین

ویقایە و خۆپارێزییە لە لادانی حزبی و دواکەوتن و گروپسازی و هەموو نەریتەکانی کە هی پێش سەردەمی تەشکیلات و تەنزیماتە، کە هیچ پەیوەندیان بە حزبایەتییەکی ڕێک و پێک و مۆدێرنەوە نییە.

- بابەتی (نموونەی لیستی کتێبی پێگەیاندنی کادران) کە لە زنجیرە وتارەکەی کوردستانی نوێدا بڵاوبۆوە، لە چوارچێوەی ئەم کتێبە لابراوە. بۆ ئەوەی وەک باسێکی سەربەخۆ ئیشی وردتر و بەرنامەتری لەسەر بکەین. ڕوانگەکانی وابێت کە لیستێکی مەحکەم و دەوڵەمەند، بە ڕاوێژ لەگەڵ هەڤاڵانی بۆردی هۆشیاری و ئەکادیمیای کادیران هەڵسەنگاندنی ئەزموونی کرداری (ئەکادیمیای پەروەردە و پەرەپێدانی کادیران) دەستنیشان بکرێت، بە جۆرێک ئەم بابەتە لە چاپەکانی تری (کوردایەتی واتا حزبایەتی ... حزب ئاوا بێت تا حزبئاوا بێت) فەسڵێکی سەربەخۆ بێت.

# فەسڵی حەوتەم

## خەباتی هەمەلایەنە
## بژاردەی ستراتیژی نەگۆڕ و تاسەر

خەباتی هەمەلایەنە دەستەواژەیەکی ئەدەبی ناو کۆڕی سیاسەت و تێکۆشانی کوردایەتییە. هەندێک جار وەک دەستەواژەی هاندانی جۆش و خرۆشی ناو وتاری سیاسی دێتە بەرچاو و لە ئەدەبیاتی یەکێتی و مام جەلال دا دووپاتە و ڕستەیەکی شۆڕشگێڕی خەباتی پێشمەرگایەتییە، بەڵام ڕاستێکەی دەستەواژە و چەمکی خەباتی هەمەلایەنە بە ئەزموون و نرخی زۆری هیلاکی و تێکۆشانی کوردایەتی سەلمێندراوە و بۆتە بژاردەیەکی ستراتیژیی نەگۆڕ و تاسەر کە هەموو شێوازەکانی تری خەبات لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەبێتە چەتری ئەمان و پارێزگاری بۆیان، جێگەی کەسیان ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە چەتری سۆز و باوەشی گەرم بۆ هەموویان.

خەباتی هەمەلایەنە هەموو ئامراز و شێوەکانی خەباتی کاریگەر دەگرێتەوە کە یاساکانی خەباتی ڕەوا و ڕەوان و دادپەروەر بۆ میللەتانی بن دەست و ڕوو لە ئازادی و ڕزگاری، بە شایان و زەڕووری و ناچاری زانییوە.

خەباتی هەمەلایەنە بەرەیەکی فراوانی ئامرازی خەباتی

سیاسییە لە بەرامبەر بەرەیەکی زاڵم و زۆردار و ستەمکار، کە هەموو شێوازە ئاساییی، مەدەنی و دیموکراتییەکانی لە گەلی بندەست و ئازادیخواز حەرام و قەدەغە کردووە.

خەباتی هەمەلایەنە وەک ستراتیژی (جەنگی مەغلوبە)ی میللەتی زوڵملێکراو وایە بەرامبەر ستەمی هەمەلایەنەی گشتگیر و (هەڵمەتی خاچپەرستانە)ی ناحەزان لە دژی خاوەن خاک و خەڵکی ڕەسەنی وڵات.

خەباتی هەمەلایەنە گرێدراوی خەباتی درێژخایەن و دوورمەودا و ستراتیژیی بزووتنەوەی سیاسی میللەتە کە حزب و بزووتنەوە و بەرە سیاسییە جیاجیاکان نوێنەرایەتی دەکەن.

حزب و بزووتنەوەی سیاسی لە داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی سەرخستنی خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی خۆیدا بە نەفەسێکی درێژ و دوورمەودا ئیش دەکات و بەرنامە دادەنێ.

خەباتی درێژخایەن و دوورمەوداش مانای تێپەڕین بەسەر چەند قۆناغ و چەند دەورانی سیاسیی کە گۆڕانی سیاسیی هەمەچەشن دەقەومێ. ئیتر لەوێوە خەباتی میللەتەکە بەرەو پێش دەڕوا و سەنگەری قایمی ستەم و دیکتاتۆری درزی تێدەکەوێ و پاشەکشێ دەکا و هەلومەرجی دەوروبەریش وا دەگۆڕێ کە سەرەتای خەبات وەک ناوەڕاستەکەی و کۆتاییەکەشی وەک سەرەتاکەی نییە. ئەمەش لە پێشکەوتن و پاشەکشێدا گۆڕان لە تەکتیکی ئیشکردن و خەبات دەکاتە پێویستییەکی واقیعی، لێرەوە خەباتی هەمەلایەنە مانای

جەوهەری پەیدا دەکات.

یەکەم: هەندێک لە جۆرەکانی خەباتی هەمەلایەنە: بەو واتایە دێت، لە دەستپێک و تا چەند قۆناغێکیش پێکەوە دەبێت.

بۆ نموونە خەباتی حزبی و ڕێکخستن، خەباتی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتی، خەباتی نهێنی و ژێرزەمینی، خەباتی چەکداری و ئەمنیەتی، خەباتی مەقاوەمەتی زیندان و خەباتی جۆشدانی جەماوەری.

ئەم جۆرە خەباتە هەمەلایەنە، جاری وا هەیە پێکەوە دەست پێدەکەن و جاری وایە هەندێکیان لەنیوەی ڕێگە و بە پێی گەشەی خەباتەکە دێتە ریزەوە و هەندێکیش بە گوێرەی گەشەی زیاتر و هەلومەرجی نوێ پاشەکشێ دەکەن، یان دوا دەخرێن، یاخود تەنانەت بلۆک دەکرێن و بۆ کاتێکی جیاواز دەبنە شێوەیەکی یەدەکی خەبات.

نموونەی ئەمە: خەباتی ڕێکخستن و ئەڵقەی پێکەوە گرێدانەوەی جۆرەکانی ڕێکخستنی نهێنی لە پێشدا دێن، خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە هەلومەرجی خۆی هەبووە، هەرچی خەباتی جەماوەرییە (نارەزایەتی یان پشتیوانی)، ئەوا دوای دابینبوونی ڕێکخستنی پتەو بزووتنەوەیەکی چەکداری پاڵپشت و داکۆکیکار دەبێت لە جەماوەر، کە لە لێقەومانی هێرشی پێچەوانەدا بتوانێت لەسەر ئەو جەماوەرە بێتە جواب و داکۆکیان لێ بکات.

خەباتی تەبلیغاتی و میدیایی لە سەرەتاوە دەبێت، بەڵام بە گوێرەی هەلومەرجەکان ئەرکی جیاواز و شێوازی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت، ئەم خەباتە میدیاییە لە کاتی نهێنی و ژێر

زەمینیدا بڵاوکراوەی نهێنی و جفرەی شۆڕشگێڕییە، بەڵام لەکاتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا ڕاگەیاندنی تەبلیغاتی ڕاستەوخۆ و داکۆکییە لە حزب و بزووتنەوە و جەماوەری شۆڕشگێڕ، لە قۆناغی ڕزگاری و ئەزموونی دیموکراتیدا بەشێکە لە دەسەڵاتی چوارەم و کەمێک سەربەخۆتر کار دەکات، وەک چۆن دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری دادەمەزرێت و بۆ راگرتنی هاوسەنگی ئەزموونی دیموکراتیدا لێک دادەبڕێن.

دووەم: هەندێکی تر لە خەباتی هەمەلایەن لەگەڵ گەشەی خەباتەکە و بەدیهاتنی بەشێکی ئامانجەکانی دێنەکایەوە، بۆ نموونە لە خەباتی دوای ڕزگاری نیشتمانی کە وڵات، یان بەشێکی وڵات، ئازاد دەبن، خەباتی دیموکراسی و هەڵبژاردن دێنەکایەوە، خەباتی هەڵبژاردن لە هەلومەرجی وادا:

- هەم بەرهەمی خەباتی دیموکراسییە.
- هەم ڕێبازی دیموکراسییە بۆ حوکمڕانی و دەسەڵات.
- هەم تەرزێکی نوێی سیاسەتکردنە لە شار بۆ ئیدارەی ناکۆکی و ململانێکان، بەخۆشی و خۆشەویستی و خۆنەویستی و ململانێی نەرم.

خەباتی هەڵبژاردن بەشێکە لە خەباتی دیموکراسی، نەک هەمووی، ئامرازێکە نەک تاکە ئامراز، بە ڕاستیش لە هەندێک جاردا خەباتی هەڵبژاردن هێند ئاڵۆز و قورسە لە خەباتی ژێر زەمینی دژوارتر و ژیرتریشە.

لە هەلومەرجی ڕزگاری، دیموکراتی و دەستووریدا خەباتی هەڵبژاردن، دەبێتە بژاردەی هەرە سەرەکی خەباتی سیاسی

بۆ ئاڵوگۆڕی حوکمڕانی و بۆ گەشەی دیموکراسی و گەشەپێدانی سیاسی.

بەڵام بەوحاڵەشەوە بژاردەی هەرە سەرەکی بۆ ئەوەی سەرکەوێ و بەسەرەکی بمێنێتەوە گرنگە لەگەڵ ئامرازەکانی تری خەباتدا ئاوێتە بێت و لێیان جیانەبێتەوە.

واتا ئەم خەباتی هەڵبژاردنە خۆشی بەشێک بێت لە خەباتی هەمەلایەنە کە ستراتیژییێکی ڕاست و تاقیکراوەیە و لە تەنگانەدا هەمیشە پێویستمان پێی دەبێت، چونکە حزب بۆئەوەی لە کۆڕی خەباتی هەڵبژاردندا براوە بێت دەبێ:

١- ڕێکخستن هەبوو ئامادە بێت، پتەو بێت و پۆڵایین بێت و وەک کێو لەبەردەم نەیار و ناساز و ناجۆردا راوەستاو بێت. بتوانێ لەو سەنگەری قایم و پتەوەوە بژاردەی هەڵبژاردن بباتەوە.

٢- نەزم و نیزام و ئەمنیەت و خاکی ئازاد دابینکراو بێت. واتا باسکی بەهێزی نیشتمان، کە بنچینەی لە هێزی پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکدارییەوە هەڵقولاوە لە قۆناغی ڕزگاری و ئازادی وڵاتدا ئەرکەکەی گۆڕابێت بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵک، نەک لاواز و پەراوێزخراوبێت کە یان بەلارێدا ببرێ، یان بەرەو فەرامۆشی و دوورخستنەوە لەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە برابێت.

٣- خەباتی تەبلیغاتی و میدیایی ئەرکی خۆی لە قۆناغی نوێدا لە هوشیاری سیاسی و تێگەیشتن لە بژاردەی دیموکراسی و هەڵبژاردن جێبەجێ کردبێت.

بۆ ئەوەی بژاردە ڕاست و ڕەواکان و حزبە ڕەسەن و سەنگەر قایمەکان ببیەنەوە و ڕێگا بۆ گەشەی زیاتری دیموکراسی خۆش

بکەن.

ئەم تاقیکردنەوەیە تاقیکرایەوە، ئەوەبوو کە ڕێکخستن پەرت کراو حزبی ڕەسەن و نیشتمانی لاواز کرا و لێکترازانی تووش هات، ئیتر چۆن بژاردەی ناوەختی هەڵبژاردن کارێکی وایکرد پرۆژەی دیموکراسی پاشەکشێ بکا و هێزی ڕێکخستن و هەموو ئامرازەکانی خەباتی هەمەلایەنە بنکۆڵ بکرێت.

کەواتە لە سەردەمی دیموکراسی و هەڵبژاردندا پاراستنی بژاردەکانی خەباتی هەمەلایەنە گرنگ و پێویستە، ولاتی ئێمە دوای چەند وێستگەی دیموکراسی و هەڵبژاردن کە گوایە هێزی نوێباوی هێنایە پێشەوە، بەڵام چونکە ئەزموونەکەمان دەڵەمە بوو، ئیتر ئەوەبوو داعش هات و لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی ناوەخت هات، کە پێویستی بووژاندنەوەی باسکی پێشمەرگایەتی و نوێکردنەوەی دامەزراوەکانی کردە واقیعی لە دواخستن نەهاتوو.

هەر ئەم ئەزموونی هەڵبژاردنە هێزی مۆدێل تازەی سەرخست و هێنایە پێشەوە، بەڵام چونکە ڕێکخستنی پتەویان نەبوو و پشتیان بە میزاجی کاتیی دەنگدەر بەست، کە ئەو میزاجە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، وابینیمان کەوتن و کەتنەکەیان هەر ئەوەبوو زیانیان لە هێزی پتەو داو هیچ قازانجێکیان بە دیموکراسی و ئەزموونی هەڵبژاردن نەگەیاند.

لە دەورانێکی نزیکیشدا بینیمان لاوازکەوتن و خاوبوونەوەی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن، کارێکیان کرد دیموکراسی هەڵبژاردن لە چەند جومگەیەکدا تووشی خەوش و کەموکوڕی بێت، تا ئەو رادەیەی بایکۆتی ناڕەوا لەلای چەند

هێزێکی کەم ئەزموون بووە بژاردەیەکی ناڕەوا و نادیموکراسی.

بێگومان لە جەدەلی ململانێ و هاوپەیمانێتی نێوان دامەزراوەکانی یەک حزبدا، وەک جەدەلی لایەنەکانی ژیان بە فراوانی، ڕوودەدات کە جۆرێک ڕاکێش ڕاکێش لەنێوان دامەزراوەکان هەبێت. کە هەر لایە و بەلای خۆیدا ڕاییبکێشێ و لە حزب و خەڵک و قۆناغەکەش وابێت گوایە ئەم ئامرازە هەتا سەر و سەرەکییە و ئەوانی تر باویان نەماوە، بەڵام هەرئەزموونی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی، بە حزب و ڕێکخراوەکانییەوە، پێمان دەڵێت تا قۆناغی ڕزگاری بەتەواوی تەواو دەبێ و مانگی تابانی مافی چارەنووس دەردەکەوێت، هەموو شێوازەکانی خەبات پێویست و ڕەوان. پاشەکشێ پێکردن یان بلۆککردنی کاتی، بە زمانی هاوچەرخی ئەمڕۆمان، هەر شێوازێک لە شێوازەکانی خەبات، ژیری و پێویستییە، بەڵام کوژانەوەی یەکجاری لە تۆماری پێویستی هەمەلایەنی خەباتدا کارێکی کورتبینانە و کەم ئەزموونییە.

حزبی ڕەسەن کەمپین هەر بۆ هەڵبژاردن ناکات، بەڵکو کەمپین بۆ ڕای گشتی و بەها نەتەوەییە گەورەکانی وەک سەرژمێری و ریفراندۆم و بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیش دەکات. بۆ ئەم کەمپینەش هەڵمەت و کەمپین و جۆشدانی ڕێکخستن و دامەزراوە و ئۆرگانەکانیش هەر زۆر پێویست و چارەنووسازن.

تێکۆشەرانی جاران بە ئەزموون بۆمان دەگێڕنەوە کە لە کۆڕی خەباتی هەمەلایەنەدا ململانێ لەنێوان ڕابەر و سەرتیپ. پێشمەرگە و ڕێکخستنی شار، ئەفەندی سەر چەور و تێکۆشەری

جامانە بەسەر هەر هەبووە و هەر دەبێت، بەڵام هەمیشە پێکەوەییان بۆ خەبات پێویست بوون و پێویست دەبن و چیرۆکە خۆشەکانی نێوانیان، وەک ناکۆکی لاوەکی، بەشێکن لە زیندویەتی ئەزموونی مرۆیی خەباتگێڕان و لە کتێبی (ڕشتەی مرواری پێشمەرگانەدا) تۆمار دەکرێت.

لە هەموو ئەم بەسەرهات و تاقیکردنەوانەی کۆڕی خەباتی هەمەلایەنەدا بەرامبەر نەیارانی دوژمنی هەمەلایەنەدا، وانەی هەرە گەورە ئەوەیە: گشتمان دەوێ و هیچمان لێ زیاد نییە و دەستبەرداری هیچی نابین.

هەموویان پێکەوە دەگونجێنین و هەموویان بۆ ڕزگاری کوردستان باشن، کاروانی خەباتی دیموکراسی و هەڵبژاردن، لە وڵات زۆر گرنگە، بەڵام هەرگیز نابێ لە ئاوڕدانەوەی ژیرانە لەسەر دامەزراوەکانی حزب و چاکسازی ناوخۆیی دامان ببڕێ، بۆ بردنەوەی بەردەوام و سەرکەوتنی لەسەر یەک لە هەڵبژاردنەکاندا، حزبی بەردەوام و هەمیشە پتەومان دەوێت.

# فەسڵی هەشتەم

## حزبایەتی گواستنەوەیەکی جەوهەرییە لە کوردەواریدا

پرسیاری مەنتقی و ڕەوا هاتنە گۆڕێ و هاتنە بەردەم ئەم زنجیرە نووسینە کە:

- داخۆ مەبەست چییە لە هاوشانی و یەکسانیکردنی کوردایەتی لەگەڵ سیاسەت و جموجۆڵی سیاسی؟ ئایا لە گۆڕەپانی کوردستان هەر کوردایەتی هەیە و کەسی تر سیاسەت بۆ کۆمەڵ و بۆ وڵات و دیموکراسی و سۆسیالیزم ناکات، وا کۆی باس بە کوردایەتییەوە گرێدراوە؟ وەڵامی نووسەر ئەوەیە وا سەد ساڵە ئەوی جموجۆڵی سیاسی دەکات، خۆی ناوی کوردایەتی لێ دەنێ و لەوە دەچێ کەس نەتوانێ ڕەنجی خەباتی بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە، ئەگەر بە ناوی مەشهور و خۆشناوی کوردایەتییەوە گرێی نەدات، تا ئەوەی لە فۆلکلۆری سیاسی کوردەواریدا هەموو جووڵەیەکی سیاسی بۆ ئازادی و داد و مافەکان پەیوەستی کوردایەتی بووە و ئیتر کەس ناتوانێ حاشای لێ بکات و خۆی تووشی سەر ئێشەی گشتی بکات.

بەو حاڵەشەوە وەکو نووسەرێکی سیاسی، ئیدیعا دەکەم

ئەم پرس و ئیلتباسەم لە نامیلکەیەکی خنجیلانەدا شەرح کردووە کە خۆتان و هەڤاڵان دەتوانن بچنەوە لای، نامیلەکەی (چەتری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، چاپی ساڵی ٢٠٢٠).

- ئینجا بۆچی کوردایەتی بەو هەموو مێژووە و بەو هەموو ڕەهەندە فراوان و قووڵەی باسی دەکەم وا تەنگی دەکەمەوە، یەکسانی دەکەم لەگەڵ حزبایەتی لە کوردستان؟

هەمیشە ناوی حزبایەتی لەگەڵ حزبحزبێنە و ململانێ و ناکۆکی توند و زبر و خوێناوی تێکەڵی گۆشت و خوێنن، بێگومان ئەگەر هیچ کام لەو ڕوانگە گشتیانەی لەسەر حزبایەتی و ناکۆکی حزب حزبێنە هەیە، ڕاستیش نەبن هیچ گومانی تیا نییە هەرخۆی وشەی حزب (پارت) بە مانای (بەشێک) لە گشتی کامڵ دێت و ئەم بەشەش چەند گەورە و ژمارەی زۆر بێت، هێشتا ناکاتە فرەیی و زۆری کوردەواری و زۆرینەی گەلی کوردستان.

هیچ گومانم لەوە نییە کە (بەش) ناکات و ناگاتە (هەموو)، بەڵام دیتنم وایە هەر لەبەر ئەو (بەشە) ماهیەتی حزبایەتی و مەزنییەکەی لە ژیانی نەتەوەدا ڕوون دەبێتەوە، بەش دەستەبژێرە و ئەقڵ و هۆشی میللەتە و ئەوە کە دەڵێین بەش ئەقڵ و هۆشە مانای ئەوە نییە هەرئەو (بەشە) هۆشدار و عاقڵن و خوانەخواستە (گشت) وا نین، بەڵکو مەبەست لێرە ئەوەیە ئەو(بەشە) هەرخۆی موڵکی ئەو میللەتەیە و لێی دابڕاو نییە، دەستەبژێر نیشانەی بێ کەڵکیی گشتی نییە، بەڵکو ئاماژەی مەزنی نەتەوەیە کە توانیویەتی و دەتوانێ

وەک نەتەوە خواپێداوەکانی تر، خاوەنی دەستەبژێر و دەستەی ئاقڵ و هۆشیاری خۆی بێت.

لێرەوە شرۆڤەی وردتر یارمەتیدەر دەبێت لەجێی ئەوەی ئاڵۆز ساز و گرفتدار بێت.

## کامیان پێش کامیانە؟

لە ڕووی زنجیرەی ڕووداو و بەسەرهاتەوە، کوردەواری وەک جموجۆڵی ژیانە و گەشەی هەموو ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە پێش کوردایەتی کەوتووە، بە ڕۆژگارانێکی زۆرترەوە، چونکە جموجۆڵی ژیان ئیدارە دەخوازێ و ئیدارەش یانی سیاسەت و ڕامیاری و ئەم دوانەش لە کوردستانی ئێمەدا واتای کوردایەتی دەگەیەنن، مادام کوردی خۆمانی و کۆمەڵی خۆماڵی پێی رادەبن.

ئێستا با ئەم دەربڕینە رۆمانسییەش بڵێم کە پێش پێشمەرگە و خەباتی پیشمەرگانەش، شاخەکانی کوردستان و ڕووبارەکانی و دەشتودەر و کانیاوەکانی هەر هەبوون، پێش پێشمەرگەی جامانە و کلێتە بەسەر، بە خۆیان و چەکیانەوە، وەک باسکی بەهێزی بزووتنەوە نەتەوەییەکەمان، هەزاران جەنگاوەری ماد و گۆتی و چی و چی هەبوون، کە نەبەردییان دەکرد و دەزگا و دەوڵەتیان بۆ باب و باپیرانی دێرین دادەمەزراند، بەڵام ئیتر لەگەڵ کوردایەتی مۆدێرن و حزبایەتی حەریفدا شایەدی شتێکی تر دەبین، کە مێژووی هاوچەرخ قسەی لەسەری هەیە و رەنگی بزووتنەوەیەکی سیاسی و خەباتێکی بێ وچانی گرتووە کە خوێن و ڕەنجی بۆ دراوە.

بەوەڕا کە قەت ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، پێش

حزبایەتی کوردایەتی و خەبات و شەهادەت هەر هەبووە و بە ئێستاشەوە تەمەنی کوردایەتی خۆڕسک و خۆماڵی لە تەمەنی کوردایەتی هاوچەرخ و مۆدێرن زیاترە، کوردایەتی خۆڕسک جگە لە کۆنینەیی، تەنانەت لە دەرەوەی کاری دەستەجەمعی بزووتنەوەکانی پێشووشەوە هەر هەیە و بەشێکە لە مێژووی ڕەسەن و دێرۆکی شانازی نەتەوە، بەڵام کوردایەتی لەم زەمەنەی ئێستا و هیچ نەبێ بە ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردوو، بزووتنەوەیەکی گەورە و ئەرکدار و فراوان و ئاڵۆزە کە دامەزراوەی سەنگین و پتەوی دەوێت، حزبیش سەرەکیترین دامەزراوەیەتی[٩].

٩- -وەک بەڵگە لەسەر تێکەڵی نێوان کوردەواری و کوردایەتی دەکرێ ئاماژە بە ناوەکانی برا گەورەیی و مەزنایەتی ناو کوردایەتی بکەین کە نازناوگەلی کوردەواری و کۆمەڵایەتی بەسەرکردە و ڕابەرەکان دەدات. بۆ نموونە: شێخ مەحمودی حەفید، مەلا مستەفا، شێخ سەعیدی پیران، مام جەلال، ئاپۆ، قازی محەمەد. لە بەرامبەردا ناوە مەدەنییەکانی وەک نەوشیروان، هەرچەندە ئەویش کاک نەوشیروانی پێ دەڵێن کە حورمەتگرتنێکی کۆمەڵایەتییە، حەمید دەروێش کە حەمید حاجی دەروێشی پێ دەڵێن، وەک پێدانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە باوکی کە ئەمە ئاماژەی ناڕاستەوخۆیە بە پێگەی خێزانی مامۆستا حەمید.

تەنانەت کوردی ڕۆژهەڵاتیش نازناوی دکتۆر قاسملوو وا پێکەوە گرێدراو بەکار دێنن کە نازناوە بۆ ژیری و حەکیمی رابەرێک تا ئەوەی ئاماژە بێت بۆ پلەیەکی زانستی و ئەکادیمی

لە بەرامبەردا ئێمە شایەتی وردە وردەی بڵاوبوونەوەی چەمکی مۆدێرنی حزبەکان دەبین لەناو کۆمەڵدا.

دەگوترێ ئاغا و سەرۆک عەشیرەتێک حەزی بە کوردایەتی و هاوکاری بزووتنەوەی کورد ئەبێت بەڵام پێی ناخۆشە حزب لە گوند و لە جوتیار و وەرزێری ئەو نزیک ببنەوە و بیانکەنە ئەندام و هەڤاڵی حزب. تەنانەت ئەو نوکتە و قۆشمەیە باوە کە پیاو ماقولێک گوتویەتی ئەم حزب و هەڤاڵانە هاتن ناوی شتەکانی کوردەواریان گۆڕی، بۆ نموونە: بە ڕاکردن دەڵێن ئینسحاب. بە سواڵکردن دەڵێن پیتاک کۆکردنەوە و ئیتر بەم جۆرە. تەنانەت لەبەر کاریگەری دامەزراوەی حزبایەتی لەناو

بەڵێ وایە و گومانی تێدا نییە کە کوردایەتی لە دەرەوەی حزبایەتیش هەیە، بەربڵاو و فراوانە و دێرین و نەمرترە، بەڵام لە دەرەوەی حزبایەتی وێڵ و سەرگەردانە و بە بادا دەچێ، سامانی زۆر و زەبەندی دەم بایە و دامەزراوەی حەریفی وەک حزبایەتی دەوێت کە خڕی بکاتەوە و بۆ ڕۆژانی داهاتوو دابینی بکات، ئاوی زوڵاڵ و ڕووباری شینە بەنداوی گەورەی دەوێت بۆ وشکەساڵی و پاشەکشێی ڕۆژگاران گلی بداتەوە و لە ڕۆژی ئێستاشدا کارا و چالاکی بکات، هەر تەنیا لەناو حزبایەتیدایە کە تێکۆشەری حزبی وەک خۆی و لەگەڵ هەڤاڵەکانی، ڕێکخەرە، هاندەرە و بانگەوازخوازە، چالاک و کاریگەر و ئاگادارە.

---

خەڵکدا سەرۆکی جوڵانەوەی پێشتری کورد گاڵتە بە حزب دەکات و پێشی ناخۆش بوو پێی بگوترێ (مامۆستا) دەیگوت: عەلی مەردان مامۆستایە...

بەدیوی ئیجابیشدا کاریگەریی ئیجابی دەستەواژە و گوتەکان دەبینین لەسەر حزبایەتی. مامۆستا برایم ئەحمەد وشەی (خەبات) و (هەڤاڵ)ی لە باکوور وەرگرت و کردیە دەستەواژەی مۆدێرنی حزبایەتی. زۆر جار لای باکوری گوێمان لە کەد و ڕەنج و خەبتین دەبێتەوە کە مانای هیلاکی وماندوو بوون و دەستی (ماندوو لە سەر زگی تێرە) و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیری چەپ و سۆشیالیزم لەو بەشەی وڵات مانای سیاسییان وەرگرتووە. مامۆستا محسن عەلی ئەکبەر یەک لە تێکۆشەرانی بواری حزبایەتی و روناکبیری ناو کۆمەڵە و یەکێتیش دوو روداوی مانادار بۆ گێڕامەوە کە هەڤاڵێکمان پەیڕەوی ناوخۆی لە شێوەی شیعر و غەزەل و سەجەع ڕێکخستووە بۆ ئەوەی هاورێی کۆمەڵە زوو لەبەری بکات.

شیعرێک بوو لە شیوەی ئەحمەدییەی شێخ مارفی نۆدێی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی: عین چاوە، رەئس سەرە

حیکایەتی دووەم ئەوە بوو کە شڤان پەروەر لە سرودی (هەڤاڵی برا گرانم) دێڕێک دەڵێ ئەندامی کوردستانم، ئەز خەڵکی کوردستانم، کە وشەی (ئەندام) لە حزبەکانەوە گوێی لێ بووە و گواستویەتییەوە ناو هونەر و ناو فەرهەنگی فراوانی کۆمەڵگە.

جا لێرەوە حزبایەتی وەک ڕێکخستن و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی ڕۆڵی نۆتەی مۆسیقا دەگێڕێت، کە دەنگە جوانەکانی دەشتەکان لە خوڕەی ئاو و کانیاو و جریوەی باڵندەکان و هتد ... ڕێک دەخات و پارچەیەک ئاوازی لـێ هەڵدەچنێ، کە خۆی هی سروشتە، بەڵام بە ڕێکخستن و نۆتەکـردنی ئیمزای ئاوازدانەر و کـۆششی تیمی مۆسیقایەکی هـونەرپەروەر لـێی دەدات و دڵ گـەش دەکاتەوە، لـێرەوەیە حـزبـایەتی ئیشی باخـەوان یاخـود باخەوانگەلێکە کە سەوزایی دەشتودەر رێکدەخات و لە چوارچێوەی باخچەیەک بە پەین و مەقەست و ئامێری باخچەوانی بە سەبر و سەلیقە دەیانڕازێنێتەوە. بە مانایەکی تر خۆی سروشتی جوان هەیە، نە خاسمە سروشتی وڵاتـی ئێمەش، بەڵام باخەوان، بەتایبەتی باخەوانی مەرد و ڕەند ئاوی دەدا و چاودێری دەکا و گوڵپەروەرێکی جوانناسە.

بە مانایەکی تر خۆی کوردایەتی هەیە و خۆڕسکە، بەڵام ئۆرگانی ڕێکخستن مشتوماڵی دەکا و ئەرکی نەتەوایەتی پێ ڕایی دەکات، خۆی کوردایەتی لەوەتەی کورد هەیە گوڵاڵە سوورەی دەشتودەر و خواستی کۆمەڵی کوردەوارییە بۆ ئاوەدانی و بوژانەوە، هەرچی حزبایەتییە وەک نرخی مەعنەوی و بەهای فیکری بۆ دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی رێکی دەخات و خاوەندارێتی لێ دەکات، ستوونی پتەوی هەرمان و هەمیشەیی بۆ دادەنێت.

بەو واتایە حزبایەتی کوردایەتییەکی ڕێکخراو و خاوەن ستراتیژە کە بۆ سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانج دڕک و داڵ و

پووش و پەڵاشی زیادەی لێ لادەبات، ئەوی بێکەڵکە شوێنی نابێتەوە و ئەوی بۆ ئەرک و فرمان گونجاوە پەروەردە و تۆکمەی دەکات.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە هەڤاڵێتی و پێکەوەیی و گیانبازی باش و گونجاوە بۆ دەم و دەست و بە زوویی کەوتنە سەرپێی بزووتنەوەی کوردایەتی و لە ڕووی بەها بەرز و مۆدێرنەکانی کاری دەستەجەمعی و پلەبەندکردنی کۆششی ڕێکخراوەیی، زۆر پێویستە شێوازی مۆدێرنی کارکردن بێتە کایەوە.

بێگومان هەرچی چاک و گونجاو و لەبارە لە جوولەی خۆڕسکی کوردایەتی هی ئەوەیە کەڵکی لێوەربگیرێ و بهێنرێتە ناو دامەزراوەی حزبایەتییەوە، بەڵام ئەوی خراپە لە نەریتە دواکەوتووەکانی وەک: تەوەلایی، منمنۆکێ و پێڕپێڕی و هۆزگەلی پێویستە تووڕ هەڵبدرێت و لیژنەی پشکنین و کوالیتی کۆنترۆڵی مۆدێرن خەبەری لێ بدات و لە جەستەی بە نرخی حزب دووری بخاتەوە، هەرچی سیفەت و خەسڵەتی دواکەوتووی کۆمەڵی ئێمەیە، کە هی جەهالەت و داڕزاوی پێشینە و بێئاگا لەخۆمان هاتووە و دێتە ناو جەستەی ئۆرگانی حزبەوە... دەبێ زووبەزوویی پوچەڵبکرێت و بە دژەڤایرۆسی هەڤاڵێتی و خەباتگێڕی و حزبایەتی مۆدێرن لەناو ببرێت.

دەرفەتی نووسین و ستوونی ڕۆژنامەی کاغەزی ڕێ بە زۆربڵێیی نادات، بەڵام هەر بۆ نموونە: خەسڵەتەکانی لوتبەرزی، ئیرەیی بردن، بەهیچ سەیرکردنی کۆششی هەڤاڵەکانی خۆت، خۆ بەشتزان و کەڵەگایی، تەمبەڵی و بێ پەروایی، پاشقولگرتن و خنەخنکردن لە ئەرکی خەبات و ڕاپەڕاندنی فرمانی سەرشان،

ئەمانە هەر هەمووی خەسڵەتی قۆناغی پێش حزبی، قۆناغی جەهالەت و دواکەوتووییە کە لە غەفڵەتا دێتە ڕیزی ڕێکخستنی مۆدێرنەوە و هەوڵدەدات گەرای تێدا بکات[١٠].

ئەمما خەسڵەتە جوانەکانی هەر ئەم کوردەوارییەی خۆمان، لەکاری هەرەوەزی و هاوکاری و هیممەت و بەتەنگەوەهاتنی یەکتری گشتیان هی ئەوەن باوەشیان بۆ بکرێتەوە و ببنە بەشێک

لە بەهاکانی ڕێکخستنی ئۆرگانی حزب، ببنە بەشێک لە نەریتی کوردایەتی ڕێکخراو و بچنە ناو پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەوە و دەربڕین و وشەی هەڤاڵانەی ناو فەزای حزبایەتی

---

١٠- -نەریتی خراپی سوپاس نەکردن و پاداشت نەکردنی کاری باش و داهێنانی چاکی هەڤاڵەکانمان لە کایەی حزبیدا بۆتە دیاردەیەکی نا پەسەند و کوشندەی ناو حزبایەتی ئەمڕۆمان. ئەمە هیچ نییە جگە لە دزەکردنی نەریتی خراپی حەسودی و ئیرەیی پێ بردن و چاوهەڵنەهێنان بە کاری باشی هەڤاڵانی خۆمان . نەوشیروان مستەفا دەینووسی هەندێک کەس هەن ئەگەر دەوڵەتی کوردیشیان بۆ دروست بکەین قەت ناڵێن سوپاس و دەستت خۆش بێت. ئەمە دەستنیشانکردنێکی ڕاست و دروستە کە بەداخەوە خۆشی لە ئەزموونی سیاسی خۆیدا تووشی هات کە سوکایەتی بە زۆر کاری باش دەکرد و گاڵتەی پێ دەهات.

وایدەبینم ئەم خەسڵەتە نەریتی جەهالەت و هی کوردەواری پێش حزبایەتییە. لە کاتێکدا ستایشی کاری باش هەم سیفەتێکی جوانی کوردەواری و هەمیش نەریتێکی هەڤاڵێتی زۆر باشە کە دەبێ لە حزبایەتیدا برەوی پێ بدرێت و پاداشتی بدرێتێ. جارێک هەڤاڵێک کارێکی زۆر باشی کردبوو بۆیە لای سەرۆک مام جەلال دەردە دڵی خۆی کردبوو کە هەڤاڵەکانی دەستخۆشیان لێ نەکردووە و گوایە وتویانە ئەو کارەی کردویەتی ئاساییە و جەمال ئاغا وتەنی واجبیشە. مام جەلال دڵی دایەوە و گوتی دەبوایە بەو هەڤاڵە بڵێی مەزنی کارەکەی من ئەوەیە کە زۆر زۆر ئاساییە و بە عەرەبی گوتی: سەهلی مومتەنەعە. یانی ئاساییەکی دژوارە و خۆی نادات بەدەستەوە. بتوتایە من دەیزانم تۆ نایزانی، بتوتایە کۆلۆمبۆس بە نەیارەکانی وت، بەڵێ ڕاستە ئەمریکا قەدیمە و ئەم کیشوەرە لە زۆر کۆنەوە هەیە، بەڵام من دۆزیمەوە و ئێوە نەتاندۆزییەوە. بەم جۆرە هانی ئەو هەڤاڵەی دابوو.

بۆ دابتاشین.

ئەم پرسە دیسانەوە دەبێتە بەشێک لە پەروەردەی مۆڕاڵی و هۆشیاریی ڕێکخراوەیی حزب، بۆیە دێت و دەبێت تا گوشراوەی باشترینەکانی کوردەواری و کوردایەتی لەخۆیدا کۆبکاتەوە، باشترینەکان بەم کەم و بەم (بەشە) و بەم (پارتە) لەناو زۆرینەی کوردستاندا دەبێتە شانازی جێی ئومێد، دەبێتە پیرەمەگروون و قەندیلێکی سەربەرزی پێگەیشتنی ئەندێشە و کردەوەی نەتەوە.

دیقەت بفەرموون و لێرە قەت وشەی گوزارشتی ئەدەبی ریز ناکەم و (ڕستەی شۆڕشگێڕی) وەک ئەدەبیاتی دێرینی چەپ، توانجی لێ دەدات، نانووسم، بەڵکو ئەمەوێ بیرۆکەکە باشتر و ڕوونتر بگات. مەعلومە (پارت) کەمینەیە لەناو کۆمەڵی کوردستان، بەڵام نەبەردی و ململانێیەتی تا بەها ڕەسەنەکانی هەر ئەم کوردستانە ببێتە خۆراکی پێشکەوتن و ڕزگاریمان.

بە واتایەکی تر:

کوردایەتی ڕێکخراو لەوکاتەی بۆ ڕزگاری و دوا مەنزڵی مافی چارەنووس خەبات دەکات و ئەمەش پرس و ناکۆکییە سەرەکیەکەیەتی، ریک هەر لەوکاتەش ململانێی شاراوەی ناکۆکی لاوەکی هەیە لەگەڵ هەموو نەریتە خراپەکانی کە جاران وڵاتی ئێمەی دواخست و کەلەپچە کرد و نەیهێشت زووتر هەراش بین و پێ بگرین و کەمتر قوربانی و خەسارەت و تەلەف بدەین.

ڕێکخستن پەیامی گوڵاوپرژێن دەباتە ناو کوردەواری و ناهێڵێ دواکەوتوویی و هیچ لەبارانەبوویی لە درزی لاوازی

## ڕێکخستن و حزبەوە بچێتە ژوور، ئالودەی بکات لە جیاتی ئەوەی مژدەبەری سەرکەوتنی یەکجارەکی خەبات بێت[11].

---

١١- زۆر جـار لـەو کۆڕانـەی لەسـەر حزبایەتـی دەیبەسـتم بـە هەڤاڵـی خوێنـدکار دەڵێـم دەبـێ دەسـتبەرداری نەریتـی خراپـی کـوردەواری بیـن ، چونکـە هەندێکـی زیـان بـە حزبایەتـی مۆدێـرن دەگەیەنێـت.

بۆنموونـە: لەوەتـەی هەیـن لـە ماڵـە بـاوان و لـە ماڵـی خۆشـمان کـە سـەلاجە یـان پانکـە یـان هـەر دەزگایـەک دەکڕیـن قـەت سـەیری کەتەلۆکەکـەی ناکەیـن و هیچـی لـێ فێـر نابیـن، بـۆ بچوکتریـن چاککـردن ناچـاری خەرجـی بـێ مانـا ئەبیـن. ئێمـە سـەلاجە دەکڕیـن و چەنـد سـاڵ کاری پـێ دەکەیـن، کـە سـوتا و تێکچـوو دەیبەینـە لای وەسـتای گـەڕەک، بـەلام قـەت سـەیری کەتەلۆکەکـە ناکەیـن بزانیـن چـی تیایـە؟ مۆبایلـی مۆدێـرن دەکڕیـن و قـەت فێـری هەمـوو خەسـڵەتەکانی نابیـن و دەچیـن مۆدێلـی نـوێ دەکڕیـن و پـارەی تـری لـێ خـەرج دەکەیـن!

پەیـڕەوی ناوخـۆ و نەریـت و ئەزموونـی حـزب ڕێـک وەکـو کەتەلۆکـی ڕێنمایـی وایـە، ئەزمـوون و هەڵەمـان بـۆ کـورت دەکاتـەوە، بـەلام ئێمـە هـەر پێمـان خۆشـە فێـر نەبیـن و هیـچ سـەیر نەکەیـن تـا سـەرمان لـە بـەرد و دیـواری ئەزموونـی تـاڵ دەدات. ئـەم نەریتـە خراپـەی کـوردەواری بـە دەسـت و قـاچ دەگوازینـەوە بـۆ گۆڕەپانـی حزبایەتـی و کوردایەتـی مۆدێـرن. کەچـی وەک حەمـدی شـاعیر دەڵێـت (عیبـرەت ناگـرن)

(وەک تریشقە ئاگر ئەگرن، هەوری ڕەحمەت ناگرن
ئەژدەها دەگرن بەقەد دێوێک و عیبرەت ناگرن)

# فەسڵی نۆیەم

## ڕەخنەی حزبی و ڕەهەندەکانی

ڕەخنە لە کاری حزبی ئەرک و بەرپرسیارێتی و هەروەها ماف و بەڵگەی خاوەندارێتییە. هەندێک جار ئەم باسە زۆر کورت و درێژ دەکرێتەوە، وەک چەلەحانێی بێ کەڵکی لێ دێت. ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی کاری حزبی و هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ماکی لاوازی، بۆ چارەسەری، خۆی بەشێکە لە کاری حزبی و لەپێناو بەهێزکردنی حزب و باشتر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لەناو کوردایەتی و کۆمەڵدا. ڕوودەدات کە هەڤاڵ و کادری حزب وا لەگەڵ ڕەخنە هەڵسوکەوت دەکات کە تەنها مافێکی ڕەها و شەخسی و ویستێکی سەندیکایی موجەڕەدە. باشترین جۆرەکانی ڕەخنە ئەوەیە لە ئۆرگانەوە بۆ ئۆرگان و لە پێشدا ڕەخنە لەخۆگرتن بێت، ئینجا ڕەخنە لە هەڤاڵان و ڕەخنە لە شێوەی هەڵسوڕانی کاروباری حزب، ڕەخنە نابێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە تەنها داوای ماف و ئینسافی شەخسییە، ڕەخنە بکات و بگاتە شکاندنی حزب و چالاکی لێکترازان و بردنی حزب بەرەو ئاڕاستەی پێچەوانەی جەوهەر و بەرنامەی ئەسڵی، ڕەوایەتی خۆی لە دەست دەدات و دەچێتە بابی دژایەتی حزبەوە.

ئاڕاستەیەک هەیە کە ڕەخنە دەکاتە کەرەستەی پەلاماردانی حزب و بڵاوکردنەوەی لە سەکۆ ئاشکراکانی سۆشیال میدیا و میدیا نەیارەکان، وەک جۆرێک لە دەست شکانەوە و ناچارکردنی حزب بۆ سەودا و مامەڵەکردن لەگەڵ ویستە شەخسییەکان، دوور لە مافە حزبییە ڕەسەنەکان. بێگومان ئەگەر ڕەخنەکان بە ڕەوا و ناڕەواوە لەناو بازنەی ئۆرگان بێت، دەکرێ چارەسەر ببێت و ماف بگێڕێتەوە، بەڵام کە کەوتە سەر مینبەری ئاشکرا، ئەگەر چارەش بکرێت وەک بەڵگەی یەدەک بە دەست نەیارانەوە دەمێنێتەوە و لە دژایەتی حزبدا بەکاری دێنن، لە حاڵی وادا پەشیمانی و ڕوونکردنەوەی کادر و نیشاندانی ئەوەی ڕەخنەکانی بەو شێوەیە نەبووە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و حزب زیانی لێدەکات. بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەم دیاردە ناشرینە زیان لە حزب و پرۆسەی ڕەوای ڕەخنە و تەنانەت لە کادرە دڵسۆز و ماف خوراوەکانیش دەدات، تەشەنە دەسێنێ بۆ ئاستێک کادری بێ کەڵک بەکاریدێنێ و کادری دڵسۆز سڵی لێدەکاتەوە. ڕێگەی ڕاست ئەوەیە حزب خۆی فەزای ڕەخنەی ڕەسەن پەرە پێبدات و بیکاتە بەشێک لە فەزای حزبایەتی ڕاستەقینە، کارێک بکات گوێ لە ڕەخنە بگرێ، هەر ئەوەش نا، بەڵکو چاری بکات، چونکە زۆرجار هەندێک لە سەرکردەکان گوێ دەگرن لە ڕەخنە، بەڵام کاری پێ ناکەن و زیاتر بۆ هەڵمژینی ڕەخنە لە جەدوای خۆی بەتاڵی دەکەنەوە. ڕووش دەدات کە هەبن کەڵکی خراپ لە ڕەخنە وەردەگرن بۆ شکاندنی کادری ڕەخنەگر و قووتدانی مافەکانی، بە بیانووی خراپ بەکارهێنانی مافی ڕەخنەوە، ڕووش دەدات کە کارێک دەکەن ڕەخنەی ئاشکرا لە دژی هەڤاڵەکانی ململانێکاریان

بەکار دێنن یان گوێ بە ڕەخنە و تەشهیری ئاشکرا بە حزبەکەیان نادەن، مادام خۆیان ناگرێتەوە و قسە ڕووی لەوان نییە، کە ئەمە جۆرێک لە نامەردی حزبییە، چونکە حزب یەک یەکەی پێکەوەییە و ناوزڕاندنی سەرەنجام ناوی ئەندامی خۆپەسەند و خۆپەرێزیش دەگرێتەوە.

لە هەموو دۆخێکدا کەموکوڕیی ڕەخنە لە کرداردا، نابێت بگاتە ئاستی ئاودیوکردنی ئەو سەرەتا گرنگەی ماف و ئەرکی حزبایەتی، بەڵکو دەبێ دەرد و نەخۆشییەکانی چارەسەر بکرێت، واتا شتێک وەک پرەنسیبی ڕەخنەگرتن لە ڕەخنەش بگیرێتەبەر تا ئەوکاتەی ڕەخنە و مافی ڕەخنە دەبرێتەوە شوێنی شیاوی خۆی، وەک ئوسوڵێکی بنچینەیی حزب.

حزب بە ڕەخنە بەهێز دەبێ و حزبی بێ ڕەخنەگر و بێ هەڵسەنگاندن، چەند بەهێز بێت، دەگاتە قۆناغی هەڕەشە و بنکۆڵکردنی هێز و پتەوییەکەی خۆی.

حزب بگاتە ئاستێک فەزای ڕەخنەی تیا نەمێنێ، دەگاتە قۆناغی بێ دەربەستی و هەقم بە سەرییەوە نییە و سەرەنجام زیانێکی گشتی حزب، پێش هەموو کەسیش زیانی ئەوانەی کەیفیان بە ڕەخنە نایە، یان قازانجیان لە نهێنی گۆیی و نهێنی ڕەفتارییە.[١٢]

١٢- یەکێک لەو هەلومەرجانەی وادەکات ڕەخنەلەناو حزب جێی خۆی بگرێت ئەوەیە لەلایەن کادیران و کەسانێکی تێکۆشەرەوە بێت کە بەکردار بەشی ئەوە خزمەتیان کردبێت نازی ڕەخنەیان بیخوات و باسی ڕەخنەیان جێ بگرێت، چونکە سەرەنجامی ئەزموون و کاری حزبیی و واقعییە. ڕەخنەیەک کە کرداری لەگەڵ نەبێ، چونکە بێ ئەزموونی لە پشتە کرچ و کاڵ دەبێ، چونکە ڕەخنەگر بێ ئیشە و کەسی چالاک نییە سا بۆیە ڕەخنەکەی جێ ناگرێ و خاوەنەکەی ڕەزا تاڵ دەبێ، چونکە قسەی بێ کردارە.

هەڤاڵێک بۆی باسکردم کە بە هەڤاڵێکی دێرینی حزبم وتووە باوەڕدەکەم لەسەرەتای ئەم

---

خەباتەوە تێیدا بویت، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەوەندە ڕەخنەی لێ دەگریت و قسە بە خەباتەکە دەڵێیت ئەوەندە کاری تیا ناکەیت و خزمەتت ونە. یانی بوون و نەبوونی ئەو هەڤاڵە وەکو یەک وایە. هەمیشە بە چەکی ڕەخنە و دەستڕێژی بێ چالاکی و گیانفیدایی خۆی دەشارێتەوە.

ئەم دەرکەوتە و ئەم ڕەخنەگرە زیانی بۆ پرۆسەی ڕەخنە هەیە چونکە لە کردار و کردەوە بەتاڵی دەکاتەوە.

لە هەموو حالێکدا تەنها قووڵکردنەوەی گیانی ڕەخنەیی و پیادەکردنی ڕەخنە وەک بەشێک لە نەریتی حزب و دۆزینەوەی میکانیزمی چاودێری و ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کارکردن و هێنانە سەر هێڵی ڕاست، دەتوانێت دیاردەی ڕەخنە بە کەڵک و شایستە بکات.

# فەسڵی دەیەم

## بەشداریی ژنان لە کایەی حزبدا

کاراکردنی بەشداریی سیاسیی ژنان، پەرۆش و خەمێکی ڕوو بە دەرەوەی دەستەبژێری سیاسیی کوردستان و عێراقە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم خەمە ڕووی لە شوێنی هەڵە و کوێرەڕێی نائاوەدانە، بەشداریی ژنان لە ئەرکی گشتیدا، هەر دەبێ لە ڕێی کاراکردنی بەشداریی حزبییەوە بێت، سیاسەت لەناو حزب دەکرێ و حزبیش یەکەم کایەی ڕۆڵگێڕانی سیاسییە، جاران کزیی ئەم بەشدارییە بەهۆی پێنەگەیشتنی ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵ و ژنان خۆشیانەوە بوو، بەڵام نزیکەی ٢٠ ساڵێک دەبێ، کە مۆدێلی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و بیری ڕووکەشی ناوەندە لیبڕاڵییەکان کارێکیان کردووە، بەشداریی ژنانیان کردۆتە پرسێکی مۆدێلسازی کە بەرهەمی گەشەی پرسی ژن و پرسی سیاسی ولاتیش زۆر کەم و لە ئاستی ڕەنجی ژناندا نییە، سیاسەت گەمەی حزبە و ژنان دەبێت لە ناوەڕاستی ئەو یارییە حزبییە بن و بەشێکی ڕەنجی خەباتی خۆیان بەدەست بهێننەوە.

لە ناو فەزای نالەباری سیاسی و مۆدێلی خراپ نیشاندانی حزب و حزبایەتی وەک دێوەزمە و دوورخستنەوەی ژنان بە

بیانووی پڕوپوچی ڕەفتاری پیاوان،[١٣] بەشدارییەکی هەرزانە لە دواکەوتنی پرسی ژنان و چەقبەستنی گەشەی کۆمەڵایەتی خەباتەکەیان، لەبەر ئەم هۆکارانە لە غیابی رۆڵێکی کارای ژنان لە کایەی حزبایەتیدا، ژنانی بە توانا و لێوەشاوە و دەستپێشخەریش دەکەونە دۆخی دێوانەیی و تەنهایی ناو حزب و هەژموونی ناڕەوای پیاوانەوە. هیچ شتێک لایەنی نێگەتیڤی بەشداریی سنووورداری ژنان لە حزبایەتی چارەسەر ناکات، بەقەدەر فروانکردن و پەرەپێدانی ئەو بەشدارییە نەبێت، مەسەلەکە وەک هەڵمەتی پێشمەرگانە وایە: چەند پیشمەرگەی کەم دەکەونە کەمین و تێکدەشکێن، چارەسەر ئەوەیە هێزی زیاتر بە هانایانەوە بچن و ببنە زۆرینەی دەرەقەت هاتوو، واتا تا حزب پڕ بێت لە ژنان و دایک و خوشکان و کچان بچنە ریزەوە، دەرفەتی لەناوبردنی لایەنی خراپی دەگمەنی و سنووردارێی بەشداری هەڤاڵانی ژن زیاتر دەبێت.

---

١٣- چەنـد هەڤاڵێکـی ژن بـە کۆمێنـت و تێبینـی شەخسـی ڕایـان وابـوو ڕوونتـر پرسـی هەراسـان کردنـی هەڤاڵانـی ژن بـاس و چـارە بکرێـت.

باسی ژنان و دیاردەی دزێوی هەراسانی ژنان لەبەر خودی حزب و دامەزراوەیە.

ئەوی ئێمە گوتمان هەندێک پرەنسیب بوو بۆ ئەوەی وەک خەمێکی حزبی چارەنووساز لەسەری بدوێین، ئەگینا بانگەواز بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ناشێ هەر لەبەر خاتری هەڤاڵانی ژن بێت کە ئەم خاترەش شایانی لاکردنەوەیە، بەڵکو هەروەها لەبەر خاتری کاراکردن و پتەوکردنی کاریگەریی حزبە لەناو سیاسەت و لەناو کۆمەڵدا. واتا لەبەر خاتری سیاسەت و کوردایەتییە کە گەرەکە نیوەی زیاتری کۆمەڵ بێتە کایەکەوە و قەرەبوونی وەستان و پاشەکشێی پێشووی بکەنەوە چارەسەری پەتای هەراسان سەرەتایەکی گرنگە بۆ کاراکردنی ڕۆڵی ژنان لە حزبدا.

هەڤاڵانی پیاوی بێ کەڵک و تێنەگەیشتوو لە حزبایەتی مۆدێرن و ڕۆڵی پایەداری ژنان لەو بزووتنەوەیەدا، لە دۆخی وەحشەتناکی چۆڵ و هۆڵی ئۆرگاندا قسەیان سەردەخەن و ڕەفتاریان هەژموونداردەبێت، بە پێچەوانەوە ژنان زۆر و قەرەباڵەغ بن گەلەکۆمەکی حزبایەتییان زیاتر دەبێت.

ئۆرگانی قەرەباڵغ و پڕ ژنان خەسڵەتی نێرینەیی ناڕەوا لە حزب دادەماڵن و هۆرمۆنی ژنان لە خەبات و جووڵەی سیاسی حزب پەرەپێدەدەن، بۆ کاراکردنی ئەم بەشدارییە جگە لە بانگەوازی مۆڕاڵی، جگە لە جێبەجێکردنی یاسای (٥٢٪) ڕێژەی بەشداری ژنان، وەک ئیستیحقاقێکی دەستووری، هەنگاوی تریش پێویست و جێی دیالۆگن:

**یەکەم**: کاراکردنی پرەنسیبی پێشکەوتنخوازی و پێشکەوتووی بەشداریی سیاسی ژنان کە بریتییە لە قەرەبووکردنی ڕابردوو، جیاکاریی ئیجابی و هاندانی توانای یەکسانی ژن و پیاو بە قازانجی ژنان.

**دووەم**: پرسی ڕووکەشی بەشداری هەندێک لە ژنان، یان پێشخستنی هەڤاڵی بێ توانای ژنان لەسەر حسابی هەڤاڵانی بەتوانای ژنان، بەوە چارەسەر دەکرێ کە ئامادەیی و بەشداریی ژنان وا فراوان بکرێت ئیمتیازی مێینەیی پەیوەست نەکرێت بە ڕوانگە دواکەوتووەکانی نێرینە بۆ مێینە (وەک شمەک و جەستە)، هەتا بەشداری و ڕۆڵی ژنان خۆیان زیاتربێت پرسەکەیان و بەشدارییەکەیان لە بازنەی ڕووکەشی و ڕوانگەی دواکەوتوویی (نێرینە) دەربازی دەبێت و دەبێتە پرسێکی جەوهەری کە تەنها ژنە بە بەهرە و بەتواناکان دەتوانن نوێنەرایەتی بکەن.

**سێیەم**: هەڵسەنگاندنێکی واقعیش پێویستە لە دۆسێی، گوایە، پێشخستنی ژنانی بێ توانا بۆتە دیاردە یان گوایە ژنان تواناکانیان سنووردارە و خۆشیان ململانێی یەکتری دەکەن و ملی یەکتری دەشکێنن، ئیتر بۆ خەمیان بخۆین؟ چونکە ئەم پرسیارەش ڕەوایە کە ئایا کێ ئەو هەڵسەنگاندنە دەکات، کە بەهرە و توانای هەموو پیاوان لە کایەی حزبدا باش و چاک و لێوەشاوەیە؟ هەروەها جێی خۆشێتی بپرسین داخۆ ئەوە هەر ژنانن کە ملی یەکتری دەشکێنن و ململانێ دەکەن؟ یان بەداخەوە پیاوانیش کەمتر نین لەم کەموکوڕییەدا؟ گەرەکە هەردوولا سوارچاکی گۆڕەپانەکە بن، بە یەکسانی و ڕەخنەی شایستە بۆ ڕەفتاری سەلبی هەردووکیان پێویستە وەک یەک بێت.

دوا پرسی شەرمهێنەر کە شایانی پەنجەلەسەردانانە، ئەوەیە بەشداری چەندایەتی ژنان بکرێتە بابەتێک کە گوایە ئەمە لەسەر حسابی پیاوانە، واتا کە ژمارەی ئەندام و هەڤاڵ و سەرکردەی ژن زیاد دەبن، ئەوە لە هەقی هەڤاڵی پیاو دەخۆن و ڕێژە و بەشی ئەوان دێتە خوارەوە. چارەسەری ئەم قیل و قالەش هەر لە گەشەی حزبایەتی و فراوانبوونی بەشداری هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوەیە، بە ژن و پیاوەوە، حزبی گەورە و گەشەکردوو پێویستی بە هەڤاڵانی زۆری ژن و پیاو هەیە، لە سەرکردایەتی تا پلە و ناونیشانەکانی خوارەوە، هەتا گەشەی زیاتر بکات بەشی پیاو زیاتر و بەشی ژنیش هەر زیاتر دەبێت، ئەمە لەسەر حیسابی گەشەپێدانی سیاسی یەکلایی دەبێتەوە، نەک لەسەر حیسابی یەکتری.

# فەسڵی یانزەیەم

## ئەندامی تازە و ئەندامی دێرین

ڕێوشوێنی وەرگرتنی ئەندامی تازە، پارێزگاری لە مانەوە و خستنەگەڕی توانای ئەندامی هەبوو، ئیستیعاب(گرتنەخۆ)ی ئەندام لە حزبانی تر، پرسگەلێکی ڕێکخراوەیین کە هەموویان یەک مانای فراوانکردنی ریزەکانی ڕێکخستنی حزبی دەگەیەنن، ئەگەرچی هەر سێ دۆسێ لێک جیاوازن و بگرە دۆخی هەر ئەندامێکیش هەم جیاواز و هەم خاڵی هاوبەشیان هەیە. بێگومان لە پەیڕەوی پەسەندکراوی هەر حزبێک مەرجەکانی وەرگرتنی ئەندام، مەرجەکانی سزادان و پاداشتکردنی ئەندام و ئینجا مەرجەکانی گرتنەخۆی ئەندامی حزبی تر، جا ئەندامی حزبی رکابەر و جیاواز، یان ئەندامی حزبی هاوپەیمانی فیکری و سیاسی بێت، دیاری کراون. پەیڕەو هەیە وردتر مەرجەکانی دیاری کردووە و هەشە هەندێک پرەنسیبی نەگۆڕی داناوە و وردەکاری تر بۆ ڕێکخراو یاخود بەرپرسی خودی ڕێکخراو لە جوگرافیای دیاریکراودا، بەجێهێشتووە تا هەر حاڵەتێک بەجیا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. هەرچەندە باشترە هاوسەنگییەک هـەبێت لە نێوان مەرجە پرەنسیبییەکان و هەڵسەنگاندنی هەر حاڵەتێک بەجۆرێک میکانیزمی نەرم و لە هەمان کاتیشدا نەگۆڕی

حزبی، بەڵام دۆخی حزب لە کرداردا نموونەی باش یان خراپی وەرگرتن و سزادان و گرتنەخۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەڵگەی ئەوەیە ئەم باسوخواسە لە ئەدەبیاتی ڕێکخراوەییدا پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی چارەسەرەکەشی ئەزموونی حزبایەتی و کولتورەکەی دەوڵەمەند بکات و ببێتە ئەزموونی کەڵەکە و سەربار.

ئەم گرفتانە لە حزبی گەورە و فراوان و گەشەکردوو و زۆرجاریش لە حزبی دەسەڵاتدار (دەسەڵاتدار لە حوکمڕانی و ئیمتیازەکانی، دەسەڵاتدار لە هەژموونی جوگرافی و هەژموونی ماددی) دەقەومێت، ناوی دەنێم (دائی ملوکی) سیاسی یان دەردی دەسەڵاتداری، لای حەکیمانی جاران نەخۆشییەک هەبوو پێیان دەگوت (دەردەشا) کە هی ئەوانەیە گۆشتی زۆر دەخۆن و تووشی نەخۆشی دێن، دیارە جاران هەر پادشا و پادشازادەکان گۆشتیان دەخوارد و ڕەعیەت تووشی دەردی تەشەنەتر دەهاتن، جا دەردەشایی لەمڕۆدا تەنها تووشی دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتدار دەبێت، کە لەم نموونانەدا حزبی دەسەڵاتدار تەماعی دەبێ و تەماعی تێدەکەن و دەبێت بە ئەزموون و یاسا و ڕێسا چارەسەر بۆ ئەم دەردەشا دابنێت، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بە تەندروستی باشەوە لە دەسەڵات بمێنێ مادام حزب بۆ دەسەڵات دێتەکایەوە و هەر بە دەسەڵاتیش دەتوانێ بەرنامەکەی جێبەجێ بکات...

**ئەمەی خوارەوە هەندێک دۆسێ و هەندێک چارەسەریشە:**

**یەکەم:** دۆسێی ئەندامی تازە: ئەمە دۆسێیەکە حزب بە دوو ئاڕاستە کاری تێدا دەکات.

ا – بۆ ئەندام مەرجی تۆکمە و نەرمی هەبێت بۆ وەرگرتنی ئەندامی تازە، بۆ ڕێکخراویش مەرجی وابێت ڕێکخراو حەتمەن گەشە دەکا و دەستخۆشی لێ دەکرێت، کە ئەندامی زیاتر و هەڤاڵی زۆرتر وەربگرێت، ناوەناوە چالاکی ئەم بوارەی بۆ حسێب بکرێ و تیمی وەرگرتنی ئەندام ستایش و دەستخۆشی حزبی لێ بکرێت و یەک لە پێوەرەکانی چوونە پێش و سەرخستنی پلەی حزبییان بێت.

ب – بۆ سزادان: دەبێ حزب لە پاڵ شێوەکانی سزای ئەندام، زوو زوو ئەدا و لێوەشاوەیی ئەندام چاودێری بکات، سزا دیاریکراو و ماوەی سزا و گێڕانەوەی سزادرا و بۆ سەر ئەرکی حزبی، بە ناونیشانی پێشوو، یان پاداشتکردنی ڕەفتاری باشی، پێویستە وا ڕوون بێت، کە سزا هەبێ و جێی خۆی بگرێت، بەڵام نەگاتە رەوشی تەوەلا بوون، یاخود رەوشی سەپاندنی مەرجی بەرامبەر، ئەمەش پشت بەستوو بە ڕوانگەی:(نە کەسمان لێ زیادە و نە لەسەر کەس پەکمان دەکەوێت).

ج – بۆ ئیستیعاب و گرتنەخۆ و وەرگرتنی ئەندامی حزبی تر، ئەمە پێویستی بە ڕێوشوێنی توندوتۆڵتر هەیە، کە ببێتە سیڤی خەبات، پشت بە هەڵسەنگاندنی کات و هۆکاری هاتنی ئەندامی بەڕێز هەیە، پێویستی بە قرساندنی باش و خراپی وەرگرتنی

ئەندامی دۆست هەیە، پێویستی بە تێگەیشتن لە ژینگەی هاتن و وەرگرتن و ئینجا ڕێوشوێنی ئیستیعاب و ناونیشانی تازەی تێکۆشەری تازە هەیە.[١٤]

هەڵبەتە سێ هۆکار هەیە بۆ هاتنی ئەندامی وەرگیراو لە حزبی ترەوە:

١- تێگەیشتن لەوەی لەگەڵ حزبی جێهێشتوو ناگونجێ، یان ئاسۆی ڕوون نییە و لەگەڵ حزبی تر باشتر دەتوانێ هەمان بەرنامە جێبەجێ بکات.

٢- گەشەی خەبات و تێکۆشانی حزبی خۆمان کە هاندەری هاتنەڕیزی ئەندامی حزبانی ترە و ئەمەش دەبێ جێگەی شانازی و دەستخۆشی و باوەشی گەرمی هەڤاڵانە بێت.

٣- دەردی حزبی دەسەڵاتدار، کە وادەکات هەبن لەبەر تەماع و ئیمتیاز بێن، ئەمەش ڕێوشوێنی خۆی هەیە، کە تێگەیشتنە لەوەی داخۆ لە حزبی خۆی تەوەلای سیاسی، فیکری و نیشتمانی بووە، یان بۆی دەرکەوتووە حزبی تازە ڕووی

---

١٤- یەک لە پرسیارە دووبارە بووەکانی هەڤاڵان ئەوەبوو ئەی چی لەسەر هەڤاڵانی سەنگەر گوێزانەوە و ئەم بەر و ئەو بەر بڵێن؟ کە لە هەر گوێزانەوەیەک پلە و پۆستی تر و ئیستحقاقی زیاتر وەردەگرن، ڕای من وایە ئەم دیاردە پەیوەستی یەک حزب نییە و دیاردەیەکی گشتییە، بەشێکی سەرەکی بۆ پێشێلی پرەنسیبی حزبایەتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر حزبێک پرەنسیبەکانی پتەو بن و نەریتی ژیانی حزبی ڕەسەن و پێداگر بێت، لە دۆسێی هاتن و چوونی تێکۆشەرانیشدا داد و عەدالەت پەیڕەو دەکات، بەو جۆرەی هاتنەوەی کادری دێرین خۆی لە خۆیدا دەبێتە بۆنەی پتەوکردنی پرەنسیبە حزبییەکان، نەک پێشێلکردنی.

لە ئاسۆی سەرکەوتنە و بەرنامەکەی لە خزمەتی مەسەلەکەدایە؟ بەشێوەیەکی گشتی کەس لە حزبی خۆی لە برسا نەمردووە، دیارە ئەنگێزەی هاتنی خەباتگێڕان بۆ ئەوەیە ریزەکانی حزب پتە و بێت و بەشداریی خەباتگێڕی تازە، نیشانەی سەرکەوتن و شانازییە.

لە هەر سێ دۆسێی وەرگرتن و پاداشت و سزا و گرتنەخۆی هەڤاڵی تازە و هاتوو هەمیشە توانای حزب لە فراوانکردنی بنکەی حزب و باوەشکردن بە ئەندامی تازەدا دەردەکەوێت و رادەی حەریفی و شارەزایی لە جێکردنەوەی ئەندام لە هەیکەلی حزبی و رەچاوکردنی لێهاتوویی هەڤاڵی تازە، بێ ڕەنجاندنی ئەندامانی تێکۆشەری دێرین لەناو حزب، گرەوی گەورەی سەرکەوتنە.

حزب دەتوانێ سەدان تەکبیری ڕێکخراوەیی بۆ پایەدارکردنی ئەندامی دێرین و گرتنەخۆی ئەندامی تازە بگرێتەبەر، کە سەرەنجام لە جێی قەرەباڵغی و بەریەککەوتن هەموویان بخاتەگەڕ لە سەنگەری فراوانی حزب بۆ خەبات و گرتنەبەری ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیی.

**نموونەی بەرجەستە:**

ڕاستییەکەی ئەوی لەم وتارەدا باسمان کرد، لەسەر ڕێوشوێنی وەرگرتن و جێکردنەوەی ئەندامی تازە، بابەتێکی زۆر گرنگە، وابزانم حزب زۆر ئەم باسە بە گرنگ وەردەگرێ و ئیشی لەسەر دەکات و بێگومان لەم پرسەدا پەیڕەوی ناوخۆ و مەرج و ڕێوشوێنەکانی وەرگرتن یارمەتیدەرێکی باشن، بەڵام هێشتا داهێنانی شێوازی

نوێ و فراوانکردنی چانسەکانی وەرگرتنی ئەندام پێویستن.[١٥]

هەڤاڵمان نموونەی خێزانێکی بۆ باسکردین کە گوتیان ئێمە پانزە کەسی خوێندەوار و دەرچووی زانکۆین، کتێبمان هەیە لە خزمەتی وڵاتەکەمان، گەرەکمانە ببینە ئەندام و هەڤاڵی حزبی، دیارە وەڵامی ئەوە ئاسانە کە هەڤاڵانی ناوبراو خەڵکی چ سنوورێکن، بچن لەوێ پەیوەستی حزب بن، بەڵام دیارە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ئۆرگانی ئەوێ نین، نەچوون یان کەس بانگی نەکردوون، بێگومان چوون پێویستە و دەستپێشخەرییەکی حزبییە کە دەبێ بیکەن، بەڵام خۆ ئەوەش پرسیارە تیمی ئۆرگانی ئەو دەڤەرە بۆ ئەو هەڤاڵانەیان نەدۆزیوەتەوە و فەرقیان پێ نەکردووە؟ پێشنیازم بۆ هەڤاڵ کرد هەر لە خۆیان، واتا پانزە کەسەکە، بازنەیەکی ڕێکخستنیان لێ دروست بکەن، پاش ماوەیەک

---

١٥- دیـارە بەشـێکی ئـەم بابەتـە پەیوەسـتە بـە توانـای حـزب لـە دەسـتگرتن بـە ئەندامەکانـی و سـەیرکردنیان وەک سـامانێکی مرۆیـی کـە کۆشـش و توانـای زۆری تێـدا بـەکار هاتـووە. ئینجـا کارکردنـی وزە و توانـا و جـۆری بەشـدارییان وابێـت کـە ئەولەویـەت بـۆ بەرژەوەنـدی حـزب و بەهێزکردنـی ئەزموونەکانـی بێـت نـەک بـۆ هـەوا و ویسـت و بەرژەوەنـدی تەسـکی ئـەم هەڤـاڵ یـان نـاز و فیـزی ئـەو هەڤـاڵ بێـت. ئـەو دەرکەوتـەی وا دەکات ئـەم گرتنەخـۆ و دەسـتگرتن بـە سـامانی مرۆیـی و ئەزموونـی هەڤاڵانـەوە سـەرکەوتوو بێـت، ئـەم سـێ کوچکەیـە:

١-پرەنسیبە حزبییە ئاشکرا و پتەوەکان.

٢-مەرجەعیەتی حزبی هەڤاڵانی دەربەست، وەکو لیژنەی دانایی یان ناوەندێکی دادپەروەر

٣-میکانیزمی زیندووی پێداچوونەوە و داننان بە هەڵەی هەڵسەنگاندن، ئەگەر رویاندابێت. واتا باسەکە بۆ کەس نەبێتە کوردە ناموسە و عینادی شەخس بێ بنەمای حزبی.

بیکەنە دیاری ئۆرگانی ناوچەکەیان و داوای فراوانی زیاتریان لێ بکەین، نموونەی ئەمە لە زۆر شوێن هەن کە خزمەت دەکەن، حزب لە سەرکردە و سەرکردایەتی تا خوارەوە هەقە ئاگاداریان بن و بۆنەی وەرگرتنیان بۆ ساز بکەن، کە ئەوە گرنگە بە چەند قۆناغدا بڕوات:

- بازنەیەک کە خۆیان فراوانی بکەن.
- پێشکەشکردنیان بە ئۆرگانێک.
- چاودێری ئۆرگانەکە، داخۆ جێی کردونەتەوە و داخۆ فراوانتریش بوون؟

# فەسڵی دوانزەیەم

# سێ بیرۆکەی ڕێکخراوەیی

**-١-**

## باخ و باخەوان

باخەوانی باش ئەوەیە کە چاوی لە باخچەو گوڵەکانی بێت. جگە لە ئاودێری، چاودێریشیان بکات.دەوترا ئەو گوڵە بۆ وا جوان و گەشاوەیە ؟ دەڵێن باخەوانەکەی مەرد و ڕەندە. باخەوانی باش (باشباخەوان)ە و لەسەرێتی لەسەریەک و بە بەرنامە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. بەڵێ نەمامی گوڵ وایە کە ڕەنگە پەین و کیمیا و دەرمان بخوازێ، بەڵام ئەوە بەس نییە، چاودێری و پەروەردە و نازکێشانیشی گەرەکە.

وشەی (چاودێری) هەم مانایە بۆ لالێکردنەوە و ئاگادریش دەگەیەنێ و هەم ئامۆژگاری و ڕێکخستنەوە و ئاڕاستەکردنیش. لە ڕێکخستن و خەباتیشدا، وەک باقی کایەکانی تر، هەمان ئەم ئەزموونە خۆی دەنوێنێ. ئەندام و کادێر ناونیشانی حەریف، یان باخەوانی باخچەی پشتەوە و دەوروبەرن. گوڵەکان و نەمامەکان لایەنگر و هەوادار و دۆستی حزب و ڕێکخستن و بزوتنەوە سیاسییەکەن.

هەڤاڵ و کادێری حەریف ئیشێتی ئەم گوڵە لایەنگرانە ئاو بدات. جاران کە هەڵبژاردن و پێشبڕکێی حکومڕانی

نەبوو، لایەنگران وەک ماسی و ژینگەی پاک بوون و دەگوترا کە ماسییەکان ( ئەندام و پێشمەرگە) بێ ئەوان ناژین و ئەخنکێن. بەڵام لایەنگرانی دەورانی دیموکراسی دەنگدەرەکانن کە دەبێ ڕێکخستن و حزب و بزووتنەوەکە دایمەی خوا بەسەریان بکاتەوە، لایان لێبکاتەوە و لایان بێت. باخەوانی حەریف کارێتی گوڵ و نەمامەکان چاودێری بکات. ئاویان بدات و بیانگەشێنێتەوە، چاودێریان بکات نەوەک سیس بن و زیزبن و نەوەک بۆ بوژانەوە باخەوانی تر خۆیان لە مەڵاسی دابێ، لە غەفڵەتا، بۆی بێنە پێشەوە.

حزب و ڕێکخستن دەبێ ئەندام و کادیری حەریف بکاتە (مەلای سەردەمی نوێ) گوندا و گوند و دەڤەرەکان بگەڕێ، مژدە بەخش و مژدەبەر بێت، لە لایەنگر و خەڵک (گوڵەکان و نەمامەکان) دانەبڕێ و سەریان لێ نەبڕێ.

وەختێ کادیر و ئەندامی حەریف هەر لە حزب و بارەگاکانی گیر بخوا و نەگەڕێ و نەبینێ و نەبیستێ، خەڵکی تر ئەم بۆشاییە پڕدەکەنەوە و دین و مەزهەبی تر جێی دەگرێتەوە. ئەمە بنەمایەکی فیزیاییە پێش ئەوەی بنەمایەکی ڕێکخراوەیی بێت. هەوای پاک نەمێنێ هەوای (دیکە) جێی دەگرێتەوە و کایەکە پڕدەکاتەوە.

وەختێ کادیر و ئەندامی حەریف (مەلای سەردەم) هەر خەریکی عەبەسە وە تەوەللا بێت و هەنجەتی نەچوونی بۆ مزگەوتی دێ و بنکەی شارۆچکە و ناو جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک ئەوەبێ کە گوایە ڕووی مەجلیسی نییە، گوایە هیچی پێ نییە بیداتە خەڵک، پەینی پێ نییە گوڵی پێ ئاو بدات و

تەداروکی نییە تا موشوری نەمامەکان بخوا، ئەوا دیارە قسەی تازە و مژدەی پێ نییە، دەنا مەرج نییە هەموو گوڵ و نەمامێک پارە و تەداروکی ماددی بخوازێت تا بگەشێتەوە. دەشت و دەری وڵات پڕن لە گوڵە کێوی جوان و نەمامی کەم خەرجی کە تەنها سەردان و ئاودێری و ئاوەدانی گەرەکە و هیچی تر.

نابێ لە چاوی گوڵی سیسی مەجلیسی ساردوسڕ و گوڵی لاستیکی بارەگاکان چاو لە گوڵ و نەمامی میللی بکەین. گەرەکە ئێمە باخەوانی مەرد و ڕەند بین و باخچەکان بێ ئاو نەکەین.

**-٢-**

## زۆر وتن قورئان خۆشە

بەڵێ زۆر وتن قورئان خۆشە. ئەوە ئیدیۆمێکی کوردەوارییە بۆ نیشاندانی نارەزایی بەرامبەر وتنەوەی چەند بارەی قسە و بیرۆکە و لێکدانەوە. وتیاری ئەم قسە گەرەکێتی بڵێ زۆری مەڵێوە چونکە خۆش نییە و خۆشی ناڵێی. قسەکە لە روکەشدا وەك ستایشی قورئانە و ئەمەش هیچ کەس قسەی لەسەر نییە. بەڵام پەنهانی ئەوەیە شتێکی کۆنە مەڵێ و زۆری مەبێژە و لەسەری مەرۆ.

ئەوە بۆ ژیانی گشتی ڕاستە، بەڵام ڕاستێکەی لە حزبایەتی و ژیانی دەروون حزبیدا زۆر وتن زۆر باشە. وتنەوەی پرەنسیبەکان، وتنەوەی ڕاستییەکان، وتنەوەی ئەو زانیاری و داتایانەی، کە پێمان وایە چونکە رۆتین و ئاسایین، هەموو

کەس دەیزانێ، کارێکی دروست حزبایەتییە. مەرج نییە هەموو ئەوەی تۆ و ئێوە دەیزانن ئێمە و من بیزانم.

لەبەر ئەوە زۆر وتن زۆر گرنگە.

هەڵبەتە قورئان کە کەلامی بڵندی خوایە بە هیچ نووسراوی دونیایی ناشوبهێنرێت، بەڵام ئەگەر بابەتەکە پەیام بێت حزبایەتی قەت بێ پەیام و بێ ڕاستییەکان و بنەماکان ناگوترێت و ناگونجێت.

حزبایەتی وتنەوەی چەندین جاری بیرۆکە و پرەنسیب و ئەدەبیاتەکانە. ئەوەی لە وتن جاڕس دەبێ و ئەوەی لە گوێگرتن جاڕس دەبێ، یان پێی وایە گەیشتۆتە لوتکەی پێگەیشتن یاخود بەڕاستی گەیشتۆتە بنمێچی تێگەیشتن کە هەردووکیان باعزی و لە خۆبایی بوونە و لەگەڵ خەسڵەتی خاکەڕایی هەڤاڵێتی و حزبایەتی وێك نایەتەوە.

بەداخەوە هەنووکە بەهۆی زیاتر لە هۆکارێك ئەو گوتەزا خراپەش بۆتە باو گوایە: کەی باوی قسەکردن و گوتاردان و گوێگرتن ماوە. لە کاتێکدا خودی قسە سەرەتای دەربڕین و کار و کردەوەی ڕێکخراوە.

حزبایەتی ڕاستەقینە لە پەیامەوە دەست پێدەکات و قسەکردنیش بلوری بیرۆکەکانە.

ئەگەر گلەیی لە قسە و دروشم هەیە، دەبێ لە بەڵای جێبەجێ نەکردن و فەرامۆشی ڕێبازی پابەندێتی بێت، نەك لە خودی قسەکە.

قسەو ئاخاوتن پلەی باڵای حزبایەتییە، فەقەت جێبەجێنەکردن بەڵاکەیەتی.

بۆیە با بیڵێینەوە.

زۆر وتن قورئان خۆشە و کەلام و پەیامیش سەرەتای کردەی حزبایەتییە.(١٦)

## -٣-

## خێزانەکان لە حزبدا

ئەگەر حزب ببێتە حزبی خێزانەکان سەرەتایەکی نوێ دەبێت بۆ بوژاندنەوە و حزبایەتییەکی درێژ خایەن.

ئەم مانایە نابێ وا لێکبدرێتەوە کە مەبەست لێی حزبی بنەماڵە بێت. مەبەست لە حزبی خێزانەکان هەر بەو مانایەش نییە وەک بڵێی ئیئتیلافی خێزانەکان و فیدراسیۆنی خێزانەکان بێت . ئەوە باسێکی قوڵترە و پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە سۆسیۆلۆژیای سیاسی و گەشەی ڕەوتی حزبایەتییەوە هەیە و لە توانای نووسەری ئەم زنجیرە نوسینە کورتەدا نییە.

لێرە باسی دیوی فەرامۆشکراوی ئەرکی هەڤاڵ و کادری حزبی دەکەم لە بەرامبەر حزبەکەی، هەڤاڵ چۆن دەبێ بازنەی

١٦- بە ڕاستی ئەمە پرسێکی جەوهەرییە کە بیروباوڕە ئاسمانییەکان بەو هەموو قودسیەت و پەیامە پیرۆزەیانەوە ملیۆنان کەس باوەڕیان پێیەتی. کەچی بۆ زیاتر ئاشنابوون و خۆشەویستکردنی زیاتر لای کۆمەڵانی خەڵک سروت و هونەر و دەنگی خۆش و دەیان دەرکەوتنی فەرهەنگی بۆ دەنوێنن، بەڵام لە پرسی دونیایی حزبدا خۆمان وا بێ پەروا دەکەین کە گوایە هەموو شتێک بڕاوەتەوە و پێویست بە هیلاکی حزبی ناکات !!

خێزانی خۆی لە دەرەوەی بازنە گەورەکەی حزبایەتی جێبهێڵێت.

هەر هەڤاڵ و کادیرێکی حزب سەرکردە و ڕێبەرە لە بازنەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆیدا. ئێ باشە ڕێبەرایەتییەک چۆن سەرکەوتوو دەبێ ئەگەر قەناعەتی سیاسی و حزبی و فیکری بە نزیکترین کەسەکانی خۆی نەکات؟

هەڤاڵ کاک و هەڤاڵی خانم ئەگەر هاوسەری خۆی، کچ و کوڕانی خۆی، خزم و دراوسێی خۆی قەناعەت پێ نەکات کە لایەنگر و دەنگدەر و تیمی هاندانی حزبەکەی بن ، لە هەڵبژاردنی دیموکراسی و لە لێقەومانی سیاسیدا ، ئیتر چۆن ڕێبەرێکی لێدەردەچێت لە ئاستی بەرزتر و بازنەیەکی فراوانتردا؟

کادیری حزب و هەڤاڵی چالاکی حزب خاوەن پەیام و پەیامبەری گەیاندنی پەیامی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی حزبەکەیەتی ، جا ئەگەر ئەڵقەی ڕۆشنبیری و سەری گفتوگۆ لەگەڵ خێزانی خۆی، یان لەگەڵ کچ و کوڕی خۆی دانەمەزرێنێ و پێیانەوە هیلاک نەبێ و سەبری حزبی خۆی بەوان تاقی نەکاتەوە، ئیتر چۆن ئەرکی حەریفانەی حزبی پێ بسپێردرێت لە تاقیکردنەوەی فراوانتردا؟

چۆن باوەڕ بکەین کە ئەوە تاکەکان دێنێتە ناو حزبەوە و نوێبوونەوە دەکات کە نەتوانێ کوڕ و کچی خۆی و نەوەکانی خێزانی خۆی بێنێتە ڕیزی تێکۆشانی سیاسییەوە؟

جا ئێمە لێرە قسە لەسەر حزبایەتی دەکەین، نەک ئازادی و فەردانییەت و مافی جیاوازی کە ئەوانە پرەنسیبی گەوهەرین بۆ کۆمەڵەکەمان، بەڵام داخۆ ئێمە تاقیمان کردۆتەوە ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەمان بانگهێشتی حزبایەتی بکەین بە

بیانووی دەعیەی بورژوازی و فەردانییەت و ئەم شتە بە باق و بریقانە ڕەتیدەکەنەوە؟

ئێمە بە خۆمان نەزانیوە لەوانەیە کچ و کور و هاوسەر و هاوڕێی ژیانمان ئەگەر بۆ ناسینی زیاتری ئێمە و نزیکایەتی زیاتریشیان لە ئێمە حەز بکەن لەم خەمە حزبییە نیشتمانییەش شەریکمان بن. بۆ بانگیان ناکەین؟ ئەگەر ئەرکەکە خۆش و دیموکراسی و شەرەفی نیشتمانییە بۆ ئەوانی لێ مەحروم دەکەین؟ ئەگەریش هیلاکی و ناخۆشییە بۆ گەرەکمانە هەر دەور و بێگانانەی دەرەوەی خێزانی خۆمان ئەزێتی پێوە بکێشین؟

ئەگەر حزبایەتی لە دژواری و تەنگانەی نیشتمانیدا ناخۆش و تاقەتپروکێنە با لە نزیکەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین و ئەگەریش ئەو حزبایەتییە لە فەرەحنایی و سەڵتەنەتی حوکمڕانی و ئاسایی ژیانی دیموکراسیدایە بۆ دەبێ ئەرکەکە لە کەسوکاری خۆمان دوور بخەینەوە و ئەوانی تێدا بن لە ئیمتیاز و بەرەکەتەکانی کەچی لە هیلاکی سیاسی دووریان بخەینەوە یان بێ پرس بڕیاری دوورخستنەوەیان بدەین ؟

هەڤاڵینە وەرنە سەر خەتی گفتوگۆی هەڤالانە لەسەر ئەم بابەتەش.

## فەسڵی سیانزەیەم

# پەراوێز بۆ تێگەیشتن
# لە سەرەتای گرفتی ڕێکخراوەیی

لە زنجیرە وتاری (کوردایەتی واتا حزبایەتی)، کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر گرفتەکانی ڕێکخستن و کۆششی ڕێکخراوەیی بەردەوام. ئەوانەی گوتم ڕوانگەی شەخسییە، بەڵام بێگومان لە پەرۆشی و لە خوێندنەوە و کەمێکیش لە ئەزموونەوە هاتبوو، دیارە ئەزموونی ڕێکخستن تایبەت ترە، بەڵام ئەزموونی ڕێکخراوەیی فراوانترە بە مانای ئەوەی لە حزب جگە لە ڕێکخستنی ڕاستەوخۆ ئۆرگانی تری وەک ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکان هەیە کە ئەویش ئەزموونی حزبییە، ئەگەرچی وەک ڕێکخستنی موجەرەد چڕ و خەست نییە.

ئێستاش لەم وتارەدا هەندێک ڕوانگە و خوێندنەوەی تر دەڵێم دەربارەی سەرەتای گرفتی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی لە ئەزموونی یەکێتیدا. ئەویش هەر بکەنە فۆڵدەری ڕوانگەی شەخسییەوە و گشتگیری مەکەن کە گوایە ڕایەکی سەددەرسەد و یەکلاکەرەوەیە. بەڵکو ئەمە ئیجتیهادەو شایانی گفتوگۆیە.

ئەم پرسە گفتوگۆی زۆری حەریفانە هەڵدەگرێ و بابەتێکی

گرنگی ئەدەبیاتی یەکێتییە، چونکە لە دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ لە ئارادایە و تا ئێستاش بە ئیجتهادی جیاجیا هەوڵی تێگەیشتنی دەدرێ.

هەر ئێستا دامەزراوە و ئۆرگانەکان ڕێکدەخرێنەوە و هەوڵی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حزبی بەردەوامە تا شان بەشانی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حوکمڕانی لە کوردستان ڕێڕەوی حزبیش وابێت کە حزب بەهێز بکاتەوە تا دەرەقەتی ئەرکەکانی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حوکمڕانی بێت.

ئاخر ڕێڕەوی حوکمڕانی، کە ئەرکێکی گشتییە، بێ پتەوکردنی ڕێڕەوی حزبایەتی ناجوڵێ و ڕاست ناکرێتەوە.

حزبی ڕێڕەو ڕاست و ڕەگ پتەو دەرەقەتی ئەرکی گشتی ڕاستکردنەوەی حوکمڕانیش دێت. جا ئیتر جاری وا هەیە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حزبی لە پێشتر و جاری واش هەیە پێکەوە بە دوو ئاڕاستە شان دەدەنە بەر ئەرک و شان دەدەنە بن باڵی یەکتریشەوە. ئای کە ساتێکی نموونەیی و شۆڕشگێڕییە

## پەیڕەوی قەرەباڵەغ

لە بیرمە لە کۆنگرەی پێنجەم دوو لیژنەی گرنگی کۆنگرە هەبوون کە بوونە مایەی گفتوگۆمان لەگەڵ هەڤاڵێک.

یەکیان لیژنەی پرۆگرام و ئەویتریان لیژنەی پەیڕەو. هەردووکیان پێکەوەن و عادەتەن لە ئەدەبیاتی هەر حزبێکیشدا پێکەوە لە نامیلکەیەکدا چاپ دەکرێن. واتا وەک گۆشت و خوێنن، تێکەڵاون.

بەڵام ئەسڵ لە مەسەلەکە پرۆگرامەکەیە. واتا ئەو ئامانجانەی حزب بە بەرنامە خەباتی بۆ دەکات.

حزب بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی بۆی دروست بووە جێبەجێ بکات پێوستی بە پەیڕەوی ئیشکردن و ڕێڕەوی کار و خەبات هەیە.

پەیڕەو: ڕێ و ڕێبازە

پرۆگرام: ئامانج و نیازە

بێ ئەم ئامانج و ڕێبازە نە حزب دەبێ و نەیش ڕێ و ڕێباز

ئامانج و نیازی حزب بۆنەی بوون و بەقایە و لەسەر ئەوەش ڕێ و ڕێباز هاتۆتە کایە.

هەڤاڵمان پرسیاری کرد، بۆ لیژنەی پەیڕەو قەرەباڵغترە لە لیژنەی پرۆگرام؟

پێچەوانەی لیژنە فەقیرەکەی تۆ، هامشۆکار و مەعمیلی زیاترە؟

گوتم: لیژنەی پەیڕەو لیژنەیەکە شوێنی من و تۆ، ئەم و ئەوی تیا دیاری دەکرێت لە ناو جوگرافیای حزب. لیژنەی پرۆگرام شوێنی حزب تیا دیاری دەکرێت لەناو جوگرافیای کۆمەڵ و وڵات و گەردووندا.

واتا لیژنەی پرۆگرام گرنگتر و فراوانتر و ستراتیژی تر و مایەی (بوون و نەبوونە).

بەڵام لیژنەی پەیڕەویش گرنگە و سەرەتایە، بۆ جولە، چونکە نەک هەر فەلسەفەی حزب، بگرە فەلسەفەی ژیانیش دەڵێ شوێن پێیەکم بدەرێ تا لەوێوە دونیات بۆ بگۆڕم.

شوێنی هەر هەڤاڵ و تێکۆشەرێک لە حزب، جا ناونیشان

بێت، یان جێگەی لە هەرەمی ئۆرگان و پەیکەری ڕێکخراو، ئەمانە توانا و دەسەڵات و دەستڕۆیشتووی ئەو هەڤاڵە بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ستراتیژی حزب دیاری دەکەن، بە قەدەر ناونیشان و شوێنی لە هەیکەلی حزب لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکی گشتی حزب لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. بۆیە ڕاستە هەموو پەرۆشی حزبین، بەڵام هەموو بەرپرسی مۆڕاڵی نابین لە جێبەجێکردن، یان جێبەجێنەکردنی ئەرک و ئامانجی حزب. لەسەر ئەمە سەرکردە و سەرکردایەتی ئەرکی قورسە و لێپرسینەوەی حزبیش لەسەری قورستر. لێرە گەڕانەوە بۆ پرەنسیبە حزبییە ڕێکخراوەییەکە گرنگە. مام جەلال دەیگوت: (پلە و وەزیفە چەند زۆر بێت هێشتا بەشی هەموو هەڤاڵان ناکات، بەڵام ئەرک چەند زۆر بێت هێشتا هەڤاڵی زۆرمان پێویستە بۆی) ئینجا بە توانجەوە دەیگوت: نامانەوێ ڕێکخستنمان وەک (عەسکەر کاشان) بێت، هەمووی ئەفسەر بن و کەس سەربازی جێبەجێ کردنی ئەرکەکان نەبێت.

لە یاداشتی گفتوگۆی حزبیدا ئەوی لەسەرەوە گوتم لە ژێر سەردێری: پەیڕەوی قەرەباڵەغ و پڕۆگرامی بەستەزماندا دامنابوو. ئێستا لە ژێر تایتڵی گرفتەکان، لە ڕوانگەی ڕێکخراوەییەوە، زیاتر ڕوونی دەکەمەوە

### سەرەتا گرفتی ڕێکخراوەیی

زۆرجار لە ئەدەبیاتی یەکێتی و گفتوگۆی هەڤاڵانەدا باسی دەسپێکی خەباتی نیمچە بەرەیی و ئینجا قۆناغی یەکخستنی باڵ و ڕێکخراوە و پرسی پێویستی یەکێتی ڕیزەکان تەنها وەک پرسێکی فیکری و سیاسیی و وێستگەی وەرگۆڕانی ئایدیۆلۆژی دەکرێت. کە لەم بارەیەوە زۆر هەڤاڵ قسەیان کردووە و زۆری تریش ڕەخنەیان دەربڕیوە. لە هەموو وێستگەی کێشە و ناکۆکی ناو یەکێتیدا گوێمان لێ دەبێت گوایە هەڵەبوو کە کۆمەڵە نەما، خۆزگە دەما و چاکتر بوو بمابایە. هەڵبەت ئەم روانگانە لە ڕووی دیموکراسی و ئازادی گفتوگۆوە ئاساییە و تەنها بە قەناعەت پێکردن و پێکسەلماندن چارەسەری لۆجستی دەبێت، بەڵام لە ڕووی هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنەوە زۆر مەحکەم نییە و لە گفتوگۆدا خۆی ناگرێ و هەنجەتەکانی بڕ ناکەن. لێرە منیش وەک هەموو هەڤاڵانی سەرەوە و خوارەوە ڕای خۆم دەڵێم. گێڕانەوەیەکی ئەمرۆیی لەسەر مێژووی پێشتر دەڵێم.

هیچ نەبێ لە ڕوانگەی نەوەی ئێمەوە کە هەڤاڵی دوای ڕاپەڕینین، هەڤاڵی قۆناغی یەکڕیزی و یەک ڕێکخراوەیی ناو یەکێتیش چێژ و تامی سەرکەوتنەکانی (یەکێتی ناو یەکێتی) یان کردووە و گیرۆدەی دەست پەرت بوون و لێکترازانەکانی دوایشین کە ناکۆکی لاوەکی کردە ناکۆکی سەرەکی و سەرەنجام بەداخەوە خزمەتی نەیارانی کوردایەتی، بە لاوازکردنی یەکێتی، کرد.

باش و چاکی یەکخستنی ڕیزەکان و گواستنەوەی یەکێتی لە قۆناغی نیمچە بەرەیی (کۆمەڵە، شۆڕشگێڕان، هێڵی گشتی)یەوە بۆ قۆناغی (یەکێتی ناو یەکێتی) زۆرن. بەکورتی دەینووسین تا بچینە سەر گرفتەکانی خودی ئەو یەکخستنە، چونکە هەر جوڵەیەکی حزبی و ڕێکخراوەیی، وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (زانستی سۆسیولۆژی)، دوو دیوی باش و خراپی هەیە:

**باشەکان ئەمانە بوون:**

١- کاتی یەکخستنەوەی ریزەکانی یەکێتی و تێکەڵبوونی یەکجارەکی کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتی وەختێک بوو کە بزووتنەوەی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی فەوتان و پاشەکشێی دوای ئەنفال بوو، ئەم یەکگرتنە خێری تێدا بوو بۆ یەکخستنی ریزەکانی یەکێتی و دیارە فەزای یەکخستنی هەموو هێزەکانی کورد لەبەرەی کوردستانیشدا. ئەمە بۆ پرسی نەتەوەیی زۆر گرنگ بوو و بەڵگەی پەرۆشییەکی نەتەوەیی بوو کە هەر لە کۆمەڵە دەوەشایەوە و هەر لایەقی یەکێتی بوو.

٢- کاتی یەکخستنەوە لە ڕووی ڕەوشی بزووتنەوەی چەپ و فەزای دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و ئۆردوی ڕۆژهەڵاتیش زۆر گرنگ بوو. دەیان حزبی چەپ و مارکسی و کۆمۆنیست ناویان گۆڕی و ریزەکانیان پەرت و کەرت بوو، سەرەنجام لە نێوان گۆڕینی ناو و گۆڕینی

ناوەڕۆکدا تێدامان و فەوتان. ئا لەو کاتە هەستیارەدا کۆمەڵە بڕیاریدا خۆی لەناو یەکێتییەکەی خۆیدا بتوێنێتەوە کە هی خۆیەتی و خۆی هێزی سەرەکی و داینەمۆی هەڵسوڕانی بوو. توانەوەی وا کارێکی کرد هەر کۆمەڵە بڕیاری تاکلایەنە نەدا، بەڵکو یەکیتیش بووە کۆمەڵە و هیچ هەنجەتێک بۆ مانەوەی چوارچێوەی شۆڕشگێڕان و هێڵی گشتیش نەما و وەک ئەوە وابوو هەموو لە یەکێتی سێ بەشەوە بوونە یەکێتی یەک بەش.

٣- دوای ماوەیەکی کەم لە تێکەڵبوونی کۆمەڵە لەگەڵ کۆی ئۆرگان و دامەزراوەکانی یەکێتی، بەسەرهات و گۆڕانەکانی دونیا ریزبەندییەکی ئەوتۆی پێکهێنا کە قورسایی بخرێتە سەر پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی و دونیابینی سەردەمی سیستیمی نوێی جیهانی کە لەگەڵ خۆیدا تەمومژی فیکری و ئایدیۆلۆژی وای هێنایە ئاراوە پێویست بوو یەکێتی بە یەکڕیزی و کوردیش بە بەرەیەکی وەک بەرەی کوردستانییەوە ئەولەویاتی دیموکراتی و نیشتمانی بۆ ئەو دۆخە تازانە دابنێت. کەس بە ئەندازەی مام جەلال لە راپۆرتی سیاسی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا شرۆڤەی ورد و هاوسەنگی ئەو قۆناغە راگوزەرەی کوردایەتی و یەکێتیایەتی (حزبایەتی) نەکرد. بڕوانە راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان( 14/2/1992_27/1) لە کتێبی (راپۆرتەکان، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی دیراساتی گشتی، چاپی یەکەم 2025 سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد).

ئینجا مەعلومە کە کۆمەڵە وەک ڕێکخراویش بمابایە بەو هەموو ئەزموونەی هەیەتی و ئەو ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەی

تا ئەو قۆناغە بەشی پێداویستییەکانی حزبایەتی فیکری و سیاسی و شۆڕشگێڕی کوردایەتی دەکرد، هەروەها بە هاوکاری و سەپۆرتی یەکێتی، وەک چەترێکی نیشتمانی دەربەستی کوردایەتی و دیموکراسی و دەربەستی ئەدەبیاتی شایانی حزب، دەیتوانی گۆڕانکاری پێویست و بە گوێرەی قۆناغی نوێ لە خۆیدا بکات. کەوابێ لێرەدا هەنجەتی ڕاست و دروستی ئەوانەی بە پێویستیان دەزانی کۆمەڵە بمێنێ ئەنگێزەی دەمارگرژی فیکری و ئایدیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو شتێکە لە نێوان:

١- ئارەززوی مانەوەی پێکهاتەیەکی تایبەتی و چالاکی حزب و نەتوانەوەی لەناو گشتێکی هەمەلایەنەدا.

٢- نادیاری سروشتی ڕێکخراوەیی داهاتووی یەکێتی دوای گوێزانەوەی لە قۆناغی نیمچە بەرە بۆ قۆناغی چەتری کۆکەرەوە و بۆ قۆناغی تازەی یەک یەکێتی و یەک ئۆرگانیدا.

ئەم باسە بۆ نەوەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و بۆ ئێستاش دوای نزیکەی چوار دەیە لە ژیانی سایسی و حزبی لە کوردستان، ئەمڕۆ ئەوەندەی شرۆڤەیەکە بۆ تێگەیشتنی ڕابردوو ئەوەندە داوا نییە بۆ گێڕانەوەی (فرەیی، چەند ڕێکخراوەیی) جاران، دوای تێکەڵی گۆشت و خوێنی چەند دەیەی دوای ڕاپەڕین و ئینجا دوای کەمێک ناخۆشی کەرتبوون و پاشەکشێی هەرزانی باسوخواسی گۆڕان، بەڵام شرۆڤە یارمەتیمان دەدا لەوە تێبگەین زیانی ڕێکخراوەیی دیوی دووەمی دیاردەی کۆمەڵایەتی نەمانی کۆمەڵە چ

دەرکەوتێکی دروست کرد.

گرفتی هەرە گەورەی دوای کۆمەڵە، لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، ئەوە بوو ئەو ڕێکخستنە پتەوەی کۆمەڵە و هەیکەلە ڕێکخراوەییە تۆکمە و باشەکەی نەما و کەوتە باوەشی (خۆشەویستی گەورەی) یەکێتی بوون و یەک ڕیزی یەکێتییەوە ... بێگومان سۆز و خۆشەویستی پێکەوەیی و هەڤاڵیتی بەرەی یەکێتی زۆر جاویدانە و ئەهێنێ قوربانی بۆ بدرێت. لەکاتی دوای ئەنفال پێکەوەیی خەبات لە تەنگانە و لەدوای ڕاپەڕینیش پێکەوەیی بەرەو ئاسۆی کوردستانی وڵات کەوتە دەست ڕۆڵەکانی خۆیەوە و یەکێتیش سەردەستەی کاروانی تازە بوو. بەڵام لەو قۆناغەدا جۆرێک خۆڕێکخستنەوە پێویست بوو کە بۆشایی و کەلێنی نەمانی کۆمەڵە پڕ بکاتەوە و ئینجا یەکێتی وەک باسکی بەهێزی کوردایەتی خۆی ببێتە ڕێکخستنێکی پتەو.

بۆ چارەسەری گرفتی ڕێکخراوەیی و تێکەڵی پێویست هەموو ریزەکانی یەکێتی لەڕووی فیکر و پەروەردەوە بەم دوو شێوەیە مامەڵە کران:

- ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی ناوبراو کە سکرتێری گشتی پێشکەشی کرد و زۆر ڕەهەندی سیاسی و پێداچوونەوەی فیکری ڕوون کردەوە و بووە ڕێوشوێنی داهاتووی حزبی

- خولەکانی پەیمانگای کادیران کە فیکری سۆشیال دیموکرات و دیدی دیموکراتی و نیشتمانی و ستراتیژی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەی خۆنووسین) بۆ هەڤاڵان و کادیران شەرح و شرۆڤەی شافی و دافی کرد.

شەڕی ناوخۆ وەک چۆن کوردستانی لە زۆر بواردا پەک خست، ئاوەهاش گەشەکردنی سروشتی پرسی تێکەڵی ڕێکخستن و یەکڕیزی تووشی ڕاوەستان و هەناسە بڕکێ کرد. مام جەلال لە هەست کردن بەم بۆشاییەوە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دووەمی پڕ کرد لە پرسیاری جەوهەری لەسەر دیاردە تازەکانی وەک کۆمەڵی مەدەنی، عەولەمە، مافی تاک و پرسەکانی تری ئازادی و گەشەی کۆمەڵایەتی بڕوانە:(راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١/٣٠ - ٢٠٠١/٢/٥، لە کتێبی ڕاپۆرتەکان، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی دیراساتی گشتی، چاپی یەکەم ٢٠٢٥ سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد). ئینجا لە کۆنفراسنی روناکبیری لە ڕۆژی (٢٠٠١/٢/١٦) لە قەڵاچوالان کە دروستبوونی ئۆرگانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری لێ کەوتەوە، زنجیرەیەک ئەرکی فیکری و هۆشیاری بۆ یەکێتی دیاری کرد. ڕاستییەکەی لەو قۆناغەوە ئەدەبیاتی سیاسی و فیکری یەکێتی جۆرێک لە دەوڵەمەندی کتێبخانەی حزبی بەخۆوە بینی، هەرچی لە ماوەی دەیەی دووهەزارەکان بۆ بەرواری شەڕی داعش لە ٢٠١٤ کە تا ئێستاش بەردەوامە، لە کتێب و نامیلکە و گۆڤاری جۆراوجۆر کە چاپ کراون، بەرهەمی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فیکرییەیە کە مام جەلال لە کۆنگرەی دووەم و لە کۆنفرانسی فیکری دوای کۆنگرەی دووەم بە تێگەیشتنی تیژ و وردی خۆی هەستی پێکرد و ئیشی لەسەر کرد و دیاریشە هەموو یەکێتی بۆ هاندا و خستەگەڕ، ئەوەی لە ماوەی سێ دەیە لە

دەوڵەمەندی فیکری و سیاسی دەکرێ و خودی مام جەلال ئەنگێزەی سەرەکی بەرپاکردنی بوو، وایکرد یەکیتی لە ڕووی فیکر و ڕوانگەوە تەڕوتوشی و ئاوەدان بێت، ئەمما لە ڕووی ڕێکخستنەوە هێشتا تەواو تۆکمە و پتەوی وا نەبووین کە بە کامی دڵ بڵێین (یەکێتی ناو یەکێتی) پایەدارە و لە ئاواتی ڕەواوە بۆتە ڕێکخستنێکی پتەو و مەحکەم و فراوان.

هێشتا گرفتەکانی ڕێکخراوەیی دڵنیایی نەداوینەتێ و ڕوومان لە سەرکەوتنە کە مرۆڤ فێر دەبێ و حزب هەوڵ دەدا و چاکی دەکات. دوو دیداری فراوانی یەکیتی یەکەمیان لە ماوەی (٢٨ بۆ ٣١ ئایاری ٢٠٢٢) و دووەمیان لە ماوەی (٢٣ی نیسانی ٢٠٢٥) و ئینجا بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو قۆناغە لە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکان و هەوڵەکانی نوێکردنەوەی ڕێکخراوەیی هیممەت و چالاکی یەکێتیانەیە بۆ هێنانە کایەی هەیکەلی ڕێکخراوەییەکی پتەو کە دەرەقەتی ئەرکەکانی داهاتووی یەکیتی و کوردایەتی و دیموکراتی بێت ... هەموو ئەو هەڤالانەی تێکەڵی ئەم هەڵمەت و هیممەتە بوون هەڤالانێکی ئازا و بەجەرگن و گرەومان پێ دەڵێن لەسەر ئایندە. ئەم زنجیرە نووسینەی کە پێشتر لەژێر ئەم ناوەدا بڵاوکراوەتەوە(کوردایەتی واتا حزبایەتی)، کە دەیەوێ ببێتە کتێبێک، لە پەنا ئەم هیممەتەدا دەخوازێت بەشدارییەکی روناکبیرانە و حزبیانە بکات. بێگومان ئیدیعا ناکات قسەی کۆتایی دەکات و ئیدیعای نییە کە هەمووی باش پێکاوە، بەڵام هەر کە بتوانێ ئەندێشە بجوڵێنێ و بە بەڵێ و بە نەخێر بێتە سەر هێل کەواتە ئەجری حزبیانەی هەیە و نرخی هەڵە و

مەزەندە و سەرچیغ چونکەش دەگرێتە ئەستۆ.

مەسەلەکە وەک ڕۆمانە هاوچەرخەکان وایە: کۆتاییەکەی کراوەیە.(17)

١٧- ئـەم وتـارە وەکـو قفڵـی زنجیـرە نووسـینەکە لـە ڕۆژی (١٥-٦-٢٠٢٦) لـە سـایتی pukmedia بـڵاو بۆتـەوە.